دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل رسول

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ ضخت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

بریاری میژوویماندا بۆ گیڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاکو ئاوەکەمانو بە توانا لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەودەستێن بەربەستی ئەم بریارە میژوویە ڕەوابەبکات .
سەرۆکی فەرماندە
صدام حسین

پێنج شەممە ٢٩ی کانونی دووەم ١٩٨١ ژمارە ٥٧٢
الخميس ٢٩ كانون الثاني ١٩٨١ العدد ٥٧٢

سەرۆکی فەرماندە صدام حسین چاوی بە ژمارەیەکی تری سەرۆکانی دەوڵەتە موسوڵمانەکان دەکەوێت

سەرۆکی بەڕێز لە بارودۆخی سەرسنووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب و داخوازی‌یە ڕەواکانی عیراق دەدوێت

بەڕێز سەرۆك موهیب ڕۆکن صدام حسین سەرکردەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان لە کاتژمێری نووێوی سەر لە بەیانی‌ی سێ شەممە لە بنکەی خۆی‌دا لە شاری طایف چاوی بە بەڕێز علی ناصر محمد کەوت سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتی‌ی ئەنجوومەنی بالای گەل سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆماری یەمەنی دیموکرات لەگەڵ ئەو وەفدەی لەگەڵیدابە

بەڕێز سەرۆك صدام حسین بەڕێز علی ناصر محمدی سەبارەت بە باری سوپایی لە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبو داخوازی ڕەواکانی عیراق ئاگادار کرد بۆ گێڕانەوەی مافەکانی خۆی لە ئاوو خاکی خۆیدا .

هەروەها باسی گرنگ‌ترین ئەو باسانە کرا لە کاروبارەکانی سێیەمین کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی‌دا داتوون سەرەڕای ئاسۆی پتەوکردنی هاریکاری عەرەبی بە چەشنێك خزمەتی بەرژەوەندی‌ی نەتەوەی عەرەب بکات لە بنیاتنانی ئێستای و پاشە ڕۆژیدا .

هەروەها بەڕێز سەرۆك صدام حسین لە بنکەی دانیشتنی خۆیدا لە طایف چاوی بە خاوەند شکۆ میر فهد کوڕی عبدالعزیز وەلی عەهدی سعودیەو جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی سعودیە کەوت .

لەم چاوپێکەوتنەدا باسی گرنگترین کاروباری پەیوەندار بە سێیەمین کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی‌و تەقەلاو کۆشش کرا بۆ یەکخستنی قسەی موسوڵمانەکان لە پێناوی پاراستنی کەلەپووری نەتەوەی ئیسلام‌و بووژانەوەی سەربەرزی‌ی ئەمری .

هەروەها باسی پەیوەندی‌یە دوو قۆڵی‌یەکانی نێوان هەردوو وولاتی براو ئاسۆی بەرەپێدانیان کرا بە چەشنێك خزمەتی بەرژەوەندی‌ی نەتەوەی عەرەبو مەسەلە چارەنووسی‌یەکانی بکات .

هەروەها بەڕێز سەرۆك صدام حسین چاوی بە بەڕێز عمر بۆنگۆی سەرەك کۆماری گابۆن کەوتو لەم چاوپێکەوتنەدا باسی ئاو مەسەلانە کرا کە هەردوو لا بایەخیان پێ دەدەن و مەسەلەکانی پەیوەندار بە سێیەمین کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی‌یەوە سەرەڕای مەسەلەکانی پەیوەندار بە ئاسۆی هاریکاری‌ی نێوان عەرەبو ئەفریقیا .

هەروەها بەڕێز سەرۆك صدام حسین چاوی بە بەڕێز موسی تراوری سەرەك کۆماری مالی‌و ئەو وەفدەی لەگەڵیدابە کەوت .

سەرۆك موسی تراوری پێخۆشحاڵی‌ی خۆی سەبارەت ئەم چاو پێکەوتنە دەربڕی‌و دووپاتی پەیوەندی‌ی خەبات‌و دۆستایەتی‌ی پتەوی نێوان عیراق‌و مالی‌ی کردەوە .

هەروەها باسی کاروباری پەیوەندار بە سێیەمین کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی‌و هاریکاری‌ی نێوان عەرەبو ئەفریقیاو پەیوەندی‌ی دوو قۆڵی‌ی نێوان هەردوو وڵات کرا .

هەروەها بەڕێز سەرۆك صدام حسین چاوی بە بەڕێز احمد عبدالله کوڕی عبدالرحمن سەرۆك کۆماری دوورگەکانی القمرو ئەو وەفدەی لەگەڵیدابە کەوت .

هەروەها بەڕێز سەرۆك صدام حسین چاوی بە بەڕێز بولند ئولصوی سەرەك وەزیرانی تورکیا کەوت لەگەڵ ئەو وەفدەی لەگەڵیدابە .

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە موهیب روکن صدام حسین سەرکردەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان لە وەفان خواردنی نیوەڕۆدا ئامادە بوو کە خاوەند شکۆ مەلیك حسین کوڕی طلال پادشای ئەردەن بۆ بەڕێزی ڕێك خستبوو .

ئەم نان خواردنی نیوەڕۆیە لە بنکەی دانیشتنی خاوەند شکۆ مەلیك حسیندا بوو لە طایف‌و بەڕێزان ئەندامانی وەفدەکەی گەڵ مەلیك حسین ئامادەی ببوون .

کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی بڕیار لەسەر پێشنیارەکەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین دەدات

کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی لە دانیشتنی نهێنی‌ی خۆیدا کە لە ئێوارەی سێ شەممەدا سازی دا بوو بڕیاری لە سەر پێشنیاری بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین دا سەبارەت بە ڕاگەیاندنی جیهادی پیرۆز بۆ ڕزگارکردنی شاری قودسی عەرەبی‌و خاکە داگیرکراوەکانی عەرەب .

کۆنگرەکە بەم بۆنەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکردووە تیایدا هاتووە کە سێیەمین کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی کە لە ژێر دروشمی « دەورەی فەلەستین‌و قودس »داگیراوە کە لەوە کۆڵاوەتەوە کە مەسەلەی داگیرکردنی قودس‌و ڕاگەیاندنی وەك پایتەختێکی هەمیشەیی بۆ تەوارەی زایۆنی پێ گەیشتووەو ئەو دەستدرێژی‌یانەی کراونەتە سەر شتە پیرۆزەکانی موسوڵمانەکان‌و کەلەپووری ئایینی‌و شارستانییان .. بۆیە پادشاو سەرۆك‌و میرەکانی دەوڵەتە موسوڵمانەکان کە لەم کۆنگرەدا کۆ بوونەتەوە بە کۆمەڵ بڕیاریان دا جیهادی پیرۆز ڕابگەیەنن وەك ئەرکێکی پێویستی هەر موسوڵمانێك کە پاسای ئیسلام‌و ڕەوشتە بەرزەکانی بەسەر موسوڵماناندا سەپاندوونی .

ئەوە بوو وەفدی عیراق لە چوارچێوەی کۆبوونەوەکانی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی ئیسلامی پێشنیاری ڕاگەیاندنی جیهادی پیرۆزی کردبوو بە بەڵگە نامەیەکی ئەوتۆ کە هەموو موسوڵمانانی وولاتانی ئیسلامی‌و دەرەوەیشی جێبەجێی بکەن‌و لە لایەن کۆنگرەکەوە بە شێوەیەکی دوورو درێژ دەربچێت سەرەڕای بەیاننامەی کۆتایی‌و بەیاننامەی مەکە .

جیهان لە هەفتەیەکدا

● پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردوو لە شاری مەکەی پیرۆز کۆبوونەوەکانی سێیەمین کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی بە بەشداربوونی ـ٣٨ـ دەوڵەتی ئیسلامی کرایەوە .

هەروەها ڕۆژی دووشەممە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆنگرەکە لە هۆڵی کۆنگرەکان لە شاری طایف دەست پێ کرا ، بۆ لێکۆڵینەوەی لیستەی ئەو کارو بارانەی کە کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتەکانی ئیسلامی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردوو بڕیاریان لەسەر دا .

● شەوی شەممەی ڕابوردوو لە لاگۆسی پایتەختی نایجیریا ڕاگەیەنرا کە بنکەی دەوڵەتی نایجیریا لە لاگوسەوە دەگوێزرێتەوە پایتەختێکی نوێ لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٢ ، پایتەختە نوێیەکەیش ناوی ـئەبوجاـیە .

● بە هۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە لە بەشی سەرووی هندستان ئەوڕێگەکانی نێوان شاری سرینگارو سیملای پایتەختی کەشمیرو هیماگال برادیشن داپۆشران‌و بوو بە هۆی ئەوەی نە فڕۆکەو نە ئۆتۆمبیل بە ناوچەکەدا هات‌و چۆ بکەن .

● ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو ئاژانسی دەنگ‌و باسی ئەندەنۆسیا ڕایگەیاند کە چواردە گوند لە ئەندەنۆسیادا ، بە هۆی ئەو بوومەلەرزەوە کە سێ شەممەی ڕابوردوو تر لە ناوچەی ئیریان جایا ڕوویدا ، بەتەواوەتی وێران بوون‌و لەگەڵ خاکدا ساف بوون .

● ئاژانسی دەنگ‌وباسەکان ووتوویانە کە هێزەکانی حکومەتی سلفادۆر بە بارمەتی‌ی فڕۆکەو تۆپخانە ئەمە چەند ڕۆژە بۆردمانی هێزە چەپڕەوە بەرهەڵستەکانی دەوڵەت دەکەن کە خۆیان لە دەوروبەری پێنج شاری باکووری سلفادۆردا قایم کردووە .

● حکومەتی زایۆنی‌ی دوژمن پلانێکی نوێی نیشتەجێ کردنی داناوە بە مەبەستی زۆر کردنی ژمارەی دانیشتووە زایۆنی‌یەکان لە کەناری ڕۆژئاوای خاکی دەست پێ بکات کە بە زۆرەملێ داگیر کراوەدا پێش ئەوەی هەڵبژاردنی زایۆنی‌یە لە تەمووزی ئایندەدا بەڕێوە بچێت .

● **پێری قیبەتنام‌و چین چواردە دەستگیرکراوی چینی‌و سێ سەربازی قیبەتنامییان گۆڕییەوە ، ئەم دەستگیرکراوانە لە کاتی ئەو هێرشانەدا گیراون کە ئەم لایەن کردوونیە سەرخاکی ئەوی تر .**

ڕۆژنامەی میللەت‌ی تورکیا :

بەشداری کردنی سەرۆك صدام حسین لە کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی‌دا ڕووداوێکی گرنگە

ڕۆژنامەی ـ میللەت ـ تورکی دووپاتی کردەوە کە بەشداری کردنی سەرۆکی بەڕێز صدام حسین لە سێیەمین کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی ڕووداوێکی ئاسایی نی‌یە ڕۆژنامەکە ووتوویەتی ئەو پایە بەرزی‌یەی کە سەرۆکی بەڕێز صدام حسین لە نێوان سەرکردەکانی دەوڵەتانی جیهاندا هەیەتی ئەم بایەخە دەرکەوتووەی بەم بەشداری کردنەی داوە .

هەروەها لە ووتارێکدا کە لەگەڵ وێنەی سەرۆکی بەڕێزدا لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە ووتوویەتی ئەو هەڵویستە ئازایانەو پتەوو پڕ لێپرسراوێتی‌یەی کە بەڕێز سەرۆك صدام حسین ڕایگەیاندووە بۆ ئامادەیی عیراق سەبارەت ڕاوەستاندنی جەنگ لەگەڵ ئێراندا بە مەرجێك دان بە مافە ڕەواکانی‌دا بنێت لە خاك‌و ئاوی خۆیدا ئەم چەشنە بایەخە بە بەشداری کردنی سەرۆکی بەڕێز دەبەخشێت لە کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی‌دا کە لە یەکێك لە بەندەکانی‌دا لە ناکۆکی‌ی نێوان عیراق‌و ئێران دەکۆڵێتەوە .

دەوڵەتی میر نشینەکان قسەی فارسەکان بە درۆ دەخاتەوە

ڕۆژی دوو شەممەی ڕابوردوو سەرچاوەیەکی لێپرسراو لە پایتەختی میرنشینە عەرەبەکان‌دا ئەو قسەیەی بە درۆ خستەوە کە یەك شەممەی ڕابوردوو ڕادیۆی تاران بڵاوی کردبووەوە کە گوایە سەرەك وەزیرانی ڕژێمی فارس محمد علی ڕەجائی لەگەڵ یەکێك لە لێپرسراوەکانی دەوڵەتی میر نشینە یەکگرتووەکانی عەرەبدا کۆ بووەتەوە کاتێك سەری لە هەرسێ دوورگەکانی عەرەب داوە لە نۆکەندی عەرەبدا کە ئێران داگیری کردوون .

سەرچاوەکە ووتوویەتی ئەم هەواڵە لە درۆو دەلەسە بەو لاوە هیچی تر نی‌یە .

ئێران

سەرۆکی ڕژێمی فارس ڕەخنە لە شێوازی کۆتایی پێ هێنانی شانۆگەری‌ی بە بارمتە گیراوەکان دەگرێت

بەسەرپێری سەرۆکی ڕژێمی فارس ـ ابو الحسن بەنی صەدر ـ سەرلە نوێ ڕەخنەی لەو شێوازە گرت کە بە هۆیەوە حکوومەتی‌ ـ محمد علی ڕەجائی‌ـی سەرەك وەزیران شانۆگەری‌ی بە بارمتە گیراوەکانی کۆتایی پێ‌هێنا .

بەنی صەدر لە گفتوگۆیەك بۆ ڕۆژنامەی ـ میزان ـ کە لە مەهدی بازرگانی سەرەك وەزیرانی پێشووەوە نزیکە ، ووتی یەکێك لە گرنگترین ئەنجامەکانی کۆتایی پێ‌هێنانی مەسەلەی بە بارمتە گیراوەکان بەڕێزەی حکوومەتەوە ئەوەیە خۆ ئامادە بکرێت هەندێك لە تاقمەکانی دەستەڵات لابرێن‌و تاقمی تریان لە جیاتی بهێنرێنە سەر کار .

هەروەها لە دووەمین گفتوگۆدا سەبارەت بەم مەسەلە لە ماوەی دوو ڕۆژدا ووتی ئەگەر بێت‌و ئەمە گرنگترین ئەنجامی کۆتایی پێ‌هێنانی مەسەلەکە بێت ئەوا ئێمە نرخی ئەوەمان بەگران لەسەر نیشت .

بەنی صەدر سەبارەت چارەنووسی ئەو مەرجانە پرسیاری کردووە کە لەمەوپێش دانرابوو کە پەیوەندی‌ی بە عوزر بۆ هێنانەوەی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەیە .. ووتوویەتی ئەو مەرجە پشت گوێ خراو هەرگیز بەدی نەهات .

شایانی باسیشە سەرۆکی ڕژێمی فارس بە هۆی ڕۆژنامەکەیەوە هێرشی بردووەتە سەر مەرجە تایبەتی‌یەکانی کۆتایی پێ‌هێنانی مەسەلەی بە بارمتە گیراوەکانی ئەمریکا .

چەکدارە کوردەکان هێرش دەبەنە سەر هێزەکانی فارس

ڕۆژنامەی کۆماری ئیسلامی کە لە تاران دەردەچێت ڕۆژی دوو شەممەی ڕابوردوو ووتوویەتی چەکدارە کوردەکان لەم دواییانەدا هێرشیان بردووەتە سەر هێزەکانی فارس لە شاری مەهاباد لە ناوچەی ئازربایجانی ڕۆژئاوا .

ووتووشیەتی ئەم هێرشە بووەتە هۆی کوشتنی دوازدە سەربازو برینداربوونی سێ سەربازی تر .

ڕۆژنامەکە پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە چەکدارە کوردەکان لەم دواییەدا چەند هێرشێکی لەو چەشنەیان بردووەتە سەر دەوروبەری شاری مەهاباد بەڵام پەنجەی بۆ ئەو زیانانە ڕانەکێشاوە کە لە ئەنجامی هێرشەکاندا وەدی هاتوون .

بەنی صەدر : دەیانەوێت بمکوژن

سەرۆکی ڕژێمی فارس ابوالحسن بەنی صەدر پەردەی لە سەر ئەوە لاداوە کە لەم دوایی‌یەدا دوو هەوڵدان بۆ کوشتنی ئەو دۆزراوەتەوە .

بەنی صەدر لە ووتارێکدا کە لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا (شۆڕشی ئیسلامی)بەسرپێری بڵاوی کردووەتەوە ووتوویەتی دوو بەڵگەنامەی دەستکەوتووە پەیوەندی‌یان بەوەو دووهەوڵدانەوە هەیە کە لە چوارچێوەی زۆرانبازی‌و دەست‌هێنانی دەستەڵاتە لە نێوان تاوەندی هێزەکاندالە ڕژێمی فارس‌دا .

هەروەها ووتوویەتی لەچواردەی ئەم مانگەدا ڕاپۆرتێکی لە موخابەراتی سوپاوە پێ گەیشتووە تێیدا هاتووە پیلانگێڕەکان دەیانەوێت لە ڕێگای نێوان ئەندیمەشك‌و ئەهوازدا تەقەلە ئۆتۆمبیلەکەی بکەن .

هەروەها بەنی صەدر ووتوویەتی بەڵگەنامەی دووەم پەنجە بۆ تێکشکاندنی ئۆتۆمبیلەکەی ڕادەکێشێت ئاویش لە ڕووداوێکی ساختەدا ئەنجا ڕاگەیاندنی پرسەی نیشتمانی پاش ڕووداوەکە بۆ ئەوەی پیلانەکە داپۆشرێت .

Institut kurde de Paris

سێ ئەندامی تر بۆ ئەندامێتیی ئەنجوومەنی نیشتمانیو ئەنجوومەنی یاسادانان هەڵدەبژێررێن

هەڵبژاردنەکانی هەردوو دەستەی باڵای سەرپەرشتیی ئەنجوومەنی نیشتمانیی وولاتو یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بڕیاریدا هەڵبژاردنی تەکمیلی بەڕێوەببرێت بۆ دیاریکردنی دوو ئەندامی نوێ لە دوو ناوچەی هەڵبژاردندا لە پارێزگای ذی قارو نەینەواو یەك ئەندامی تر بۆ ئەنجوومەنی یاسادانان لە یەکێك لە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانیدا .

ئەم هەڵبژاردنانەیش بۆ پڕکردنەوەی ئەو سێ جێگەیەیە کە بە هۆی کۆچ کردنی هەر سێ ئەندامەکەوە چۆڵ بوون ئەویش بە گوێرەی هەردوو یاسای هەردوو ئەنجوومەنەکە .

دەستەی باڵای سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکان دوو بەیاننامەی لەم بارەیەوە دەرکردووە کە ئەمە دەقی هەردووکیانە :

بە گوێرەی ئەوەی لە کتابی ئەنجومەنی نیشتمانیدا هاتووە کە هەردوو ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی خوالێخۆشبوو طالب موسی کیطان ئەندامی سێیەمین ناوچەی هەڵبژاردن لە پارێزگای ذی‌قارو خوالێخۆشبوو مراد برکات ناصر ئەندامی پێنجەمین ناوچەی هەڵبژاردن لە پارێزگای نەینەوا کۆچی دوایی‌یان کردووەو بە گوێرەی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارە (٥٥) ساڵی ١٩٨٠ ئەوا دەستە باڵای سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

بەکەم - هەڵبژاردن لە سێیەمین ناوچەی هەڵبژاردن لە پارێزگای ذی‌قار کە بریتییە لە قەزای ڕەفاعیو ناحیەکانی سەربە ئەو بە سنووری بەڕێوەبردنیانو مەلبەندی قەزای شطرەو هەردوو ناحیەی هەڵبژاردن لە پارێزگای نەینەوا کە بریتییە لە هەردوو قەزای شەنگارو تەلەعفەرو ناحیەکانیان بە سنووری بەڕێوەبردنیەوە لە ڕۆژی هەینیی ڕێککەوتی ١٣-٣-٨١ دابەڕێوە دەبرێت بۆ هەڵبژاردنی یەك ئەندامی تر لە جیاتیی ئەندامی کۆچکردوو لە هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردندا .. بۆ ئەوانەی ئارەزوو دەکەن خۆیان بۆ ئەندامێتیی ئەو شوێنە چۆڵە بپاڵێون داوا کاریی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکی وەحدەی بەڕێوەبردن بکات لە ناوچەکەدا کە خۆیی بۆ دەباڵێوێت ، ئەو بەڵگەنامە پێویستانەی لەگەڵدا بێت کە لە مادەی ١٥ی یاساکەدا هاتووە لە ماوەیەکدا ئەو بەری کۆتایی دەوامی ڕەسمیی ڕۆژی سێشەممەی ڕێککەوتی ١٠-٢-٨١ بێت .

دووەم - دەستەی سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە سێیەمین ناوچەی هەڵبژاردندا لە پارێزگای ذی‌قار لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێك دێت .

١ - محسن ریسان قازیی یەکەم لە دادگای سەرەتایی رفاعی - نوێنەری وەزارەتی دادوەری سەرۆکی دەستە .

٢ - حامد شناوه حسن قایمقامی قەزای شطرە - نوێنەری وەزارەتی حوکمی ناوخۆیی ئەندام .

٣ - سهیل محمد صالح - نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست - ئەندام .

٤ - محسن مهدی صالح - نوێنەری بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز - ئەندام .

بنکەی دەستەکەیش لە بینایەی قایمقامیەتی قەزای شطرە دەبێت .

سێیەم - دەستەی سەرپەرشتیی کەری هەڵبژاردنەکان لە پێنجەمین ناوچەی هەڵبژاردن لە پارێزگای نەینەوا لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێك دێت .

١ - هاشم احمد جبوری قازیی یەکەمی تاوانەکان لە موسڵ نوێنەری وەزارەتی دادوەری سەرۆکی دەستە .

٢ - سعید سلیمان سعید قایمقامی قەزای تەلەعفەر نوێنەری وەزارەتی حوکمی ناوخۆیی ئەندام .

٣ - فارس عزیز فندی نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست - ئەندام .

٤ - طلال احمد عبدالله نوێنەری بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز ئەندام .

بنکەی دەستەبش لە بینایەی قایمقامیەتی قەزای تەلەعفەر دەبێت .

چوارەم - هەمان ئەو ڕێنوێنیو بەیاننامەو کیتابانەی لەم دەستەیەوە لە کاتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیدا دەردەچن بە سەر ئەم هەڵبژاردنانەدا جێبەجێ دەکرێت .

عزة ابراهیم
جێگری سەرەك ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش سەرۆکی دەستەی باڵای سەرپەرشتیی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی

بە گوێرەی ئەوەی لە کتابی سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستاندا سەبارەت بە کۆچ کردنی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان خوالێخۆشبوو عمر محی‌الدین شریف هاتووەو چۆڵ بوونی شوێنی ئەندامێتیی لە دووەمین ناوچەی هەڵبژاردن لە پارێزگای سلێمانیو بە گوێرەی ناردرۆکی مادەی ١٢ی یاسای ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان ژمارە ٥٦ی ساڵی ١٩٨٠ . ئەوا دەستەی باڵای سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی یاسادانان بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا .

بەکەم - هەڵبژاردن لە دووەمین ناوچەی هەڵبژاردن لە پارێزگای سلێمانی کە بریتییە لە گەڕەکی البکر هندرێن - گەڕەکی البکر - گەڕەکی شەکرر خانووەکانی کارکەری جگەرە - ئابلاخ - قلیاسانی ژووروو - گەڕەکی گردی شێخ محی‌الدین - گەڕەکی جرار باغ - گەڕەکی شۆڕش - شۆڕش بەرانان - ئاشتیو - گەڕەکی کارێزە ووشك کە لە ناوی سلێمانیو ناحیەی سەرچنار بە سنووری بەڕێوەبردنیەوەو قەزای دوکانو ناحیەکانی بە سنووری بەڕێوەبردنیانەوە کە لە چوار چێوەی پارێزگای سلێمانیدان لە ڕۆژی هەینیی ڕێککەوتی ١٣-٣-١٩٨١دا بەڕێوە دەچێت بۆ هەڵبژاردنی ئەندامێکی تر لە جیاتیی ئەو ئەنجا ئەوانەی ئارەزوو دەکەن خۆیان بۆ ئەم ئەندامێتیە بپاڵێون داخوازیی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکی وەحدەی بەڕێوەبردن بکەن لەو شوێنەی کە پاڵێوراوی تێدایە بەڵگەنامە پێویستەکانی لەگەڵدا بێت کە لە مادە ١٦ی یاساکەدا هاتووە لە ماوەیەکی ئەو بەری کۆتایی دەوامی ڕەسمی ڕۆژی سێشەممەی ڕێککەوتی ١٠-٢-٨١ بێت .

دووەم - لیژنەی سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە ناوچەی ناوبراودا لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێك دێت .

١ - عزیز عبدالله احمد قازیی دادگای سەرەتایی سلێمانی نوێنەری وەزارەتی دادوەری - سەرۆکی لیژنە .

٢ - ممتاز بلال عثمان وەکیلی قایمقامی قەزای دوکان نوێنەری وەزارەتی حوکمی ناوخۆیی - ئەندام .

٣ - احمد زین شوك نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست - ئەندام .

٤ - محمد زیاد مجید نوێنەری بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز - ئەندام .

سێیەم - هەمان ئەو ڕێنوێنیو بەیاننامەو کیتابانەی لە ئەم دەستەوە لە کاتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی یاساداناندا دەردەچن بە سەر ئەم هەڵبژاردنانەدا جێبەجێ دەکرێت .

عزة ابراهیم
جێگری سەرەك ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش سەرۆکی دەستەی باڵای سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان

دەورەیەك دەربارەی ئارشیفی ڕۆژنامە نووسی لە دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردیدا

دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی لەم دوایەدا بە یارمەتیدانی ئەمانەتی گشتی پاراستنی بەڵگەنامە دەورەیەکی بۆ ماوەی شەش ڕۆژ بۆ کادیرانی ئەرشیف کردەوە ، لەم دەورەیەدا بەڕێز سالم الالوسی ئەمینداری گشتیی مەڵبەندو بەڕێزان ظاهر محمدو مبارك سعدی چەندان باسیان دەربارەی ئەرشیفو گرنگیتی ئەرشیف لە ژیانی ڕۆشنبیریو ڕۆژنامە نووسیدا پێشکەش کرد

مامۆستا ئالوسی باسێکی دەربارەی ئیدادری ئەرشیف پێشکەش کردو بەڕێز مامۆستا اسماعیل ڕەسول بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاو کردنەوەی کوردیو کاربەدەستانی بەشی ڕۆشنبیریو ژمارەیەك لە کادیرانی دەزگاکە ئامادە بوون .

ئالوسی لەباسەکەیدا باسی وشەی ئەرشیفو چۆنیەتیی داهاتنی کرد هەروەها دەوری ئەرشیف بە نیسبەت هەمو وەزارەتێكو دەزگایەك ئنجا گرنگیتی ئەو ئەرشیفە کە بریتییە لە ئامێتە کردنی بەڵگە نامەکانی هەموویان بە نیسبەت دەوڵەتەوە بە تایبەتیش بۆ نوسینی مێژووی ئەو دەوڵەتە .

هەروەها دەستیشی بۆ ئەوە کێشا کە زانستی ئەرشیف خۆی لە خۆیدا زانستێکی تازەیەو دەوڵەتە ئەورووپاییەکان گەلێك پێشتر لە ئێمە بایەخیان پێداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عیراق دەربارەی ئەم زانستە لە پێش دەوڵەتە عەرەبەکانەوەیە .. لەبەر گرنگی ئەرشیف لە ساڵی ١٩٦٣ بڕیاری دامەزراندنی مەڵبەندی نیشتمانی پاراستنی بەڵگەنامەکان دەرکراو لە دوایدا لە ساڵی ١٩٦٩ دا یاسای ژمارە -٥٥- ی بۆ دەرچوو کە بەپێی ئەو یاسایە مەڵبەندەکە بەسترا بە وەزارەتی ڕاگەیاندنو جێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی پەیدا کردو ئێستا دەزگاکانی دەوڵەت ناتوانێت بەڵگەنامەکان لە ناوبەرێت بەبێ ئەوەی پرسی بە ئێمە بکات بەم جۆرە ئەو بەڵگەنامانە لە وون بوونو دران ڕزگاریان بوو هەر بۆ ئەمەشە دەبینین بەشی هەرە زۆری بەڵگەنامە کۆنەکانی عوسمانیو زەمانی داگیر کردنی ئینگلیزەکان دڕاونو گەلێکیان بزر بووە ..

لە کۆتای باسەکەیدا وەڵامی پرسیارەکانی ئامادە بووانی دایەوە ..

تەواوکردنی هەشتاو دوو پرۆژەی هەمە جۆر لە ناوچەی کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٩٨٠ دا

ڕاپۆرت

ئەمینداریتی گشتیی بەڕێوەبردنی کارو خانەسازیی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە ماوەی ساڵی پاردا هەشتاو دوو پرۆژەی هەمە جۆری لە چەندین لای جۆراو جۆری ناوچەکەدا بەچوار ملیۆنو ٥٥٠ هەزار دینار تەواو کردووە .

ئەم پرۆژانە بریتین لە نۆ بینایە بۆ دەزگاکانی دەوڵەتو ١٤ پرۆژەی تەندروستیو ١٢ پەروەردەییو ٤٧ پرۆژەی نیشتە لە هەر سێ پارێزگای ناوچەکەدا .

ئەمەو بەڕێز کمال رشید نناح ئەمینداری گشتیی بەڕێوەبردنی کاروخانەسازی وونی دەزگاکانی ئەمینداریتییەکە ئێستا خەریکی ئامادەکردنی پێداویستییەکانی جێبەجێ کردنی ٤٨ پرۆژەی ترن لە چەند ناوچەیەکی جۆراو جۆری ناوچەکەدا بە ٢٧ملیۆنو ٥٩٤ هەزار دینارو بە شێوازی جێبەجێ کردنی ڕاستەوخۆ .

ئەم پرۆژانەیش بریتین لە شەش بینایە بۆ دامو دەزگا تەندروستییەکانو چوار پرۆژەی پەروەردەییو سێ کۆمەڵایەتیو سێ وەرزشیو سێ بینایە بۆ دامو دەزگاکانی دەوڵەتو ٧ خانووی نیشتەجێ بۆ قازییەکانو پان کردنەوەو چاك کردنو بەهێز کردنی ڕێگاو بانو پردو کۆپرییەکان .

هەروەها ئەمینداریتییەکە بە هۆی قۆنتەراتچییەکانی ناوخۆوە ١٢٨ پرۆژەی تر جێبەجێ دەکات کە ٢٣ ملیۆنو ٣٥٢ هەزار دیناریان تێ دەچێتو بریتین لە ١٧دەزگای پەروەردەییو ٢١ دەزگای تەندروستیو ٧ دەزگای کۆمەڵایەتیو نۆ پرۆژەی وەرزشیو لاوانو سێ بینا بۆ ڕێکخراوە جەماوەرییەکانو ئەمبارێك بۆ بەڕێوە بەرێتی پەروەردەو ٢٢ بینایە بۆ دەزگاکانی دەوڵەتو ٣٨ خانووی نیشتە جێیی .

بەڕێز ئەمینداری گشتی دووپاتی کردەوە کە قەوارەی ئەو پرۆژانەی کە دراونەتە ئەمینداریتیی گشتیی کاروخانە سازی جێبەجێیان بکات ساڵ درای ساڵ پەرە دەستێنن بە گوێرەی زیاد بوونی توانای دەزگاکانی لە ناوچەکەداو بە هۆی ئەو پشتگیرییە جیاکارو دیارەوە کە لە هەمو دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکرێت لە لایەن سەرکردایەتیی حزبو شۆڕشەوە لەسەر ڕێگای وەدی هێنانی تەواوەتی لە نێوان جۆرەها ئەرکی ئەو دەزگایانەو ڕێدانیان بۆ ئەوەی بتوانن کارو باری ناوچەکە بەڕێوە ببەنو نەخشەو پرۆگرامەکانی پەرەپێدانی سەرتاپاگیریی تێدا جێبەجێ بکەن .

ئا . د . ع

دابەش کردنی ٦٠ شوقەی نیشتەجێ لە پارێزگای هەولێر بەسەر لەم دەرامەتەکاندا

لە پارێزگای هەولێر لەم هەفتەیەدا شەست شوقەی نیشتەجێ بەسەر ئەوانەی کەم دەرامەتن دابەش کران ئەو شوقانەیش نیو ملیۆن دیناریان تێچووەو دەزگای گشتیی نیشتەجێ کردن دروستی کردوون .

ئێستایش کار بۆ دروست کردنی ٢٥ ئەپارتمانی نشتەجێیی بەردەوامە لە گەڕەکی ئیسکان لە هەولێر بریتین لە سێ سەد شوقە وا چاوەڕوان دەکرێت لە چەند قۆناغێکدا لە ماوەی ئەم ساڵدا تەواو بکرێنو نزیکەی یەك ملیۆنو نیو دیناریان تێ بچێت .

ئەوە بوو پار پتر لە چوار هەزار پارچە زەوی بەسەر هاووڵاتیو کرێکارانی پارێزگاکەدا دابەش کرا . لە کاتێکدا کە خەریکە زەویی تر جودا دەکرێتەوە .. بۆ ئەوەی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش بکرێن .

پرۆژەکانی کاروباری ناوخۆیی

ئەمینداریەتی گشتیی کاروباری ناوخۆی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا چەندەها پرۆژەی خزمەتگوزاریو ئاوەدان - کردنەوەی بەجێ گەیاندووە کە سەرجەمی ئەم پرۆژانە «١٥و٢٦١» دیناریان تێچوە .. وە لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن ئەمەی ڕاگەیاندو ووتی ، پرۆژەکان بریتین لە دروستکردنی چەندەها کارگەو گەراجو دەزگای میریو خانووی فەرمانبەرانو پرۆژەی تر لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا .

پ . هاوکاری لە هەولێر

کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئاینی لە هەولێر

پیاوە ئاینییەکانی شاری هەولێر سەر لە نوێ بە وەفایی خۆیان بەرانبەر بە سەرکردایەتی شۆڕش دووپات کردەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونی پیلانەکانی ڕژێمی ڕەگەز پەرستی ئێران ئەوەش لەو ئاهەنگە فراوانەدا کە پیاوە ئاینییەکان لە شارەکەدا بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەری مەزن لە مزگەوتی ئەبوبکر سازیان کرد .. لە سەرەتای دەست پێکردنی کۆبوونەوەکە بەڕێز ئەمینداری گشتی ئەوقاف ووتەیەکی خوێندەوەو تیایدا هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی پێغەمبەری مەزنمانی ڕوون کردەوە لە گۆڕینی ژیاندا نینجا بەڕێز یحیی محمد رشید پارێزگای هەولێر ئەوەی دووپات کردەوە کە جێی شانازییە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا سوپای دلێرمان گەورەترین سەرکەوتنی دژی ڕژێمی ڕەگەز پەرستی ئێران وەدی هێناوە لە بێناوی

بروانە : ل ٧

هێزە سەرکەوتووەکانمان زیانی زۆرتر بە دوژمن دەگەیەنن

هەروەها سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان ڕۆژی ٢٦ ی ١ ی ١٩٨١ بەیاننامەی ژمارە (٢٢٨)ی دەرکرد کە تێیدا هاتووە هێزە چەکدارەکانمان لە کەرتەکانی بەرەی جەنگدا بەوپەڕی بەتواناییو وورەی بەرزەوە چالاکییەکانی خۆیان دەنوێننو سەرەنجامی چالاکییەکان ئێوارەی یەکشەممەو ڕۆژی دووشەممە بەم چەشنە بووە :

زیانەکانی دوژمن :

أ - سێ کوژراوو تێکشکاندنی دوو تۆپخانە لە ناوچەی ئێرانیی بەرانبەر بە پێنجوێن .

ب - دوو کوژراو لە ناوچەی سەرپێڵی زەهاو .

ج - پارچە سوپاییەکانمان بە تۆپخانەو هاوەن مۆڵگەکانی دوژمنیان لە ناوچەی گیلانی ڕۆژئاوا خەریك کردو ناچاریان کردن هەڵبێنو (٢٥) کوژراو لە دووی خۆیان بەجێ بێڵن سەرەڕای تێکشکاندنی نەفەربەرێکی زرێلی ..

د - شەش کوژراوو تێکشکاندنی یەك ئۆتۆمبێلو یەك تۆپخانە لە ناوچەی مهران .

هـ - پارچەکانمان بە چەکی خۆیان سەربازەکانی دوژمنو سەنگەرەکانیان چارەسەر کرد لە ناوچەی دیزفوولو هەشت سەربازیان لێ کوشتن سەرەڕای تێکشکاندنی دوو ئۆتۆمبێلو یەك ڕووانگە .

و - یەك کوژراو لە ناوچەی شووش .

ز - پارچەکانمان بە چەکی هەمە جۆر سەنگەرەکانی دوژمنو مۆڵگەی سەربازەکانیان لە ناوچەی نەفاجییە خەریك کردو ئەم زیانانەیان پێ گەیاندن : (١٢) کوژراوو تێکشکاندنی یەك ئۆتۆمبێل .

ح - سێ کوژراوو تێکشکاندنی دوو ئۆتۆمبێل کە یەکێکیان پڕ لە سووتەمەنی بوودو ئەوی تریان پڕ لە تەقەمەنی بووە لەگەڵ یەك تۆپخانەدا لە ناوچەی ئەهواز .

ط - مۆڵگەی سەربازەکانی دوژمن لە نزیك سەنگەرەکانی پارچەکانمان بینران لە ناوچەی عەبادان کە بە هەموو چەکێك چارەسەر کرانو ناچار کران هەڵبێن پاش ئەوەی (٥٤) کوژراویان لە دووی خۆ بەجێ هێشت سەرەڕای وێران کردنی یەك کۆمەڵ تەقەمەنیو دوو ئەمباری نەوت لە هەمان ناوچەدا ..

بەمەوە سەرجەمی زیانی دوژمن بوو بە (١٣٤) کوژراوو یەك نەفەربەری زرێلیو شەش ئۆتۆمبێل کە یەکێکیان سووتەمەنیی تێدا بووەو ئەوی تر تەقەمەنی لەگەڵ چوار تۆپخانەی هەمە چەشنو یەك کۆمەڵە تەقەمەنیو دوو ڕوانگەو دوو ئەمباری نەوت.

زیانی ئێمەیش لە هەموو کەرتەکانی جەنگ حەوت شەهیدو لە کارکەوتنی دوو ئۆتۆمبێلو یەك تۆپخانە بووە.

تەواوکردنی چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لە پارێزگای دهۆك

بەڕێوەبەرایەتیی حوکمی ناوخۆیی لە پارێزگای دهۆك لەماوەی ساڵی پاردا چەندین پرۆژەی تەواو کردووە کە ١٢ ملیۆنو ٥٧٤ هەزار دیناریان تێچووە .. ئێستایش خەریکی جێبەجێ کردنی چەند پرۆژەیەکی ترە کە ١٧ ملیۆنو ٥٩٨ هەزار دینارییان تێ دەچێت .

ئەو پرۆژانەیش کە تەواو کراون ئەمانەن : دروست کردنی هەزارو ٢٥٠ خانووی نیشتەجێ لەگەڵ شتە پێویستەکانی‌دا لە کۆمەڵە کانی جووتیاران لە ناوچەی گری لحمو باتیراتو بڕۆشکیو بست خانوو بۆ مووچە خۆرانو .. «٢١» بینایەی قوتابخانەی سەرەتایی هەر قوتابخانەو بە شەش پۆل تا دوازدە پۆلو .. چوار بینای تری قوتابخانەی ناوەندیو سانەویو سێ باخچەی ساوایانو ٣٤ ژووری تر لە ژمارەیەك لە قوتابخانەکاندا .. لەگەڵ بەشێکی ناوخۆیی بۆ نیشتەجێ کردنی مووچە خۆرانی ئافرەتو مامۆستایانی ئافرەت .

هەروەها بنکەیەك بۆ کەرتی سوپای میللی لە دهۆکو .. بینایەکی نوێ بۆ دایەرەی هەواناسیو مەڵبەندێکی حکومەتی لە ناحیەی بەرواری باڵاو چوار خانوو لەگەڵ ئەمبارێکی سارد کردندا دروست کران.

هەروەها کاروباری فراوان کردنەوەی هەردوو تیمارگەی سرمێلو مانکێشو پەرەپێدانی گەراجو وەرشەکانی چاك کردنو پاراستنی ئامێرەکانی بەڕێوەبەرێتیی حوکمی ناوخۆییو کۆکەرەوەیەك بۆ چەند تاقیگایەکی زانستیو چەند خانووبەرەی پیشەسازیانە لە قوتابخانەکاندا دروست کرانو تەواو بوون .

بەڵام ئەو پرۆژانەی کە ئێستا خەریکن کاریان تێدا دەکرێت بریتین لە دروست کردنی هەزارو شەش سەد خانووی نیشتەجێ لەگەڵ پێداویستییەکانی خزمەتگوزاریدا لە کۆمەڵەکانی جووتیارانو ٤٣ قوتابخانەی سەرەتایی کە هەریەکە لە شەش پۆل دوازدە پۆل دەبێتو .. حەوت بینایەی بەشی ناوخۆییو ١٥ بینایەی تری باخچەی ساوایانو ٣١ قوتابخانەی ناوەندیو سانەوی کە هەریەکە لە شەش یان نۆ یان سیازدە یان هەژدە یان بیستو چوار پۆل پێك دێن لەگەڵ چوار کارگەی بەرهەمهێناندا .

هەروەها ٥٥ خانوو بۆ مووچە خۆرەکانو ١٣٦ خانووی تر بۆ مامۆستایان لە گوندو لادێکاندا بە کاری میللی دروست دەکرێن .. لەگەڵ ١٣٧ خانووی تردا بۆ نیشتەجێ کردنی مامۆستایانو مووچە خۆران .. لەگەڵ سێ بینایەی مەڵبەندی لاوانو کردنەوەی ڕێگای فایدە - ملوخیەو دامەزراندنی پرۆژەی‌ئاوی دهۆکو .. پەرەپێدانو فراوان کردنەوەی کارگەی گەچو بەردو زیخو کاشیو میکانیكو کارگەی بەرهەمهێنراوە کۆنکرێتییەکان لە دهۆك .

گۆرانیەکانی کۆچەری کوێستان

بۆ عبدالله کویستانی نەمر

شیعری .. عبدالله عباس

عبدالله کوێستانی « عبدالله حسن زادە »...یەکێك بوو لە تێکۆشەرەکانی شۆڕشی کوردستانی ئێران ، چەندان ساڵی تەمەنی ، بەدەربەدەری لەدەرەوەی وڵاتەکەی بەسەر برد ، خۆی و رەشە خێزانەکەی ، لەم شارەوە بۆ ئەو شار ، تا ماوەیەك کەوەك پەنابەری سیاسی لە عیراق بوو ، لە رۆژنامەی «هاوکاری»دا وەك نووسەر کاری دەکرد . بە تاسەوە تامەزرۆی گەڕانەوەی بووبۆ وڵاتەکەی ... نموونەی تێکۆشەرێکی رەوشت بەرزو بەئەمەکی کوردستان بوو کە شا روخاو ... بەخێرایی و کوڵی هیوای خۆی و وردیلەکانیەوە رۆشتەوە بۆ ئێران و زۆری نەبرد «خومەینی » فەرمانی دڕندانەی بۆ قەتڵ و عامی گەلی کورد دەرکرد .. کوێستانی لە پێشەوەی جەنگاوەرەکانەوە بوو بۆ بەربەستی دڕندایەتی پاسدارەکانی خومەینی و .. لەشەڕێکدا چەند مانگێ لەمەوبەر .. شەهید بوو . مایەوە سەر ئەوەی بزانن عبدالله کوێستانی لە مەودای ئەدەب و رۆشنبیریدا خزمەتی دڵسۆزانەی زۆر بوو ... ئەم بەرهەمانەشی کردوە بە کوردی و بە چاپی گەیاندون .

– کوردستان و کورد – باسەکەی دوکتۆر عبدالرحمن قاسملۆ .

– گێلە پیاو – رۆمانەکەی عزیز نەسین .

– بیرەوەریەکانی دورخراوەیەك – دیسان لە بەرهەمەکانی عزیز نەسین .

\- ١ -

وێنەی کوێستان ، مێژوو نایگرێتە خۆی و ..
جەستەی رۆژ جێی ناکاتەوە ..
بەڵام ، شەوان ، لەجەستەی ئەودا نەبێت
خەو ، نامان گرێتە باوەش ..

× ● ×

نەء ... کوێستان ، حیلەی بروسکەو ..
چڵی ئاگرە ..

\- ٢ -

کوێستانی سەخت ...
لە ئاسۆدا ، تافە گوڵە وەنەوشە بووی ..
گەڵێم دوور بووی ...
لە تاریکستانا مانای تاریکی دەخوێنمەوە..
شیعری خەمبار ئەهونمەوە ..

\- ٣ -

کاتێك رووی تۆ دەر ئەکەوێ ...
لە تولە رێیەکی سەوزا ...
تاسەی بینین گەورە ئەبێت ..
رووی منیش چەمێکی خوڕە ...
خەمی هەموو شتەکانی ... ئەرژێتە ناو ..
خەمەکانی پێ ئەگرن ... ئەڕۆن ..
تەنیا خەمی ((کوێستان)) نەبێت ..
رەگی لەهەناوا ئەڕوێت ..

\- ٤ -

بەدرێژایی تەمەنت ...
کۆچ ، کوڵێ بوو ، تاریکی دنیای بۆ روون ئەکردیتەوە
ژانەکانی منیش ...
دەروازەی کۆچت بوو ..
بەرەو رۆژ خۆی لەبەردەم هەنگاوەکانتا ئەکردەوە ..

× ● ×

ئەی کۆچی شەو ..
نەڵێی ئاشنای سیمای رووی نیم
رووی تیشکێکە ...
بەڵای هەر گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا رائەبورێت ..
بانگی ئەکەن
بانگی ئەکەن .. ئەی کۆچەرییە هەژارەکە !

\- ٥ -

لە پەنجەرەی ماڵە ساکارەکەتەوە ، لەغەریبی
نیشتمان وەك گوڵێکی شین
دەهاتە پێش چاوەکانت
عاشقانە تێت دەڕوانی ..
زۆری نەبرد ، نیشتمان بوو بە دەمە چەقۆیەکی تیژو
ووتت .. ئیستا ئەڕۆم و ...
بەسەریا ئەپەڕمەوە ..

\- ٦ -

ئەی کوێستانیە غەریبەکە ..
چاوەڕێ بە جارێ مەڕۆ ..
دڵم ئەڵێت ..
پاسدارەکان رێت لێ ئەگرن ..
چاوەکانت دەر ئەهێنن ..
نایەڵن هەنگاوەکانت ..
بگاتە دەرگای ئازیزان ..
خەمی تۆ ، کۆچێکی سوورە ..

\- ٧ -

کامتان خەون ئەبینن و ..
خەونەکانتان ..
وەك نان خۆش و بەلەزەتە ..؟

× ● ×

\-من ئەمزانی پردی نێوانی من و مەرگ ، نیشتمانە لاسارەکەمە ئیستاش ، تاڵە مووی نێوانی مەرگ و خەونی شیرین ، دیواری بەندیخانەیەو فرمێسکی منداڵە وردەکانم ، وا عەشق ئەمجارەیان بوو بە داستانێکی گەورە .. رۆژانێ بوو ، ناوت لەناو تابووتی ئەو مردوانەدا راو ئەکرا ، کە بەشانی هیلاکەکانی مەهاباد هەڵئەگیران ...

– نەء .. رۆژگار نابڕێتەوە ..
مەرگی تۆش سەرەتایەکە ، بێ کۆتایی ..
کاتێك ، کە دڵی تۆ وەستا
غوربەتی شتەکان رائەمێنن !
لەسەرە رێی گرا ...رامان و گەڕانەوە
بۆ سەرەتای هەزار جارە ، گەڕانەوە ..
پێم نەوتی ....
کوێستان ، حیلەی بروسکەیەو ..
چڵی گڕە ..

١٩٨٠ بەغدا

ئەنجامی چیرۆکی «پەتا» و «شەوارە» بەچی شکایەوە؟!

سۆران مەحوی

پاڵەوان یان هەڵوێستی پاڵەوان ، بەلای زۆری ئەدیب و ئەدەب دۆستانەوە ، بایەخ و گرنگی لەوەدا نییە ، ئەو پاڵەوانە تا چ رادەیەك لەهەڵس و کەوتیا ، بە دەوریکی - سەلبی یان ئیجابی- یانە گوزەری کردوە .. بگرە بە پێچەوانەوە شکۆی و مەزنی پاڵەوانی ئەو چیرۆکە ، بە هەردوو بارەکەیدا ، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ، ئاخۆ تا چ ئەندازەیەك توانیویتی ؟ لەو بارو دۆخە ناهەموارو تاڵ و تفتە بگۆڕێ ، کە کۆمەڵ وەك ئێش و ئازارێك بە دەستییەوە گرفتار بووە..

ئینجا ئەگەر پاڵەوانی چیرۆکەکە ، لەو بەسەرهات و رووداوانەی گرتوویانە خۆیان و لەو رووەوە جەماوەریان بەراستی و واقیعی کێشەو مەسەلەکە ئاشنا کرد ئەوا بێ شك ئەتوانین بڵێین ئەو چیرۆکانە شتێکیان بۆ بەشت کردوین ، و ئیمڕۆی هونەری کوردیش هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە ، و رووی لە گەشەکردن کردوە. جا بەو گیان و مەبەستەوە ، ئیستە رووی دەممان لە دوو چیرۆکی -پەتا و -شەوارە -١- دەکەین ، و دوایش بەپێی باری نیشکی سەرنجمان ، هەردوو چیرۆکەکە بێ روو پامای ، و بەرزکردنەوەی ئەمیان ، یان لە هێنانە خوارەوەی ئەویان ، لە دوو توێی ناتێکی گەرم و گوڕدا ، لەسەر سفرەو خوانی رازاوەی خوێنەری ئازیزدا دادەنێین ، و ئەوانیش دەکەینە سەربشکی تام و لەزەت وەرگرتن ، و راستی قسەو حوکم دانێکی عادیلانەیان .

سەرەتا لە چیرۆکی -پەتا -وە تێهەڵدەچین ، و دەڵێین :- چیرۆکی -پەتا- کە حەسەن تاکە قارەمان و پاڵەوانی سەرەکەیەتی ، خوێنەر هەر لە سەرەتایی چیرۆکەکەوە هەست بەوە دەکات ، کە ئەو پاڵەوانە دووچاری نەخۆشییەکی سایکلۆژی و دەروونی مەزن هاتووە ، دیارە کە ئەو دەردەش - پەتای پێ کەینە - .

-..... لە تەنیشتەوە پرمەی پێکەنینێك هەڵسەمانەدەوە ، لەرزی ، مستەکوڵەیەکی قورس بوو ، بەر پەنا گوێی کەوت ، رێگاکە لەبەر چاوی پاسوورا ، رەوتە خۆشەکەی تێك چوو ، ....تاچاوی روانی دوو گەنجی سنگ و بەرۆك کراوە ، قیت لە تەنیشتەوە تیژ تێپەڕین ، پێکەنینەکەیان بۆ دابین نەدەکرا ......ل٥١- ، نەخێر دەردەکە تا دەچێت گرانتر دەبێ ، و ئێش و ئازارەکانی حەسەن لەو رووەوە بە سوێ زامتر دەبن ، تەنانەت پەتای ئەو پێکەنینەو هەر بە خەڵکە ئاسایی کەی بەر کۆچەو سەر شەقامەکان وەگیرنابێ .

بگرە ئەو دەردە روو لە خێزان و نیزیك کەسێکی کە -برایە- دەنێت و ئەوانیش بە کوڵ و قاقاتر ، لە هەموو خەڵکەکە پتر پێی پێدەکەنن و دەیدەنە بەر گاڵتە جاری -.....راما ، بە خۆی ووت :- تەنانەت برایشی ، برای گەورەیش .... نا وەك شێت راپەڕی و دەستی دایە بەخەی و رایتەکاندو بەسەریا نەڕاندی :- تۆیش ، تۆیش پێم پێدەکەنیت ؟ ل ٥٦ ».

بەڵێ دەردەکە گەورەترو خەماکان لای حەسەن زۆرتر دەبن ، تا ناچار ئەویش دەچێتە ریزی هەموو خەڵکەوەو خێزان و برا کەیەوە . تا ئەوەتا بەدەنگێکی پڕ لە کوروزانەوەو لەرزۆکەوە بە کاکی دەڵێت :-

\- ... لێم ببورە ، راستە نەخۆشم ل٥٧ -.

هەر دەردی سەختی ئەو پەتایە ، حەسەن دەگەیەنێتە لای - پزیشك - و ئەویش بێ ئەنجام بەرەنگاری بەتاکە دەبێتەوە ، و هەر ئەوەندەی لێ دەوەشێتەوە ، پرپاسکەی چەندان - پرسیارو وەڵامی - پڕ لە نهێنی دەخاتە قوڵە مستی یەوە .

مەگەر هەر تواناو سەلیقەی کارامەکان پەی کردنەوەی گرێ کوێرەی ئەو پرپاسکەیە بەرن ، و ئیستەشس وەك دەڵێین :- مشتێ نموونەی خەرباریکە -و هەندێ لەو پرسیارانە بە مەبەستی وەڵامێکی دەقاو دق و پڕ بە پێستی پرسیارەکان دەخەینە روو :-

ئەی سۆچی بڕبڕەی پشتی براکەی ، ئەویش چووە ریزی خەڵکەکەوەو هەمان رێبازی گرتەبەر ؟

× ئایا هۆی چییە ؟ سەرجەم خەڵکەکە بە حەسەن **پێ ئەکەنین و داویانە بەر کلکان؟**

× گریمان هەموو خەڵکەکە لەو هەڵوێستەیەساندا هەڵەبوون ؟

× ئەوانە هەمووی بەرجێن ؟! ئەی حەسەن بۆ لە ملەوە خۆی بە نەخۆش زانی ، و چ بیرو هەستێ بۆ ئەو مەبەستە لەناخەوە بەرامبەر ئەو کێشەیە جوڵاندی ؟!

جارێ پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە ، بە پێویستی دەزانم بڵێم :-

ئاخۆ حەسەن ئەو پەتایەی لە کوێ و لەچ کاتێکدا ، وا بەو قوورس و گرانییە بووە ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەمەو پرسیارانە هەمووی ، کە گشتیان لەم کورتە وەڵامەدا یەك دەگرنەوە ، ئەوەیە :- ئەوەتا حەسەن لە ناخەوە -خودی خۆی- بە - تاوانبار- بەرامبەر کێشەکە بزانێ ، و هەست و ویجدانی قستبێتە بەر تەوژمی سزاو تۆڵە سەندنەوەیەکی پڕ لە هێزی دەروونی یەوە .

یان بە دژی ئەوەوە تری و گومانی لە کۆمەڵە بە -خائن کاری- تێبگەن و چاوەڕێی رۆژێ بکەن هەقی خۆی بدەنە دەست .

ئەگینا بۆچی ئەوەندە بە - پێکەنین- فارس و -لەنگ دەبێ ، کە بچێتە ژیانێکی وەهاوە ، تەنانەت سڵ لە سێبەری خۆی بکاتەوە ؟!.

ئەم هەموو وورەبەردان ، و چوونە ئەو ژیانە -رەش بینی- یەوە ، کە دژی کوڵنەدان و بڕوا بە خۆبوونە ، لە لای یەکێکی وەك - پەشێوی شاعیر- بۆ هەمان جەلەست و مەسەلە ؛ بە جۆرێکی کە - خۆش بینیانە- خۆی بەدی دەکات و ئەوەتا دەڵێ :-

تەوێلم - رۆژنامەیەکە
بە هەموو زمانێك دەردەچێ
بەخێرا دەخوێندرێتەوە
خۆی بە پیر خەڵکەوە دەچێ
سیمام ـــ
ریزە فلیمێکی لەسەرپیشان دەدرێ .

ئەوە بەسەرێ ، لە لایەکی کەشەوە ، ئەگەر سەرنجێ لە ئەنجامی چیرۆکەکە بدەین حەسەن نەگەیشتە هیچ ئەنجامێکی تەواو ، بەڵکو لەولەی لەبە ردەمی پزیشکەکەدا یەك دوو توڵپ زلفێ و زەردداوی هێنایەوە ، و پاشانیش پزیشکەکە چارە سەرێکی بۆ نەدۆزییەوە ، هەر ئەوەندە نەبێ پێی ووت :- فەراشە کە بانگ بکە ، -ئەویش وەکو تۆ وایە بەشکم رشانەوەکە پاك بکاتەوە ل.٦٠- ئەمانە هەمووی ، بەڵێ هەموو ئەمانە ، لە چیرۆکی -شەوارە -دا بەرچەدەبێتەوەو چیرۆکەکە لە ئاسۆیەکی پڕ لە روناکی یەوە

بڕوانە : ل ٧

پرد

چیرۆك

ئەحلام منصور

\-ئەری بۆ ماتی ..؟
\- بۆ مات نەبم ..
\-وەرە تەنیشتمەوە ..
دەی . ئەوەچیتە ..؟ بۆ نزیکم نایێتەوە ..؟
\- ئەی ئەو پردەی نێوانمان بەدی ناکەیت ؟
\- چ پردێ .؟

- مناڵەکانت .. ناتوانم پێیان بەسەردا بنێم .. بۆیە لەم دوورەوە سەیرت دەکەم و خۆشەویستییەکەم دەبێ بە ئاگرو لە دەروونما سەر دەکات و هەر خۆم دەسوتێنێ ..نزیکت نابمەوە .. نامەوێ تۆیش بسوتێنێت. تویکی بێ پێیەکانم داماڵراوە .. ئەتەوێ برینەکانم بکولێنیتەوە ..

- پاسکیلێکی چوار تایەلیبیت بۆ دەکڕم بە ناو شەقام و کۆڵانەکانی هەموو شارەکاندا دەتوڕێنمەوە ..
- نەخێر .. بڵێ بۆ ؟ تەمەنم ٢٧ ساڵە تا ئیستا دەرگای هیچ دڵێکم نەبینیوە لەسەر پشتا بێ وەمن و هەموو فرمێسك و ئۆمڕاهی و بزەو سەرەڕۆییکم بگرێتە خۆیەوە .. وانی یە ..؟ بۆ بێدەنگی ؟ .. دەمێڵێ وایە .. ئەوە بۆ من بۆت دەگریم و ئەوەندەی بارانی و مرزێك فرمێسك دەبارێنمە سەر سنگتەوەو تویش بەردو رق لە چاوەکانت دەبارێت .
-جا دەتەوێت گۆرانییەت بۆ بڵێم .
- بۆ نەء ؟
- ....
- پرچم دەکەم بەرووپۆش و ئەو گوناهەرشانەی سەر دیوارە رزیوەکانی شاری خەمخوارێتی پێدەپۆشم .. دەم و چاوت .. رەنگت.. هەموو شتێکتی پێدەپۆشم .
- ئیتر .
- هەر ئەوەندەی لێ دەزانم .. ئەری بۆ نووسینەکانت سوتاند ؟
- بڕوام پێیان نەمابوو .
- بڕوێنە دەرەوە .. ئەم ژورە بەجێ بێڵین .. هەست بە تینویەتی دەکەم .. خەویشم دێ .. شتێکی جانەوەر ئاسایی لە دەروونمدا برسیەتی و تەلورینی و هەراسانی کردووم ناتوانم ئۆقرە بگرم . حەزیشم لەدەرەوە نییە .. بەڵام ئەم جانەوەرەی دەروونم هانم دەدات .. بۆچی .. نازانم .. بڕۆین .. بڕۆین .. بۆدەرێ ....هیلاکم . من باڵندەیێکی بێ قاچم هەمیشە لە ئاسمان دام .. هەر کە ماندوو بووم دەکەومە ناو دەریا .. یان ئاگرەوە .. ئیتر لەناو دەریاو ئاگردا جوانترین سەمات بۆ دەکەم .
- .. ئەم فشانە بەسە.. باڵندەکانیش باڵیان دەشکێنرێ
- نەخێر . باڵەکانی من ئاسنین . هەرچەندەش بەرزبمەوە .. هەرچەندەش لە هەتاو نزیك بمەوە .. نە دەتوێنەوەو نەدەشکێ .
- بەسە .. بەس .

هەردوکیان بەرامبەری یەکتری دانیشتبوون و سەیری یەکتریان دەکردو هەر جارەو سیمای دەم و چاویان بە جۆرێك دەگۆڕاو بە بێ دەنگی و وشەکان رەنگی روخساریان گەش و خامۆش دەبووەوە ... وایان دەزانی ژیان و چەرمەسەریەکانی ژیان لەو کات و شوێنەدا کۆبووەتەوە وئەمانیش نوێنەری هەموو کەساس و کپ کراوەکانی ئەم زەمینەن ... هەموو دەنگ و چرپەیان لێ ببوو بە دەنگی مرۆڤایەتی و فریادکێشانی مرۆڤی تورەو پاست ... جار جارێ بێ دەنگ دەبوون و جار جارێکیش گرنگ ئەوەبوو بەلایانەوە قسەبکەن هەرچی بەلایێ ، مەرج نەبوو لە یەکیش حاڵی بن ..بەلایانەوە مەبەست بوو بێ دەنگ نەبن و کەچی ناو بە ناویش ماتەمینێکی سەیر دایدەگرتن وهەستیان بە دەستەوسانی خۆیان دەکردو لە پەنای گوناەو لارێی گرتن دا جڵەوی سەرنجەکانیان شل کردبوو وداده چۆڕایە نێو دەروونی یەکترییەوەو شتە ئەستورەکانیشی دەسمێ .. هەر دوو هەر بێ دەربەست بوون ... بێ دەربەستییە-

کەیان زادەی حەزو ئەوسی ئەوکات و شوێنە تایبەتییە نەبوو .. نەخێر هەر یەکەو گلۆلەییێك ژان و خەم لە دەروونیا ئاڵۆزدرابوو دەیان گرێ کوێرە ببووە کۆسپ و سەری داوەکانی شاردبووەوە ... بێ ئومێدو رەشبینیش نەبوون ... کەچی روخساریان غەزەب و تووڕەیی و نەفرەتی دائەباراندە سەر ئەو ئاوێنە شکاوەی ئەو ژوورە - بچکۆلەیەی کە گرتبونییە خۆیەوە ... هەر کامیان سەیری ئاوێنەکەی بکردایێت بێ شەرم تفێکی خەستی دەمالیە روخساری خۆیەوەو ... بێ پاکانەش هەستی بە بێ کەڵکی و پوچی خۆی دەکرد ... ئەم هەستە لەدەروونیانا ببووە گوناهێك وڕەگی دادەکوتی وورده وورده بەروو چڵ و گەڵای دەکردو بەدەم و چاویاندا دەر دەکەوت .

× × ×

سبەینێش بە هەمان دەستووری دوێنی قسەکانیان بەفشەو گاڵتەوە دەستی پێکرد ... دووبارە ئەو پردەی کە ئەستونەکانی پەراسوی ئەو سێ منداڵە بەسەزمانە بوو ، بووە کۆسپە ترسناکە کە ئەو حەزو ئارەزووەکانیان لەم سەرو ئەو سەری پردەکەدا چاوبازییان دەکردو لە خۆیان دەخواردەوە هەر چەندە لەیەك نزیك بوون کەچی ئەو پردە تا مەودای سەرنجیان بڕی کردبا لەبەر چاویاندا جێ گیر ببوو ...

× × ×

هەردوو هەر بەدوای ئەو داوە دەگەڕان کە حەزو ئارەزووەکانیان بەیەکەوە ببەستێ ...

× × ×

تێبینی ..!

دلێرباوکی خۆی نەدیبوو.. ئەوەندە هەژار بوو هەرگیزیش هانی خۆی نەدابوو لە خەوبینینیدا وێنەی باوکی وەبەرچاو بکەوێت . دایکی

بڕوانە : ل ٧

Institut kurde de Paris

وەرزش لەناوچەی کوردستان

گومان لەوەدا نی‌یە کـــە وەرزش بەردی بناغـــەی کۆمەڵگایەکی ڕاستو پێشـ کەوتووە ، ئێستا لـــەم چەرخەدا وەرزش بەهەمـوو لقەکانیەوە بۆتە زانستێکـــی سەر بەخۆ وەکو هەمـــوزانستەکانی تر لە وولاتـــە پێش‌کەوتووەکاندا لـــەم بوارەدا بایەخێکی زۆری پێ ئەدرێو پارەو سامانێکـــی زۆری بۆ تەرخان دەکـرێو هەموو پێویستی یەکـــی بـــــۆ جێ‌بەجـــێ دەکرێ لە یاریگاو گۆرەپانوشتی تر ، بۆ ئەوەی کۆمـەڵ بەرەو ڕێگای ڕاســتو بناتنانێکی بـــــاش هەنگـــاو بنێــــــن بۆ دوا ڕۆژێکی خۆش تـر ..

هەروەها وەرزش ئاوێنەیەکە بزوتنەوەو پێش‌کەوتنی کۆمەڵ پیشان ئەدات . بـــەڵام وەرزش بەندە بە شتـــــە سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵەوە وەکو : باری ڕامیاری‌و ئابووری‌و تەندروستی‌و زانســـتی . چونکە ئەوانە بەردی بناغەی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵـــن . ناوچەی کوردستان وەکـــو هەموو ناوچەکانی تـــری جیهان پڕە لە توانای گەنجانە توانایەکی بەهێز هەیە ئەگـــەر هۆی سەرکەوتنی بـــــۆ بڕەخسێ تواناو ئارەزووی بـە شێوەیەکی ڕاستدا بڕێـژێ . بەڵام لە ناوچەکەدا چەنـــد کۆسپێك هەیە بۆتە هـــۆی دراکەوتنی بزوتنەوەی وەرزش ئەتوانین بەم چەند خاڵـــە گرنگەی لای خـــــوارەوە دەستنیشانی بکەین :-

١ ـ بە هۆی سروشـــتی ناوچەکەوە کە زۆر جێگـــای شاخاوی‌یە بێ‌گومان ئەمـــە کۆسپێکی گرنگە بەرانبـــەر جوڵانەوەی وەرزش چونکـــە بوونی یاریگاو گۆرەپـــان وەك سێ وایە بۆ وەرزش کـــــە هەناسەی پێ بدات ، بـــەڵام بەداخەوە ناوچەکە لـــــەو بارەیەوە زۆر دەســـــــتی ئاوەدانی پێ نەگەیشـــتووەو بەتایبەتی شوێنە دوورەکـانو شوێنە بچوکەکان .

٢ ـ ناوچەکە بەهـــــۆی ئەوەی کە چەند مانگێـــك باران‌و بەفری زۆری لـــــێ دەبارێ ئەبێتە هۆی ئـــەوەی بە درێژایی وەرزی زســـتان زۆر زۆر سارد بێ جا لـــەبەر ئەوە بزووتنەوەی وەرزشـــــن لەو وەرزەداو لە سەرەتـــای وەرزی بەهاردا تا ڕادەیـــەك ئەتوانین بڵێین ئەوەســـتێ . ئەمەش بەهۆی نەبوونـــــی یاریگای تایبەتی ســـــــەر

ئایا ڕیکاردۆ نیفز جێگەی بیلێ ئەگرێتەوە

پاش ئەوەی بەرازیل لـــە ـ کاسی جیهانـــی ـ ١٩٧٨ دا سەرکەوتنی بە دەســـــت نەهێنا . ڕاهێنـــــەرو هەڵسورێنەرانـــی تیپـــی هەڵبژاردەی بەرازیلـــی کەوتنەگەڕان بە دوای ئەوەی کە لە لاوەکانو تـــازە پێ‌گەیشتووەکان تیپێکی تـازە پێك بهێنن کە بتوانێ لـــە کاسی جهانی ١٩٨٢ دا لـــە ئیسپانیا سەرکەوتن بە دەست بهێنن‌و توانایی بەرازیـــل دەربخەن . بۆ ئـــەمەش ـ ٤٠٠ ـ یاری زانی تـــازە پێ‌گەیشتوو ـ ناشیء ـ کەوتنە ژێر ڕکێفی تاقی‌کردنـــەوە

لە ناو ئەو ـ ٤٠٠ ـ کەسەدا یاری زانێك سەرنجـــــی ڕاکێشان کە تەمەنـــــی ـ ١٦ ـ ساڵەو نـــــاوی ـ ریکاردۆ نیفزـە ، کـــــە ئەتوانێ ماوەی ـ ١ ـ میل بـــە تۆپەوە بڕوات بە بێ ئـــەوەی تۆپەکە بکەوێتە ســـەرزەوی‌و ، بە هۆی قاچەکانیـــەوە ئەتوانێ ماوەی ـ ٤٠ ـ دەقیقـە پارێزگاری کەوتنـــــە خوارەوەی تۆپەکە بکـــات لە هەواداو نەیەڵـــێ بکەوێتە سەر زەوی .

بەڵام لێرەدا پرسیارێـــك خۆی قووت ئەکاتـــەوەو ئەڵێ : ئایا ـ ریکـاردۆ ـ نیفز ـ ئەتوانێ ئەوتوانایـــی‌و بلیمەتیەی لە کاتی یـــاری‌دا دەربخات ؟

بۆ ئەم پرسیارەشـــــ بابگەڕێینەوە بـــۆ ساڵانـــی ـ ١٩٦٠ ـ کە یاری زانێکـــی ئینگلیزی وەك ریکـــاردۆ دەرکەوت کە نــــاوی ـ ریفی بیرنساید ـ بـــوو ، بەڵام نەیتوانی توانایی خـۆی لە خولی تیپەکاندا دەربخـات . ئەوکەسانەی کە سەرپەرشـتی ڕاهێنانی ـ ریکاردۆ ـ ئەکـــەن وای دەرئەبڕن کە تائێســـتا هیچ یاری زانێك ئـــــەو توانایەی نی‌یە کە ئەم هەیەتی . هەروەها لە کاتی یاریـــدا بەتوانایەو هەموو جـــۆرە تەکنیکێکی هونەری یـــاری ئەزانێ .

ـ ریکاردۆ ـ نیفـــز ـ ئێستا لە گەڵ یانـــەی ـ ئەتلنیتکۆ میزیا ـ عقـــدی بەستووەو لە لاوانــــی یانەکەدا ـ قلب الهجوم ـ ە هەروەها یاری دۆستانـــی بەرازیلی وای دەرئەبڕن کـــە ـ ریکاردۆ ـ جێگەی یــــاری زانە کۆنەکانی بەرازیلـــی ئەگرێتەوە وەك ـ بیلیـە ... توستاو ـ چیرسۆن ـ ...

محمد حسین هەڵەبجەیی

گفتوگۆیەك لەگەڵ ڕاهێنەری تەنس لە عیراقدا

ـ کاك جەماڵ بە نـاوی لایەرەی وەرزش‌و لاوانـەوە بە خێر هاتنت ئەکـــەم‌و ئەمانەوێ خۆت بــــە وەرزشەوانەکان بناسێنی .

ـ ناوم جەماڵ ئەحمــــەد مەدە لە ساڵی ١٩٤٨ی‌زایینی لە کفری لە دایك بـــووم‌و خوێندنی سەرەتایم لــــە کفری تەواو کردوەوناوەندیم لە کەرکوك تەواو کرد لـــە (متوسطه الامام قاســـم) تەرام کردووە ، ئامادەیـــی کۆلیجیم لە بەغدا تەواو کردووە لە ساڵی ١٩٧٣ دا .

یەکەم دامەزراندم لـــە دانشگای سلیمانی بـــوو ، ئەرەندە لە سلیمانی نەمامەوە لە بەر ئەوە هیچ جـــۆرە بەرهەمێکم لە ـ کلیة العلـوم ـ نـــەبوو لـــــە پاشـــان گوێزرامـــــەوە بـــۆ بەغدا بۆ ـ جامعة التكنلوجیا ـ یەکسەر بووم بە ڕاهێنـــەر ـ مدرب ـ ی ـ جامعة ـ لـــە یاری تەنس‌دا تاکو ئێستاکـــە ڕاهێنەر ـ مدرب ـ م لـــە کولێج .

لە ساڵی ١٩٧٨ دا بـــووم بە ڕاهێنەری هەڵبـــژاردەی بەغدا لە ـ تەنس ـ کە بەشدار بروین لە پاڵەوانێتی عیـراق کە لە ـ مووسل ـ بەســترا هەڵبژاردەی بەغدا یەکەمـــی وەدەس هێنا .

یەکێکم لەو چووار کەسەی کە ڕاهێنەری هەڵبـــژاردەی عیراقین لە تەنس لە ساڵـــی ١٩٨٠ لە مانگی ـ شوبـات ـ دامەزرام بە ڕاهێنەری تـــازە پێگەیشتووەکانی عیراق لـــە تەنس کە بەشدار بوون لـــە پاڵەوانێتی تازە پێگەیشتوی هەموو وولاتانی عەرەب کـــە لە ـ لیبیا ـ لە ـ طرابلس ـ بەسترا لەوێ سیهەمـــان وەدەس هێنا کە جەزائیـــر یەکەم بوو ، لیبیا دووەم بوو .

تاکو قوتابی بووم لــــە قوتابخانەی سەرەتایـــی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی یەکەمـــم وەدەس ئەهێنا لە تەنســی مێزدا .

کە چوومە کولێجـــــی پەروەردە ـ تربیـة ـی وەرزش یاری تۆپی پێم ئەکرد ـ کۆلچی ـ بووم هەر لەم کاتــــەدا گەیشتمە هەڵبـــژاردەی زانکۆی بەغدا لە ڕۆ بـــە ڕۆ ـ مبارزەـی شیر .

پ ـ ئەم جولانـــەوەو تەفەللایە زۆرە ماندوت ناکـا ، ئایا هەست بە ناخوشـــی ناکەیت ؟

و ـ بێگومان ماندوو ئەبم ، بەڵام لە بەر ئەوەی مـــــن وەرزش هیوامە لە بەر ئـەوە هەست بە ماندوبوون ناکـەم چونکە ئەمەوێ ئەوانـــەی کە ڕایان ئەهێنم پێشکـەون ، پێشکەوتنی ئەوان واتــــە پێشکەوتنی وەرزش لـــــە عیراقدا .

پ ـ ئەوەی من بزانـــم ڕۆیشتت بۆ لیبیا ، بـــۆ ڕۆیشتی‌و چیت کرد لـەوێ ؟

و ـ هەڵبژاردەی تەنس لـــە عیراق ئەبوایە بڕوات بـــۆ ـ لیبیا ـ بۆ بەشدار بوونی لـە ـ پاڵەوانێتی عەرەب بۆ تـــازە پێگەیشتووەکان ـ ئەم پاڵەوانێتیە دوو ساڵ جارێك ئەبەسترێ ، ئەبوایە من بە شێوەی ـ حكم ـ بڕوایەم بەڵام پێش ڕۆیشتنمان بە دوو ڕۆژ لە بەر هەندێ هۆیی تایبەتی بەمنیـــان ڕاگەیاند کە بە شێوەی ڕاهێنەر بەك ـ حکم ـ ئەڕۆم ، مـــــن ڕازی بووم لە بەر ئەوەی بـە خۆما ڕائەپەڕموم وەکو لــــە پێشەوە باسم کرد لـــــەم پاڵەوانێتەدا سێهەمـــــان وەدەس هێنا .

کە هاتمەوە ـ وەزیـری ـ لاوان بانگی کردم‌و کـــات

ئامادەکردنی ـ محمد عبدالرحمن

بڕوانە : ل ٧

بەیەك گەیشتنێك دگەڵ یاشین ی گەورەترین گۆڵچی ی جیهانی

تۆڕینی ـ محمد صالح

پ . بۆ بووی بە گۆلچی ؟

و : لە منداڵیمـــــەوە عەشقی تۆپ بـــووم‌و خولیای یاری‌کردن کەوتـــە سەرمەوە ، لە سەرەتـــاوە هێرش بەربووم‌و بـــــە ڕێکەوت بووم بە گۆلچی لــە سەر ڕای فێرکەرەکـــەم .

پ . جیاوازی چی‌یە لـــــە نێوان هێرش‌بەرو گۆڵچیدا ؟

و : جیاوازیەکی گەورە هەیـە لە نێوانیاندا .. گۆلچـــی پێویستی بە ماندوو بـــوون زیاترەو ڕاهێنانی ئــــەم جیاوازە لە گەڵ ڕاهێنانـــی ئەوردا ..

پ : چۆن تەماشای تۆپـی پێی ئەمڕۆو ڕابوردو ئەکەیت

و : جیاوازی زۆرە لـــــە هەموو ڕوویەکەوە ، فێرکردن وەکو یەکی لێ‌هاتووە بـــە نسبەت هەموو یـــاری کەرەکانەوە ، هێرش‌بـــەر وەکو بەرگری کەر وایە لـە ڕووی خێرایـــەوە ... هەروەها بەرگری‌کەر بــــە هەموو نهێنیەکانی هێرش‌بەر ئەزانێ ئەمەش ئـــــەوە ئەگەیەنێ کە یاری‌کـــەری ڕەسەن کەمە خۆ ئەگەر بـە تەمای ئەوە بین کـــــە یاری‌کەری وەکو بێلیـــەو جارنستیا ببینین ، وابزانـم کارێکی چاوەڕوان نەکراوە .. سەرەڕای ئەو هەمـــــوو بۆمەتیانەی کـــــە دراوە لە ڕووی زانستیـــەوە بەرانبەر تۆپی پێ ، کەچـــی بەشتا ئەو پێشکەوتنـــــە نابینین بە یاری تـــۆپی پێوە ئەمەش وای کردوە کە تەماشاکەرانی تۆپی پێ کـــەم بێتەوە وەکو لە یاریەکانـــی کێ بەکێ ئەوروپـــــادا بینیمان .

پ . ئایا ـ یاشین ـ یکی کـــە لە یەکێتی ســـۆڤێتدا دەر ئەکەوێ ؟

و : لە یەکێتی سۆڤێتـــدا گۆڵچی باش هەیەو منیش فێرکەری تیپی نەتەوایەتیم .

پ . ئەو هۆیانە چین کـــــە ئەبنە هۆی بەرەوپێشچوونـی گۆڵچی ئەو ڕادەیـــەی خۆت تێدا بینی ؟

بڕوانە : ل ٧

ئافرەت ئاسن هەڵدەگرێ !

ـ ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ـ

لە هەندێ وولاتـــــی ڕۆژئاوادا دیاردەیەکی سەیر بڵاوبۆتەوە ، ئافرەت ئاســن هەڵدەگرێ بۆ ئەوەی جوانترو سەرنج ڕاکێش‌تر بێت !

یانەی وەرزشی تایبەتـــی بۆ ئافرەت کراوەتەوە بـــۆ ئەوەی ئەو جۆرە یاری‌یانەی تێدا بکەن ، هەندێ لـــەو ئافرەتانەی لەوێ دەرچـوون لە ئەنجاما شازادەی جوانـان (ملكة الجمال) یــــان هێناوەتەوە .

شارەزاکان ئـــــەو بیروباوەڕە بە درۆ دەخەنـەوە کە دەڵێن ئەگەر ئافـــرەت ـ پراوەی ـ ئەو جـــــۆرە وەرزشانە بکاو ئاســـن هەڵبگرێ ، لەشی بە هێـــز دەبێ‌و ماسولکەکانی ـ عضلات ـ ئەستوور دەبێ‌و جیاوازی‌یەکی وای لە گەڵ پیاودا نابێ ...

ئەوان دەڵێن پیاو ئاسـن هەڵدەگرێ لەشی بە هێـــز دەبێ‌و بۆ مەبەســـتی کاری وەرزشی بەکـــاری دێنێ ، هەرچی ئافرەتـــە بۆ ئەوەی هەڵدەگرێ تاکـو پارێزگاری جوانی‌ی خـــۆی بکات .

ئەم جۆرە وەرزشە گەلـێ سوودیان بۆ ئافرت هەیـە ، نـــە پاڵ ئەوەی کـــــە جوانی‌یان دەپارێزێ هێزێکـی وایشیان دەداتێ کە بەئاسانی ئیش‌و کارەکانیان ڕاپەڕێنن ، هەروەها وا لە ئافرەت دەکـا زیاتر بڕوای بە خـــــۆی هەبێت ،

هەموو ئافرەتێکـــی لاواز یاخود قەڵەو دەتوانـــــن ـ مومارەسەـی ئـــــەو وەرزشە بکەن .



بەڕێوەبەری چالاکی وەرزشی‌و دیدەوانی سلێمانیدا

دوانێك لەگەڵ

حەمە سەعید حەمە کریم

پ . هاوکاری لە سلێمانی

● لایەنێك لەو لایەنانـــەی لە شاری سلێمانی دا بــــە زۆری لێ‌پرسراوی مەسەلەی چالاکی وەرزشی‌و پێـــك هێنانی میهرەجانی وەرزشـی ساڵانە بەڕێوەبەرێتی چالاکـی وەرزشی‌و دیدەوانی سلێمانی‌یە کە سەر بە بەڕێوە بەرێتـــی گشتی پەروەردەی سلێمانی‌یەو ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە چالاکانـە لە هەموو ڕوویەکـــــەوە لە هەوڵی پێش خســـتن‌و گەشەکردنی هەموو لایەنەکانی وەرزشە لە هەموو پارێزگاکەدا بەگشتی‌و لە هەمـــــو قوتابخانەکاندا بەتایبەتـــی‌و ساڵی جۆرەهـــا دەورات‌و پاڵەوانیەت‌و میهرەجانـــی وەرزشی‌و خێوەتگـــای دیدەوانی ڕێك ئەخـــەن‌و ئەنجامی چاکیان ئەبێـــت . وائێمەش لەم لاپەرەیــــەوە ئەم دوانە ڕۆژنامەنوسی‌یـــە لەگەڵ بەڕێز نەوزاد ئیسماعیل حەقی بەڕێوەبەری چالاکـــی وەرزشی‌و دیدەوانـــــی سلێمانیدا بڵاوئەکەینـــەوە تاهەموو خوێنەرانی‌لاپەڕەکەمان لە چالاکی‌و بـــــاری ئەمڕۆی وەرزشی سلێمانـــی بەگشتی شارەزا بن .

پ . مامۆستا نەوزاد حەز ئەکەین سەرەتا گرنگتریـــن چالاکی وەرزشی ئەمساڵـــی قوتابخانەکان بزانین .

و . هەموو قوتابخانەکـــان ، سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی خۆیان بەرنامەیەکـــــی تایبەتی‌یان هەیە بۆ چالاکـــی وەرزشی‌و ئێمەشـــــس سەرپەرشتیان ئەکەیـــن‌و میهرەجان‌و پاڵەوانی‌تیان بـۆ ساز ئەکەین بۆ نمونـە ساڵی خوێندنی رابـــوردوو ٩٧٩ ـ ٩٨٠ ئەم چالاکیەنە جێ بەجێ کراون .

١ ـ هەر لە سەرەتـــای ساڵەوە بە گوێرەی توانـــا هەندێ کەلوپەلی وەرزشـــی وان دابەش کرد بەســـەر قوتابخانەکانی پارێزگاکەدا .

٢ ـ پاڵەوانی‌تی‌و کێ برکێی نێوان هەموو تیپـــــــە وەرزشی‌یەکانی قوتابخانـــە ـ کانمان ڕێك خست‌و هەموویان سەرکەوتوو بوون .

٣ ـ دوو میهرەجانـــــی وەرزشی قەشەنگمان لــــە سلێمانی ساز کرد بـــــۆ قوتابیانی سەرەتای‌و ناوەندی‌و ئامادەیی کوڕان‌و کچان‌و لـــە قەزاکانی هەڵەبجەو دربندیخان چەمچەماڵ‌و ڕانیەو قەڵادزەش هەمان میهرەجانمان سازکردو ئەنجامی چاکیان هەبوو .

٤ ـ تیپی وەرزشی کوڕان‌و کچان بەشداری پاڵەوانی‌تی ناوچەکان‌و دەورەی وەرزشی ساڵانەی قوتابخانەکانیان کرد لە هەولێر .

٥ ـ تیپی دیدەوانـــــی کوڕان‌و کچان بەشـــدری خێوەتگاکانی وڵاتیان کرد لـــە باتوبەو بابل .

٦ ـ تیپی دیدەوانــــی هەڵبژاردەی سلێمانی هاوبەشی خێوەتگای ساڵانەی وڵاتیـــان کرد لە ئەم هاوێتە لە موصل سازکرا .

٧ ـ هەر لە سەرەتـــای هاوینەوە مەڵەگای ســـەر چنارمان کردەوە بــــۆ ڕاهێنان‌و مەلەکردنی قوتابیـان وهاوبەشانی مەلەگاکە .

● کاك نەوزاد ئەی بـــۆ ساڵی داهاتو چیتـــــان بەدەستەوەیە ؟ .

× سەرکەوتنی وەرزشی لە قوتابخانەکاندا بە بوونـــی مامۆستای وەرزش ئەبـــێ‌و ئێمەش ئەبێ سەرەتا هـەوڵ بدەین هەموو قوتابخانەکـان پڕبکەینەوە بە مامۆســـتای تایبەتی وەرزش‌و ئینجـــا کەلوپەلی وەرزشیان بدەینـێ سەرپەرشتی بەردەوامی‌یـان بکاین بۆ دامەزراندنی تیپـی

● کاك نەوزاد بێجگە لـــە ناو قوتابخانەکان ، ئێوە باری ئەمڕۆی وەزرش لە سلێمانیدا چۆن ئەبینن ؟

× جموجوڵ‌و چالاکی‌یەکـی وەرزشی باش بەدی ئەکـەم‌و لاوان‌و گەنجانی سلێمانـی بـە کوردو کچەوە بە پەرۆشـــی وەرزشن‌و تامەزرۆی بینینـی یاری‌یەکان‌و دامەزراوەو یانـە وەرزشی‌یەکانیش هەمویســتان چالاکی باشیان هەیــــەو دەسەڵات‌و دەرامەتیـان زۆر باشەو پاشەڕۆژی گەشیـــان هەیە ئاشکراشە ئـــەمڕۆ لایەنە ڕەسمی‌یەکــــان پشت‌گیری‌یەکـی بـــاشـــ وەزرش ئەکەن .

● هیچ گیروگرفتـــی ڕێگای وەزرش شك ئەبەن ؟

× بەڵێ هیچ کارێك بـێ گیروگرفت ناچێتە ســـەرو مەیدانی وەرزشیش هەروەها گیروگرفتی تایبەتی خـــۆی هەیە وەکو شاری سلێمانـــی بەتایبەتی لە زستانـــــدا ئاووهەوایەکی تایبەتــــی هەیەو زۆر جار ئەبێتـــە هۆیەکـــی تارەمەتـــی ڕێگای وەرزش بـــەزۆری ڕەشەباو بارانی ناوەخــت ، ئەمەیان لەدەستی کەسدانیە ، بەڵام کەمی ڕۆشنبیـــری زۆربەی باوك‌و دایـــك‌و



بڕوانە : ل ٧

لە زمانی چەند هاووڵاتیەکی چۆمان و حاجی ئۆمەرانەوەو چەند وێنەیەکی تری تاوانەکانی ڕژێمی تاران

شێرزاد عبدالرحمن

لە ئەنجامی هێرشی دڕندانەی فڕۆکەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی فارس خۆسەپێنەرەکان بە سەرگەلانی ئێراندا گەلێ وێنەی تاڵی وا دێتە پێش چاو ، کە ڕوو ڕەشیی ئەو ڕژێمە بۆگەنە دەردەخاو ترسنۆکی زیاتری ئەو دەسەڵاتدارە درۆزنانە ڕوونتر ئەکاتەوە.

بەڵام بەرامبەر بەوە ، هاووڵاتیان وورەیان بەرزە ، هەروەکو لە گەشتێکی «هاوکاری» دا بۆ سەردانی ئەو ناوچانە دەرکەوت کە چاومان بە کۆمەڵێ هاووڵاتی کەوت لە حاج عمران و دیانەو چۆمان ...

● **هاووڵاتی - جلال طه لە حاج عمران لە وەڵامی پرسیارەکانی «هاوکاری» دەربارەی تاوانەکانی ڕژێمی ئێران دەڵێ:**

× کاتێك سوپای دلێرمان بەرامبەر بە دوژمنی فارس گەورەترین سەرکەوتنی تۆمار دەکرد ، بە ناچاری دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بە فڕۆکە هاتنە سەر ناوچەکەمان و بە هەموو شێوەیەك کەوتە گیانی کۆمەڵانی خەڵك ، بەڵام ئێمە هەرگیز وورەمان بێ هێز نابێ ، چونکە سەرکەوتنی ڕاستەقینەمان بە دەست هێناوەو لە مافی ڕەوای خۆمان سڵ ناکەینەوەو لە سەر هەقین و هەقیش ناڕوخێ .

● **هاووڵاتی حمد اسماعیل خضر لە ناوچەی حەریر بەرامبەر بە هەڵوێستە ئامرۆڤایەتیەکانی ڕەگەزپەرستانی ئێران دەڵێت :**

× لەوەتی ئەو بێ ویژدانە لە ئێران هاتۆتە سەر تەخت گەورەترین توانی بەرامبەر بە گەلانی ئێران کردووە ، بە تایبەتی گەلی کورد کە داوای مافی ڕاستەقینەی خۆی دەکات ، بەڵام گەلی کورد هەموو دەم ئامادەیە بۆ قوربانی دان و خۆی بەرامبەر بە چەپەڕۆکی دوژمن ڕادەگرێ .

● **لە ناو چەی (چۆمان) - کمال رسول - منالێکی تەمەن دەساڵەیەو لە کاتی هێرشەکانی ڕژێمی نۆکەری قوم ، بریندار بووەو دەڵێ :**

× لە قوتابخانە پێکرام کاتێ بەوپەڕی خۆشەویستی دەمخوێندو دەمویست سبەینێ ببم بە ئەندامێکی بە کەڵك بۆ کۆمەڵ ، بەڵام وا لە ئەنجامی ئەو هێرشە بریندار بووم و بەیارمەتی خوا دەگەڕێمەوە قوتابخانە ، بەڵام ئەمجارە زیاتر لە ڕوو ڕەشیی ئەو ڕژێمە گەیشتم و زیاتر دژی دەرەسم تا ئەو ڕۆژی خەونی گەورەم دێتە دی کە ڕوخانی ڕژێمی تارانە .

● **بەڵام هاووڵاتی رسول حمد دەڵێ :**

× لەو کاتەوە کە شای ئێران ڕوخا ، ئێمەش بە نومێدی ئەوە بوین کە گەلی ئێران لە دەست زوڵم و زۆرداری ڕزگاری بێ ،بەڵام هاتنی ئەو تاقمە درۆزنە زیاتر بوە هۆی ماڵ وێرانی بۆ گەلانی چەوساوەی ئێران کە ئاشکرایە هیچ هێزێك ناتوانێ دەنگی ڕاستەقینەی کپ کاتەوە .

Institut Kurde de Paris

ڕاپۆرتی ناوخۆ ٥

بەشداربووەکانی سێهەمین کۆنگرەی کشتوکاڵی ناوچەی کوردستان

عبدالوهاب طالبانی

بۆ هاوکاری دەدوێن

● **لە ١٩-٢١-١-٩٨١ لە هەولێر کۆنگرەی ساڵانەی سێهەمی کشتوکاڵی ناوچەی کوردستان بەسترا ، لە ڕۆژانی کۆنگرەکەدا چاومان بە چەند کاربەدەستێکی کەرتی کشتوکاڵ کەوت ئەم پرسیارەمان لێ کردن :**

- ڕاتان چیە بەرامبەر گرنگی بەستنی ئەم کۆنگرەیە لەم بارو زروفەدا کە وڵاتەکەمان تیا دەژی ؟

کاك رفعت عبدالله کاك جمیل عبداللطیف کاك سعید خطاط

کاك مولود عبدالقادر

مامۆستا جمیل عبداللطیف بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوی گشتی چاندن و چاککردنی تروتن لە وەڵامدا گوتی :

- بێگومان بەستنی ئەم کۆنگرەیە نموونەیەکی دیموکراسییانەیە بۆ دانانی پلانی کشتوکاڵی لە بچوکترین شانەی بەجێ گەیاندن بۆ بەرزترین پایەی لێپرسراوانی ئەم کەرتە ئابوریە لە وڵات ، بۆ ئەوەی هەموو لایێك ئاگادار بێت و هەر کەس بە پێی تواناو جێگای خۆی جێ بەجێ کردنی بکەوێتە سەر شانی .

ئەمڕۆش کە ڕۆڵەکانی وڵاتەکەمان ژیانی خۆیان خستۆتە سەر دەست و پارێزگاری خاکی نیشتمانمان دەکەن لە دەستدرێژی تاقمە کۆنە پەرستەکەی ئێران ، لە ڕۆژێکی ئاوادا پێویستە لەسەر شانی هەموو لایێکمان کە ئەرکی نیشتمانی سەر شانمان بە باشی جێ بەجێ بکەین ، ئێمە چی فەرمانبەرانی کشتوکاڵی و چی برا جوتیاران و تووتنەوانان هەیە دەبێ بەرهەم پتر بکەین و ، ئەگەر بە دەستێك چەك هەڵگرین دەبێ بە دەستەکەی تر بەرهەم پتر بکەین و هەوڵی پێشخستنی کشتوکاڵ بدەین لە وڵاتماندا و پێویستە هەموو کاتێ هەستی نیشتمانپەروەریمان زاڵ بێت و ، لامان ئاشکرا بێ کە چەك بەبێ ئامادەکردنی خواردەمەنی ناکرێ و نابێ ، شان بەشانی ئەم هەستە بەرزە پێویستیمان بە زانست و بە کارهێنانی تەکنۆلۆژیا هەیە .

● **دوایی کاك رفعت عبدالله - جێگری سەرۆکی یەکێتی بە هەرەوەزیەکانی جوتیارانی عیراق وەڵامی داینەوەو گوتی :**

- ئێمەی جوتیاران و هەموو گەلی عیراقی بە شەرەف لەم ڕۆژەدا زۆر خۆمان بە بەختیار دەزانین کە سڵاوی گەرم و ڕێزی گەورە پێشکەش بە سوپای قارەمانمان بکەین کە ئێستا دەچن بە گژی تاقمە ڕەگەزپەرستەکەی ئێرانداو ، دەبێ هەوڵێکی چالاکانە بدەین بۆ زیادکردنی بەرهەم ئەمەش باشترین بەشداری بوونە لە جەنگە پیرۆزەکەی وڵاتەکەماندا .

دواکراوە لە پسپۆڕانی کشتوکاڵ بە هاوکاری لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە کەرتی کشتوکاڵدا کار دەکەن پلانی چاك بۆ ساڵی تازە دانێن و دروشمی همیشەمان «دەستێك تفەنگ هەڵدەگرێ و دەستێك بەرهەم دێنێتەدی بۆ گەل» بێ لە ژێر ئاڵای پێشەوا هەڤاڵ صدام حسین .

دەربارەی دەوری کۆمەڵی جوتیاران لە هەولێر ، سەرۆکی لقی هەولێر کاك مولود عبدالله گوتی :

- کۆمەڵی جوتیاران لە هەولێر بە شێوەیەکی باش لە ساڵی پاردا ئەو ئەرکەی خرابوە سەرشانی جێ بەجێ کردو دەوری چاکمان هەبوو لە دابەش کردنی ماکینەی جووت و دروێنەو تۆوی چاك بەسەر برا جوتیارەکاندا ...

- مام مولود کۆمەڵی جوتیاران چی کرد لە ناو برایانی جوتیاردا بۆ خۆ ئامادەکردن دژی هێرشی تاقمە فاشیستەکەی خومەینی بۆ سەر وڵاتەکەمان ؟

- لە بارەی جەنگە پیرۆزەکەمان لەگەڵ تاقمە ڕەگەزپەرستەکەی خومەینی جادووگەر برایانی جوتیار ئامادەن بۆ چەك هەڵگرتن هەروەها کۆمەڵمان لە هەولێر «٢٤» بەتانیەو -٢٠- سۆبەو -٢٠- پانکەی بەسەر خێزانی شەهیدەکاندا دابەش کردوە .

هەروەها چاومان بە کاك سعید خطاط کەوت کە لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنە لە ئەمینداریتی گشتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ و دەربارەی گرنگی کۆنگرەی سێهەمی کشتوکاڵ گوتی :

- بێگومان بەستنی کۆنگرە چاکترین گۆڕەپانە بۆ دانانی پلان و نەخشەی کشتوکاڵی ناوچەی ئەم کۆنگرەیەش مەبەستێتی ئەو ئامانجانەی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ کەرتی کشتوکاڵی داناوە بهێنێتە دی ،بەتایبەتی لەو قۆناخە ناسکەی ئێستای وڵاتەکەمان ،سەبارەت بە ڕاگەیاندنی کشتوکاڵی ، لیژنەکەمان چەند پێشنیاری پێشکەش کردوە ، بەرای ئێمە ئەگەر پەسند بکرێت دەبێتە هۆی فراوان کردنی دەسەڵاتی ڕاگەیاندن و بەهێز کردنی ، لەو پێشنیارانە: پێشکەش کردنی بەرنامەیەکی مانگانە لە تەلەفزیۆنی کەرکوك کە پێشان دەستەی کشتوکاڵی سلێمانی ئامادەی دەکرد ، هەروەها بایەخدانە ئەو لاپەڕانەی بە کوردی دەردەچن لە ڕۆژنامەی (دەنگی جوتیار - صوت الفلاح) داواشمان کردوە ئەمینداریتی گشتی کشتوکاڵ لە چاپدانی نامەی دکتۆری و ماجستێر بخاتە ئەستۆی خۆی ، ئەوانەی کە لەسەر کشتوکاڵ دەنووسرێن .

- ئایا دەنگی دەرکردنی گۆڤارێکی کشتوکاڵی نیە لە لایەن ئەمینداریتی گشتی کشتوکاڵەوە ؟

- لە کۆنگرەی یەکەم و دووەمی ناوچەی کوردستاندا لیژنەی ڕاگەیاندن پێشنیاری کرد کە ئەمینداریتی گشتی کشتوکاڵ بڵاوکراوەیەکی وەرزی دەر بکات ، بۆ ئەو مەبەستە بە نووسراو داوامان لە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن و وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کرد بەڵام هێشتا وەڵامەمان نەدراوەتەوەو ،ئێمە ئەو بڵاوکراوەیە بە شتێکی پێویست دەزانین و هیوادارین کە موافەقەتی لەسەر بکرێ و ئەمساڵ بتوانین دەری کەین .

ڕێکخراوە گەلی و جەماوەریەکانی سلێمانی و جەنگی قادسیەی صدام

● **یەکێك لەو لایەنانەی کە لە جەنگی قادسیەی صدام حسیندا دەوری باڵای خۆی بینی بریتی بوو لە ڕێکخراوە گەلی و پیشەیی و جەماوەریەکان و لە پارێزگای سلێمانیشدا ئەم ڕێکخراوانە دەورێکی لێهاتوانەو جەسورانەیان بینی و پاڵپشتێکی چاك بوون بۆ سوپای دلێرمان و کارێکی باشیان کردبووە سەر بەهێز کردنی بەرەی جەبهەی ناوخۆ بۆ شارەزا بوونی ئەو هەواڵ و تەقەلایەی هەندێ لەو لایەنانە داویانە ئەم گفتوگۆ ڕۆژنامەنووسیەمان لە گەڵ هەندێکیاندا کرد .**

● **بەرێز کاك محسن محمد عبدالله سکرتێری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە یەکیەتی لاوانی سلێمانیدا وتی :**

× کاتێك کە ئیمانمان بەوە ئەبێت کە (لاوی ڕاستەقینە ڕێگای ڕاستەقینەی شۆڕشە) ئیتر پێویستە لە سەرمان کە زۆر بە وردی و گرنگیەوە پلانەکانمان بکێشین بۆ ئەوەی بتوانین بە ئاسانی بەرەنگاری ناڕەحەتی و ڕووداوەکان ببین و هەوڵی کەمتری بۆ بدەین و شتی کەمتری تیا سەرف بکەین .

شەڕش همیشە لە نێوان حەق و ناحەقدا دروست ئەبێت و لەم ڕۆژانەشدا کە تاقمە خوێن ڕێژەکەی تاران و قوم پەلاماری نارەوایان دایە وڵاتمان و تەماعیان کردە نیشتمانی کوردو عەرەب ئیتر شەڕی قادسیەی صدام دەستی پێ کردوو سەرکەوتنمان بە دەست هێناو ئێمەی لاوانیش بە پێشڕەوو فتوەوە هەروەکو هەموو لایەنەکانی تری گەل باشترین هەوڵیان داوە بۆ بەهێز کردنی جەبهەی ناوخۆو پاراستنی خاکمان و بە شێوەیەکی گشتی و لە نێوان ئەو تیپانەوە کە دروستمان کردن توانیان باشترین هاوبەشی بکەن لە ڕۆشنبیر کردنی جەماوەرو ئیسعافات و چۆنیەتی خەمۆ شاردنەوەو ڕزگار بوون لە بۆردومان و یارمەتی دانی پۆلیسەکانی هاتوچۆو تاکو ئێستاش توانیومانە هاوبەشی گەلێ دەورەی بەرگری میللی بکەین و لیژنەی تایبەتیمان دروست کردووە بۆ تەندروستی و ڕاهێنانی سەربازی و هاتووچۆو ، یارمەتی دانی بەرهەمهێنان و ڕاگەیاندنی جەنگ و یارمەتی دانی هەوڵی جەنگ و گەلێکی تر کە هەریەکەیان باشترین کاری بەرگری میللیان جێ بەجێ کردووەو پەیمان ئەدەین کە همیشە سەربازی بە وەفای سەرکردایەتیمان ئەبین بۆ پاراستنی خاکو نیشتمانمان لە هەموو دەست درێژیەك .

● **کاك لەتیف محمد امین سکرتێری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی یەکیەتی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی وتی :-**

× یەکیەتی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی بە نیازی هاوبەشی جەنگی قادسیە - صدام و بەهێز کردنی جەبهەی ناوخۆ گەلێ چالاکی و جموجوڵی جۆراوجۆری پێك هێنا کە گرنگەکانیان ئەمانە بوون .

پێك هێنانی گەلێ کۆڕی ڕۆشنبیری و هوشیار کردنەوەی کرێکاران لە کارگەکاندا بۆ ڕوون کردنەوەی سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمان و ڕوون کردنەوەی هەڵوێستی دوژمنانەی تاقمەکەی خومەینی دژی گەلێ عێراقمان بە کوردو عەرەبەوەو گەلێ هەڵمەتی خوێن بەخشینمان لە ناوجەماوەری کرێکاراندا پێك هێناو لە هەموو لیژنە نەتابیەکاندا یارمەتی کۆ کرایەوە بۆ خێزانی شەهیدان و بریندارانی بۆردومانە نارەواکانی ڕەگەز پەرستەکان و سەری نەخۆشخانەکانمان داوەو دیاریمان داوەتە بریندارەکان و دڵخۆشی ماڵ و خێزانەکانمان کردوون و هاوبەشی یتپەکانی بەرگری میللیمان کردووەو ئەتوانم بڵێم کرێکاران دەورێکی باڵاو ئاشکرایان بینی لە پشت گرتنی سوپای دلێرماندا .

● **بەرێز خوشکە نەجات عمر صالح ئەمینداری نهێنی لقی سلێمانی یەکیەتی ئافرەتان ئەڵێ :-**

× سەرکەوتنی سوپای دلێرمان لە جەنگی قادسیەی صدامدا ڕاستی و دروستی ڕەوایەتی مافی وڵاتەکەمانی ڕوون کردەوەو ئێمەش بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی و هەڤاڵی تێکۆشەر بەرێز صدام حسین و گەلی عێراق بە کوردو عەرەبەوە ئەکەین و داوای سەرکەوتنی زیاتریان بۆ ئەکەین . لقمان بەم بۆنەیەوە توانی باشترین یارمەتی سوپامان بدات لەم جەنگەیدا بە بەهێز کردنی جەبهەی ناوخۆ وەکو دروست کردنی ژەمێ خواردن بۆ تێکۆشەرانی سوپای میللی و سوپامان لە شوێنەکانی خۆیاندا هەروەها سەردانی خێزانی شەهیدەکان و بریندارانی بۆردومانە دڕندایەتیەکانی خومەینی فێڵبازو پێشکەش کردنی دیاری و دڵخۆش کردنیان و گەلێ کۆڕی فراوانمان پێك هێنا بۆ ڕوون کردنەوەی سەرکەوتنەکانی سوپامان . وە هەروەها توانیمان گەلێ هەڵمەتی خوێن بەخشین لە ناو ئەندامانی یەکیەتیماندا پێك بهێنن و گەلێ دەورەی بەرگری میللیمان لە گەڵ بەڕێوەبەرێتی بەرگری میللیدا کردەوەو ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان هاوبەشیان تیا کرد لەگەڵ دەوراتی ئیسعافاتی سەرەتایی و خزمەت گوزاری ناو نەخۆشخانەکان و ئامادەی هەموو ڕوداوێکین و لە سەر پەیمانی خۆمانین بۆ ئەوەی سەربازی بە وەفا بین بۆ پاراستنی خاك و وڵاتمان لە هەموو دەست درێژیەك .

کاك محسن محمد عبدالله

کاك لەتیف محمد امین

روانین

● نەژاد عزیز سورمی ●

« پرسیار » شانۆگەریەکی مامۆستا « محی‌الدین زەنگەنەیە » کاتی خۆی بەیمان بەگۆك دەری‌هێناو کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردیش - لقی هەولێر - بۆ ماوەی سێ رۆژان لەسەر شانۆی هۆڵی ئیبنی مستەوفی‌یەوە پێشکەشیان - کرد .

ئەوەی دەبێ بگوترێ ، بەیمان لە دەرهێنانی ئەم شانۆگەریەدا ، تاکو رادەیەکی چاك سەرکەوتووبوو، زیاتریش وەك ئەکتەر ، (کە دەورێکی سەرەکی لە شانۆگەر بەکەدابینی - دەوری سەفوانی تەبیب-)

شانۆگەری «پرسیار» چیرۆکی پزیشکێکی زەمانیمان بۆ دەگێڕێتەوە .. سەفوان ئینسانێکی بێ‌زەرەوە ، لەگەڵ کتێبەکانیدا دەژی ، لەوەیش دڵنیایە کە بە هۆی هێزی زانین‌و عیلمەوە دەتوانێ بە دوای ئەم دونیایەدا بگەڕێ ، ئەو دونیایەی هەموو نەریت‌و خوو رەوشتە نموونەییەکانی تێدا ون‌بووە ... هێزێك لە ناوەوە پاڵی پێوە دەنێ کە هەوڵ‌بدات ئینسانیەتی خۆی بدۆزێتەوە ، بۆیە تەماشا دەکەی بێ بەرابەر دێ چارەسەری نەخۆشان دەکا .. دەهاواری دەسلایەزان دەچی لەمەیش .

زیاتر ، یارمەتی هەژارو لێقەوماوان دەدا .. داوو دەرمانیان بۆ مەیسەر دەکا..

لە پڕ رۆژێ لە رۆژان لە دەرگای دەدرێ . . سەیردەکا : ژنێك‌و پیاوێك بۆ بەختی رەشی خۆیان دەگرین .. نەخۆشێکیان پێیە ، لە لێفەیێکی شڕیان پێچاوە .. ژنەکە واپیشان دەدا ، نەخۆشەکە مێردیەتی .. پیاوەکەیش بە شێوەیەك خۆی دەردەخا کە خزمی کابرای نەخۆشە ..

لەو کاتەیدا ، سەفوان لێی نزیك دەبێتەوەو دەیەوێ بزانێ داخۆ چیەتی‌و دەرمانێکی بۆ بدۆزێتەوە ، دەبینێ هەناسە چیە تێیدا نەماوە .. ؟ !!

لێرەدا هەست بە گرێی شانۆگەریەکە دەکرێ ..؟؟

ئافرەتەکە وەسەرو پۆڕی خۆی رادێ ، کە (گۆیا) بۆ مێردەکەی دەگرێ ..

خۆی دادەبچکوڕێ ، خۆی بکوژێ .. بەڵام ئەو کابرایەی لەگەڵی‌دایە ناهێڵێ ، بەم‌جۆرە یەك لەوی‌و یەك لەوی ، بە دوای یەکدی‌دا دەکەون‌و دەچنە دەرەوەو نایێنەوە ...؟

لاشەکە لە ماڵی سەفوانی دنساق‌و ساویلکەدا جێ‌دەهێڵین . . ئالێرەدا ژنەکەی (سەفوانی تەبیب) هەوڵ‌دەدا چارێك بدۆزێتەوە ، بۆ ئەمەیش داوا لە براکەی دەکا یارمەتی بدات .. بەڵام سەفوان وەك دەڵێن « هەر لەسەر سێ جا بیستی خۆیەتی » ، بە ژنەکەی دەڵێت : پێویستە ئێمە خەبەری (بارەگا) بدەین ، کە بارەگایش حاکمی شار دەگرێتەوە .

بەڵام ئەوەتا پاسەوان‌و پاساوڵەکانی بارەگا ، ئەوەی نووستووە ، نووستووە ، نووستووە ، ئەوانی‌تریش خەریکی رابواردن‌و گوزەرانی خۆیانن‌و نەلەکەس دەپرسنەوەو نەکەسیش لێیان دەپرسێتەوە .. ئا ئەمەیە حاڵی بارەگا .. ئا ئەوانەشن حاکمەکانی شار .. .. ئا ئەمەیە حاڵی بارەگا .. ئا ئەوانەشن حاکمەکانی شار - بە هەرحاڵ

تاکو دەگاتە ئەوی حاکم بە مەسەلەی سەفوان دەزانێت قیر سپی دەبێت بەڵام بەچی دەچێ ؟ دوای زنجیرەیێ گاڵتەجاری‌و کەربازاڕی‌یەوە لیژنەیێکی (بەناو تەحقیقی) بۆ دادەنرێ‌و (نەکردی‌و نەخواردی لەسمێڵان مەبو) ، سەفوانی دنساف ، و «یاغیش» بەمانای ئەم عەسرە ! » حوکم دەدرێ‌و دەخرێتە زیندان ..

لەم لایشەوە ، ژنەکەی کە بروای بە کتێب‌و زانست نیە ، دەچێ هەموو کتێبەکانی دەفرۆشێ‌و لە دەستی (خاوەنی بەرید)ی دەکا ، گۆیا چارێکی لێ دەکاو « واستە »یێکی بۆ لای وەزیر دەکاو سەفوان ئازاد دەکا .

بەڵام ؟ !!

بەڵێ هەموو هەر بێ وەعدەو بێ‌بەڵێنن .. ئا بەم چەشنەیش « عەدالەت » سەر دەبڕێ‌و ، ئەم تراژیدیایە کۆمیدیەیش ، وەکو

(بەردەوامە) بەردەوام دەبێت ..

ئەم شانۆگەریە ، بە عەرەبی نووسراون‌و کاتی‌خۆی وەزارەتی رۆشنبیری‌و راگەیاندن چاپی‌کردوە . .

هونەرمەندی کوێتیش (مونسیف ئەلسوێس) لەم درایەدا ئەم شانۆگەریەی دەرهێناوەو «تیپی پێشڕەو»ی کوێتیش لە (کوێت‌و تونس)دا پێشکەشیان کردوە .

شایانی باسە کە نووسەری شانۆگەری مامۆستا محی‌الدین زەنگەنە،خۆیشی بانگ‌کرابوو لە هەردوو پیشاندانەکەدا ئامادەبوو ..

دەرهێنانی مونسیف وەکو رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو ناوەیش لەسەریان نووسیوو، بە چەشنێکی وەستایانە مامەڵەی لەگەڵ‌کراوە .. لە هەمان کاتیشدا هونەرمەندانە پێشکەش کراوە .. بۆ نموونە ، گۆڤاری « عالم الفنون »ی کوێتی لە ژمارە ٣٣ی یدا نووسیویەتی دەڵێ : (ئێمە هیوامان بەو تیپانەی کاری چاکیان پێشکەش کردوە بەتین‌بوو، بەڵام ئەوەتا تائێستا وەکو پێویستە بە دەنگمانەوە نەهاتوون .. بەڵام ئەمڕۆ دوای ئەوەی تیپی پێشڕەو هاتەکایە ، بە پێشکەشکردنی یەکەم بەرهەمیان کە شانۆگەری « پرسیار »ە یەکەم بەردی بناغەی شانۆی کوێتی بۆ دانایین ..

رۆژنامەی « الوطن »یش لە لە ژمارەی رۆژی ١١ی ٦/ ٩٨٠/ نووسیویەتی دەڵێت : (شانۆگەری پرسیار بە قووڵی خەمی کۆمەڵگایێکی بۆگەنی دەسنیشان‌کردوەو بەکاڵایشی کردۆتەوە .)

دیسان رۆژنامەی «الانباء» ژمارەی رۆژی ١٩٨٠/٦/٨ دەڵێت : (پرسیار لە شانۆگەری « پرسیار »دا شتێکی ون‌و نادیار نیە ، هەر لەسەرەتادا وەڵام دەردەکەوێ .. لە هەموو دێڕێکی‌دا . . لەهەموو وشەیێکی‌دا . .)

کوێتی ژمارە ٢٩٠٠یش لە رۆژنامەی « القبس »ی ژێر سەردێری « پرسیار ، دەقێکی قوولە ، دەرهێنەر حەقی خۆی نەداوەتێ » ، نووسیویەتی دەڵێ : لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقی ئەسڵی نووسەر ، ئەوەمان زۆر بە ئاسانی بۆ دەردەکەوێ کە ئێمە لە بەرا بەری نووسەرێکی شانۆگەری داهێنەردایین ..

نووسەر لە «پرسیار»دا رستەیێکی رۆشن‌و زیرەکانەی پێشکەش کردووین » .

بەم جۆرە « پرسیار » وەك شانۆگەرێکی سەرکەوتوو ، لە کوێت‌و تونس پێشکەش‌کرا .

شایانی باسە ، وەك لەپێشەوەیشدا باسمان‌کرد کە مامۆستا محی‌الدین زەنگەنە،لەکاتی پێشکەشکردنی « پرسیار »دا ئامادەبوو ..

لە وەڵامی پرسیارێکماندا کە داخۆ تائێستا هەوڵی نەداوە بە زمانی زگماك (واتە زمانی کوردی) نبووسێت ، لە وەڵامدا وتی :

راستی ، زۆرم هەوڵداوە کە بتوانم ئەوەی دەمەوێ پێشکەشی‌بکەم ، بە زمانی کوردی بێت ، بەڵام داخم ناچێت کە من وەکو ئەوەی دەستم بەسەر عەرەبیدا دەشکێ لەکوردیەدا وانیم ..

ماوەیەك لەمەوبەر یەك دوو چیرۆکم بە کوردی لەرۆژنامەی « هاوکاری »دا بڵاوکردوە .. بەڵام راستی لێیان رازی نەبووم ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە بەداخەوەم کە برادەرانی رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان وەکو پێویستە لەم بارەیەوە یارمەتیان نەداوم .

- : بەڵام ، ببوورە ، چۆن یارمەتیەك ؟

- : مەسەلەی ، ئێستا ئەوە نزیکەی (٥ ، ٦) مانگە بەڵکو زیاتریش چیرۆکێکم بۆ دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەدەی کوردی ناردوە

بڕوانە : ل ٧

● چیرۆکی : نەسرەت مەردان

وەرە نانی ..... پشیلەکان ئەوا نوستوون

● وەرگێڕانی : شێرزاد حسن

نانی .. من زۆر باش لە بیرمە .. چاك دێتەوە یادم .. منال بووین.. ئەترسایت‌و هەڵەشت لە پشیلە ئەچوو . منیش لە تاریکایی‌دا ئەمچرپاند : وەرە نانی پشیلەکان ئەوا نوستوون . من لەگەڵ ئەو هەموو ساڵانەش قەت تۆم لە یاد ناچێ .. لەگەڵ ئەو هەموو ساڵانە .. ئەم رستەیەم وەك شیعرێکی لە دڵدا هەڵکەنراو هەر لە یادمایە :

وە .... رە
نا .. .. .. نی
پشیلەکان
ئەوا .... نوستوون

لەتەمەنی سیانزە ساڵیدا دەستم‌کرد بە جگەرەکێشان.. چاوەڕوان ئەبووم تا باوکم ئەخەوت ، بۆ ئەوەی جگەرەیەکی لێ‌بدزم‌و بیکێشم. لەگەڵ هەر جگەرەیکدا هەستم‌ئەکرد گەورەتر ئەبم ، هەوڵم ئەدا بە دەنگێکی نێرانەو توندتر بدوێم .

دایکم پێی زانی‌و ئەیگووت :!

کوڕی خۆم ئارام بە .. بە رِوویا پێ‌ئەکەنیم‌و ئەمکوت دایکە چاکەکەم لێم گەڕێ با لە شتەکان رِابێم . لەگەڵ هەر جگەرەیکدا کۆکەکەم کەمتر ئەبۆوە . کە فێری‌بووم، باوکم پێی زانی ، شەپازللەیەکی لێ‌دام‌و نەڕاندی « لە ئێستاکەوە ئەتەوێ نێر بەد رەوشتی‌بی »

دوای ساڵێك جگەرەکێشانم دایکم مرد . رۆژێکی پڕ ماتی‌و دڵتەنگی زستان‌بوو. هەستم‌کرد ئەکەومە ناو خەرەندێکی بێ بن . خۆڵەکە تەڕبوو ، من ئەگریام ، کەچی رِووی باوکم هیچی نەدەنواندو ووشك‌بوو . بۆ ناو گۆڕەکەی شۆڕیان کردەوە ئەوی‌بستم کۆتایی پێ‌هات. . ئەو تاکە ئافرەتەی خۆشی خۆڵیان بە سەرداکرد . گەڕاینەوە . لە ماڵەوە لە تەنیایی خۆما هەستم ئەکرد ئەوا ئەمرم .

نانی .. بامنت باشس بێتەوە یاد . بە منالیم ئەسپێ خوارد بوومی . باوەژنەکەم وازی لێ‌هێنابووم. ئەسپێش خواردمی . پیسترین منالی گەڕەکەکەمان بروم . نانی هەوڵبدە بیا بێتەوەیادت . کەسیان رێگەی ئەوەیان نەئەدا منالەکانیان یاریم لەگەڵدا بکەن ، تۆش تاکە کەس بوویت هیوام ئەخواست یاری لەگەڵدا بکەم ، کراسە پاکژەکەی بە دەستێکی لەرزۆك بگرم . بەڵام تۆشس هەروەکو ئەوانی‌تر لێم دوور ئەکەوتیتەوە . بە ئاهێکی پڕ لە رەزیلی بانگم ئەکردی : نانی وەرە پشیلەکان ئەوا نوستوون .

بەڵام هەرگیز قەت نەئەهاتی . . ئەسپێ خواردبوومی . لە تەنیایی خۆما لە قوڕ پەیکەری منالانم دروست‌ئەکرد ، لە گەڵیانا ئەدوام‌و بە شەڕیش ئەهاتم. ناوێکی زۆرم بۆ ئەدۆزینەوە ، ئام پەیکەرە قوڕینانە تاکە هاوڕێی من بوون .

منیش هیواو ئاواتێکی زۆرم هەبوون . نانی . . خۆزگەم‌بوو خەنجەرێکی درێژم هەبێ‌و سکی باوەژنەکەمی پێ‌هەڵدڕم ..

دوایی پری‌کەم لە ئەسپێ . خۆزگەم‌بوو تەنها جارێك باوکم بە رِووما پێ‌بکەنێ، جارێك لێم بپرسێ .. تۆچیت ئەوێ ؟ باوەڕت بێ‌نانی گەر بیپرسیبایە . . هەرگیز نەمئەگوت یاری‌و مێوەم بۆ بێنەوە . بەڵکە پێم ئەگوت «داوات لێ‌ئەکەم خۆشمت بوێ ».

پاش دوو ساڵ باوکیشم مرد . بۆ لای پەیکەرە قوڕینەکان رامکردەوە . شادبوون . بە ناوی خۆیانەوە بانگم‌کردن‌و بەڕاکردن بە پیرمەوە هاتن .

ماچیان‌کردم . پەیکەرە قوڕینەکان بەوەفابوون . ئەو دەم نەگریام .

پاش دوو مانگی‌تر باوەژنەکەم لێی پرسیم . تۆ بۆقینت لێم ئەبێتەوە ؟ دەستی بە سەردا هێنام . هاوارم‌کرد . وازی لێ‌هێنامەوە تا ئەسپێ خواردمی‌و منالانی گەڕەك تەنها جێ‌یان‌هێشتم . جارێکی‌تر .. دەستی خستە سەرشانم . پێی ووتم .. دەی هەموو شتێ لەبیر بەرەوە . سەیری ناو چاوەکانی کردم . پێی ووتم تۆ ئێستا گەورە بوویت . . بوویت بە پیاو . پێی ووتم . . ئاخۆ منت خۆش ناوێ ؟ بەوهەموو قینەی پڕ لەگیانمایە تفێکم لێ‌کرد . کە وام‌کرد هەستم بە خۆشیەکی بێ‌پایان‌کرد . لە دەرگاکەوە وەکو کۆنە پێڵاوێك فڕێم‌دا . دەرم‌کرد نانی . پەنجەرەم کردەوە . بە تاسەوە بۆنی شارم‌کرد . هەستم‌کرد ئێستا نەژیم .

چوار ساڵ تێپەڕی‌و خۆم بە سەربازی بینی .. لەگەڵ سەربازەکانا کەوتمە شەڕە جوێن‌و گاڵتەجاڕێ . لە توندی‌و کەللەرەقی‌و جوێنەکانم رِاهاتن‌و کەس باری نەدەبردم .. لە ماوەی ئەم چوار ساڵە دە جار بە شەڕ هاتم . بەندکرام .. بەڵام نانی هەرگیز تۆم بیر نەچۆوە .

شەوانی هاوین کەلەسەر جێگەکەما رِائەکشام . رووناکیەکی پاك لە پەنجەرەکەتانەوە ئەڕژایە دونیای دەرەوەم . سەعات هەشت دایکت پێی ئەگوتی : نانەکە .. ئێستا کاتی خەوە شەوێکی شاد . تۆش بە هەنگاوی وردیلانەتەوە وەکو شازادەیەکی ناو ئەفسانەکان بەرەو پێخەفەکەت ئەخزای . چەند خۆشی‌یەکی گەورەبوو کە ئەمبینی‌و هەموو شەوێك گوێم لەم رستەیە ئەبوو . شەوێکی شاد .. نانی .

ئای نانی گیان .. لە ژیانما شتێکی زۆرم بینی .. یەکجار زۆر ئەو گوندەم بیردێتەوە کە لەگەڵ چەند هاوڕێ‌یەکی سەربازم رِوومان تێ‌کردو بینیم چۆن نەخۆشی مرۆڤی هەڵدەوەراند . زۆر کەس هەولێ‌دا لە گوندەکە رِابکاو رزگاری‌بێ .. کەچی تەنها چەند هەنگاوێك دوور لە گوندەکەوە هەڵدەوەرین . کۆتاییان پێ‌دەهات . لە ژێر دار خورمایەك وەستام دەستم‌کرد بە گریان .

گوندەکە کۆتایی پێ‌دەهات. تەنها پزیشکێك دوو ستەرو

بڕوانە : ل ٧

چیڤانوك

ئەز و کورو وار

سەرفەراز عەلی نەقشبەندی

● بڕێ کەفتن .. هندی پێنگاڤەکێ ژێ‌هەل د چون نولپەك ژ دلێ ژنکێ د ڤەڕەست ، چاڤێ وێ ب دژل و نهالا دکەفت‌و بیبیکا وان دبو گەمی دناڤ دەریا روودنگێن زەلال دا ...

بێهنا خو هەلکێشاو گوت :

- من هزار جار ژ خودێ مەزن منەتە .. من جارەکا دی ئەڤ بابێ شرین هەلکێشا ڤە ، هێشتا ئەز نە مریم ..!

کورێ وێژێ ژ کەیفادا خو لعەردی نەدگرت ، چاڤێن وێ بونە تەیس تەیسوك دکەل تورمبێلێ دزفرین . . رەنگێن نهالا دهژمارتن ، ئەڤا سورە ئەڤا زەرە ، یاهە باسپی‌یە ، یاشینە ... گوتە دەیکا خو :

- نودا ئەز دێ شبێم بسەر چیپای کەڤم‌و نەکەڤمە خارێ .. ؟

- ئەرێ کورێ من . .

ڤیتن هوی بی چەوا دێ بسەرکەڤی ..

- پا هەکە ئەز چومە سەرێ سەرێ دێ گەهمە ئەسمانی .. ؟

بخودێ دێ گەهمی . . بەرێ خو بدێ ئەسمان یێ پێڤە ، هەکو بو شەڤ دێ چمە سەر بەرێ هەنێ‌و دێ هەیڤێ گرم .. !!

لێ دەیکا وی ژبەر خورپێن دلێ خوو بیرهاتنێن بەرێ نەدشیا لێڤێ ل لێڤێ بدەت..

مێرکەك دسینگێ قەمارێ دابو زڤری‌و گوتە ژنکێ : -

- خویشنکێ دیارە ژ مێژیە هوین نەهاتینە ڤی جهی ..؟

ژنکێ ئاخینکەك هەلکێشاو گوت :

- برا ، ئەڤە شەش سالە ئەم ژ ڤێرێ چوین .. دتینا ڤی واری ل مە ببو کەسەر .. ڤی‌واری ل مە ببو کەسەر.. ئەز بهێم نە ژبەر خو هەما ژبەر ڤی کورکی ، هندە

مەزن بو هێشتا گوندێ خو وارێ باب‌و باپیرێن خو نەدیتیە ، دێ لکولانێن بیبانیا بەرزەبیت ... ڤێ جارێ ژی ئەز هاتم ، ڤێجا هەکە ئەز بمرم ژی بلا .. چ کەسەر نەمانە د دلێ من دا ..

- هوین بخێر هاتن ، خودێ چ کەسەرا نەهێلتە د دلێ چ مروڤادا ... خودێ کەسێ ژ وارێ وێ مشەخت نەکەت .. !!

کورك زڤری‌و گوتە دەیکا خو :

- نودا ئەڤە ئەو کانیە ئەوا تە بومن بەحسێ وێ کری پا کا چ دارێت کوێزێ لهنداف نینن ...!؟

- . . . . . . !!

- خالۆ ئەم گەهشتین ، ئەڤە کانیا بنێ گوندییە ، گوێزەك ل هنداڤ بو لێ نەمایە .. !

هەرە ئاڤێ ڤەخو ..

هەمی پێکڤە پەیا بون . .

کورکی دەستێن خو دئاڤا کانیێ هەلاندن گوتە دەیکا خو :

- نو دایکێ ، کی بەفرێ دکەتە ڤی ئاڤێ هو دتەزیت.. کێ ئەڤ چیایە ئاڤا کرینە .. کێ ..... ؟!

- ئاخ کورێ من، سەرباری بەر دلێ دەیکا خو ، ئەڤ ئاڤە خودێ یاتەزی کری ، ئەڤ چیایە خودێ یێت بلند کرین .. ئەڤ گوندە خودێ مەزن هویێ شرین‌و دێرین کری ...!!

- دایکێ .. دا ئێدی ژڤێرێ نەچین .. خێرە دا نەچینەڤە .....

تەزنکەك بسەر لەشێ دایێ دا چوو دلێ وێ وەکی چویچکا ڤەکوشتی خو هەلاڤێژت‌و قەدەم لێ شکەستن ، روینشتە سەر ایڤا کانیێ وەکی زارویێ دایك لێ بەرزەبوی و کرە گری .. و گوت : -

- خوزی .. خوزی ، ئاخ کورێ من هەر بەرەك لجهێ خو یێ ببهایە .. وەی ژ دویراتیێ .. ژ مشەختیێ .. خرلی سەرێ ئەزێ ژبێ من چر لکولانا - ژبێ کورێ من ژێ دێ چیت .. وەی . . وەی ..

شوفێرێ گوتێ :

- ئەز بەنی ئینیەکا دی بهێمە ددویف هەوەرا .. ؟

ژنکێ روندکێن خو پاقژ کرن‌و گوت :-

- نەخێر برا .. هەکە تو چویە نشیڤی بێژە بابێ کورکی ئەزو کورێ خو ناهێنەڤە - دێ لڤێرێ بین‌و دێ خانیکێ خو ئاڤا کەینەڤە.

ئەزا لڤێرێ بویم‌و دێ لڤێرێ ژی مرم ...

ئەو ژی کەیفا وی‌یە .. ئان ئەزو کورو وار ئان ..!!

بامەرنێ ١٩٨٠

دەسماڵی ڕەش

شیعری: ئەلیکساندەر پۆشکین

عەبدوڵڵا پەشێو

لە رووسی‌یەوە وەریگێڕاوە

هەرچەند جاری چاو دەبڕمە دەسماڵی رەش
گیانی ساردم ، خەمی دنیای دێتە باوەش
لەیادمە ، هێشتا لاو بووم ، خۆشبڕوا بووم
ئەشقی کیژە یۆنانیەکی بێ‌پەروا بووم
لەباوەشیا ، ئارام دەبووم ، وەکوو منال
ئاخ ! نەمزانی کە دەگەمە رۆژی وا تاڵ
رۆژێك لەگەڵ هاوڕێیاندا کۆڕمان ساز بوو
جوولەکەیەك هاتە بن‌کوێم ، چەنەباز بوو :
« تۆ خۆت ئێرە رادەبوێری ، کەچی ، برا ،
وا دۆستەکەت خەریکە لەگەڵ هی‌ترا ...»
لەپاداشتا ، زێڕم دایەو چارەی ون کرد
ئەوجا بانگی بەندەی خۆم کرد ، هات دەستوبرد
هەردووك سواری ئەسپی شێ بووین ، تێمان‌تەقاند
قینی رەشیش ، لە هەناوما ، تۆڵەی دەساند .
هەرکە دەرگەی ماڵی یارم لە دوو دەرکەوت
هۆشم نەما ، خوێن بۆ تەوقی سەرم سەرکەوت
کە خۆم کرد بە ژوورا ، دیتم ، کار تەواوە
ئەرمەنی‌یەك دەمی لەناو دەمی ناوە !
دنیام لە بەرچاو تاریك بوو . شیرم وەشاند
کوڕە ماچی تەواو نەکرد ، سەرم پەڕاند .
ئەوسا پێم‌نا بە لاشەی کەوتووی بێ‌سەریا ..
نۆرەی کچ هات - سوودی نەبوو هەرچەند گریا -
پاڕانەوەو فرکەی خوێنیم هەر لەبیرە
ئەویندارو ئەوینم توشت ، ئا بەم شیرە
سا دەسماڵی رەشم لە سەری کردەوە
شیرە خوێنینەکەی خۆمم پێ سڕیەوە
بەندەکەشم ، کە تاریکی دنیای تەنی ،
بۆ زێی «دووناي» کردنی بە خواردەمەنی
لە ئەوساوە ، چاوی جوانان قەت ماچ ناکەم
لە ئەوساوە ، شەوانی خۆش بەسەر نابەم
هەرچەند جاریش ، چاو دەبڕمە دەسماڵی رەش
گیانی ساردم ، خەمی دنیای دێتە باوەش .

- ١٨٢٠ -

Institut Kurde de Paris

وەرەنانی پشیلەکان:پاشماوە

چەند سەربازێك بۆ گۆڕهەڵکەندن لەوێ بوون . لە ژێر دار خورمایەکەدا گۆڕیام . گریام چونکە نەمتوانی ڕزگاریان بکەم . گۆڕێکی گەورەمان بۆ هەڵکەندن‌و خولێکی زۆرمان بە سەردا کردن .

لە تەمەنی سی – ٣٠ – سالیدا – ئیخلاسم ناسی .. ووتیان ئافرەتێکی دۆخین شلە . بەڵام خۆشی ویستم . کە هەقی خۆی لێ وەرئەگرتم ئەیگوت «سوپاس» .. ڕۆژێکیان پێی ووتم . تۆ ئیتر پارە مەدە . ئەو کات زانیم منی خۆش ئەوێ . نانی گیان هەموو شتێکی ئەو تۆی بیر ئەهێنامەوە . لەسەر ئەو لەگەڵ دوو کەس بە شەڕهاتم . هەموو شەوێك ئەهات‌و ئەیگوت : تامەزرۆتم . نانی تۆ هەر ئەو بوویت . . هەر بۆیە خۆشم ئەویست .. چونکە لەچاوەکانیا ئەو پرشنگەم بینی کە لە چاوی تۆدا بینیبووم . پێی دەگوتم « باوکم دەیگوت . ئیخلاس ڕۆژێك دێ گەورە ئەبی .. ئەبێت بە پزیشك‌و لەم چەرمەسەریە ڕزگارمان ئەبێ‌و باوکیشت لەم نەخۆشیە ڕزگار ئەکەی . لە منالیم تەنها ئەم وێنەیەم بیر ئەکەوێتەوە کە لە کۆشی باوکما دانیشتووم ..بەرووی وێنەگرەکە پێکەنیوم کە وبووی چۆلەکەیەك لە کامیراکەوە هەڵدەفڕێ‌و بەوەو ڕووی تۆ دێ . »

منیش لە گەڵیا پێدەکەنیم .

نەخۆش بووم‌و چاك بوومەوە . . بەڵام لە پر ئەویش جێی هێشتم . وون بوو . هەستم کرد منالەکەی دزێنیم‌و منالانی گەڕەك لێم دوور کەوتوونەتەوە .

لە تەمەنی سی‌و دوو سالیدا خوازبێنی کچێکی مەندو چاکم کرد ، پارێسم لە گەڵدا نەکردو ئەمگوت : تۆ نانی ئەناسی ؟ بە تورەییەوە ئەیگوت : نەخێر . بە دەنگێکی بەرز گۆرانیم تێهەڵئەکرد . نانی وەرە پشیلەکان ئەوا نوستوون ئەویش سەری ئەلەقاندو پێی ئەگوتم :تۆ بیر بوویست پاشان تەنها لەگەڵ تۆدا جێی ئەهێشتم .

ئێستاش هەست ئەکەم بە نینۆك کراوی بۆم دێت.. خاوێن .

ئەڵێی : وەرە یاری بکەین .. لەگەڵ عەبا بچوکەکەت بچوك ئەبمەوەو ئەگەڕێمەوە منالیم .. بە ڕاکردن لە دەرگاکان ئەدەین.. بەنجەرەکانیش بەرد باران ئەکەین .. پێ‌ئەکەینن . نانی گیان .. تۆ بەردەوام گەلمای . . هەتا ئەو ساتانەی کە سەرخۆشیش ئەبم تۆ هەر لە گەلمای . شەوێکیان کە بەرەوە مال ئەگەڕامەوە .. لە گەلمابووی .. لە ناوەندی شەقامەکە بە پیتی گەورە نووسیم .

– من نانی چکۆلانەی خۆم خۆش ئەوێ .

هەستامەوەو پولیسێکم بینی لەسەر سەرما وەستابوو. بە دەنگی ناسازی خۆی ووتی .

– خەریکی چیت ؟ ووتم من شادم . دلرەقانە سەیری کردم‌و وا بزانم بۆنی پێوە نەبینی ، – شیعری عەبدوڵلا پەشێو – چاپخانەی الادیب بغداد سالی ١٩٨٠ . ئارەقەکەی کرد . بۆیە ووتی : تۆ سەرخۆشی .

– بەڵێ . وەڵامم دایەوەو پێکەنیم .

– هێمن بەو بڕۆ .. ئەگینا تا بنکەکە بەڕاکێشان ڕاتئەکێشم .

پێم‌ووت : زۆر باشە . سلاوێکی عەسکریانەم بۆ کرد .

ساڵانێك هات‌و ساڵانێك ڕۆی . نانی گیان .. بە درێژایی ئەم ساڵانە بووم بە بارکی سێ منال . ژنەکەشم پیربوو .. تالی ڕەشی بەسەربەوە نەما . کوڕە گەورەکەی خۆم بینی جگەرەی ئەکێشا ، خۆم بیرکەوتەوەو پێکەنیم‌و . قەتیش لێم نەدا . چەند گۆڤارێکی سێکسیشی چەنك کەوتووە . کچەکەشم پانزە ساڵانە . جارێکیان شیعرێکی دلداریم لە کتێبەکەی دۆزیەوە .. کە لە گۆڤارێکا چەنگی کەوتبوو.. زۆریش حەز لە گۆرانی ئەکاو گوێی بۆ ئەگری بۆ ئەگرێ .. بچوکترین منالم نەخۆشەو زۆریش میز بە خۆیدا ! ئەکاو دایکی پەرۆش‌و خەمبارەو هەردەم دلی لە لایەنی .

دەشێ منالەکانم واتێبگەن من کابرایەکی ئێسك گرانم. زۆر نادوێم‌و تامی شتەکانم لەلا نەماوە . نانی گیان ئەوان ئەو منالەی ناو ناخم ناناسن .. بەس تۆ ئەیناسی .. .. ئەوان نازانن هێشتا تۆ کچێکی جوانکیلەو منالبوویت کە ئەمناسیت .. تۆهاوڕێم‌– بوویت ئەی نانی گیان . من پیرێکی شەست سالەم . . تۆش ئەو منالەی کە هەرگیز گەورەنابیت .

ئێستا سەعات هەشتە . وەك جاری جاران ئەخەوێت شەوێکی شاد ئەی نانی .. دە هەرگیز گەورە مەبە . . دەتۆ قەت پیر مەبە ئەی نانی! منالەکان لەگەڵ دایکیانا نانی ئێوارەیان ئەخۆن‌و منیش لە ژووری خۆمم‌و هەر تەنهام . بەبچەرەکە کراوەتەوە . بەبێ دەنگی پرم . تۆش هەر وەکو حۆرییەکی ناسك ڕەوت .. تۆپەکەت بێنەو با یاری بکەین . وەرە لەم جۆگەلەیە بپەڕینەوە کە ماڵەکەمانی لە ماڵەکەتان جیا ئەکردەوە . نانی گیان بۆت ئەنووسم . بەڵام ئێستا نازانم تۆ لە کوێی . لەسەر نامەکە ئەنووسم .. بۆنانی.. دەشێ پۆستەچییەکە بتناسێ .. نانی گیان .. دەشێ بتناسێ !

شەو هەموو شوێنێکی داپۆشیوە .. هەموو شوێنێك نانی . هەر تەنها خۆم لێرەو لەوێم . ئەو منالەی تۆی پاراستووەو تۆی ناسیوە . وەرە نانی هەموو شتێ هێمنەو لە خەودایە .. ئەزانم لە پشیلە زۆر ئەترسێی . ها ... ئەی کچە چکۆلانەکەی خۆنەویستەکەی مێژووی خۆمی تیا بەدی ئەکەم .. وەرە ڕاکەین . . لە دەرگاکان بدەین ..پانچەرەکان بەردباران کەس بکەین . کەس نامانبینێ ... نامان ناسێ . . دەوەردەوە نانی . . پشیلەکان ئەوا نوستوون .

وە ... رە

نا ... نی

پشیلەکان

ئەوا .. .. نوستوون

روانین:پاشماوە

کە لە یەکێك لە گۆڤارەکانی بلاوی بکاتەوە ، کەچی لە سەری دیارە نە شوێن.. کە ئەمەیش وادەزانم پیاو سارد دەکاتەوە یاخود ئەو گەرم‌و گوڕیەی نامێنێ ..

بە نیسبەت منەوە کورد « ئەمری واقیع» نیە ،بەڵکو (اینحتیارە) ، من بەو پەڕی شانازیەوەیش ئەمەم لە گەلێك موناسەباتدا وتووە .. ئاخر جاریش ، ئەمجارە بوو لە کوێت‌و تونس ، کاتێ بۆ بیبینینی « پرسیار » بانگ کرابووم .

ئەنجامی چیرۆکی پەتاو پاشماوە

سەرکەوتوانە خۆی نیشان‌دەدات بەلای منەوە هەرچەندە هەندێ لە پالەوانەکانی ئەم چیرۆکەش دووچاری‌–پەتای لەبیرچوونەوەو نەخۆشی لەبیرکردنی شتەکان بووە .

بەڵام بە وێنەی چیرۆکی ‌–پەتا‌– وورە بەردان‌و زۆر دیاردەی تری لەو بابەتانەی تیا ڕەچاوناکرێ ئەوەتا دەبینن :–

دەنگ‌و ڕەنگەکان ، بە جۆرێ بە یەکا تێكڕژاون‌و تێکەڵ یەکتری‌بوون . کابرای ‌–پیرە‌و –هەمەلاو– لە مشت‌و چرەکانیان‌دا خستۆتە گومانەوە ، هەرگیز لە دەنگ‌و ڕەنگی–هەڵۆ‌و بایەقوشە– کە حاڵی نابن .

ئەوبان دەنگەکە بە دەنگی –هەڵۆ–و ئەمیشیان بەلایەوە دەنگی –بایەقوشی– نەگبەت‌و وێرانکەرە – ....پیرەی باوکی مەمەلاو سەری بە سەر سنگیهار شۆڕکردبۆوە ، بە بیستنی نەگبەتەکە وەك کێچ ڕاچەنی :– نازانم بۆ ؟ بە –نەگبەتی– ناو ئەهێنن ؟ .... تا ئەخێر باوەڕم نییە بایەقوش بێت .. ئەی بۆ هەڵۆ نەبێت . . . ل ١٥١– ١٥٢ ، وێنەو دیمەنەکان ، بەم حالە دەمێنێتەوە ،و کەشمە

× ئایا هۆی چیایەلە سەرجەم خەلکەکە بە –حەسەن– کێتەکەش تادەچێت ڕوو لە زۆربوون‌و کلپەو بلێسە دەبێ .

ئەنجام ئەوانە لە دوو توێی بەسەرهاتەکانی ڕۆژگارو تانی‌کردنەوەکانی ژیانەوە ، خەلکەکە دەگەنە ئەو بڕوایەی هێزی –خێر– بە سەر هێزی –شەر–دا زالبێت،و هەق شوێن بەناهەق لێژبکات ،و سووك‌و ئاسان دەنگە نەناسراو ئالۆزاوی‌یەکان لە یەکتری جیابنەوە .

...پیرە دۆش داما ، خوێنی جگەری خۆی ئەخواردەوە ، وەك شێرە بەخرینەی دوای تۆقی زستان ئەتوایەوە .... تا لاوە سپی پۆشەکە لایتەکەی دەستی‌گرتە پەرندەکە ، لەگەڵ یەکەم کلاقەی تبشك ، شاباڵی لەزەوی ویستگا .... هەر دووکیان دانەبەزین ... بەهەمان پاس گەڕانەوە ...... لە سەر هەمان پردا پاسەکە پەکی کەوت دیجلە لێلبوو تۆندکرد ، دوو دلەکان لەخەونی بەسامی ڕاچلەکین‌و ڕاستی گومانی زیندە بەچالـ‌ کرد ... ل ١٦٠–١٦١ –.

نەخێر ئەنجام لەوە زیاتر سەردەکات،و لەگەڵ – ناوك‌ بڕینی‌ کوڕەکە بەتەواوەتی هەموو کەسەکان لەیەك ئاشکرادەبن‌و کوڕەکەش دەکەوێتە ژیانێکی نوێترەوە .

ئیتر هەر لێرەوە هەموو شتەکان دەگۆڕێن ،و کۆمەلیش لە ڕوانگای ئەو گۆڕینەوە دووبارەدەگۆڕێن .

لە کۆتاییدا دەلێم :– خۆزگە چۆن چیرۆکی –شەوارە– ، ئەو –ئەسمەرە– مەزن‌و دلخۆشکەرانی لە یادی خوێنەراندا بەجێ‌دەهێشت ، هەروەهاش چیرۆکی – پەتا – بەو پێشوانەیە دەردەچوونەو نەدەچووە خانەی لەبیرچوونەوەوە ... ئیتر سوپاس .

سەرچاوەکان

١ – چیرۆکی – پەتاو –شەوارە– دوو چیرۆکی ماموستایان – ڕەئیسووف بێگەردو زاهیر سەوز – ٦٥ کە لە گۆڤاری نووسەری کوردی ژمارە –٤– خولی دووەمی ساڵی –١٩٨٠–

٢ – شەو نییە خەونتان بلاوکرایەوە .

گفتوگۆیەك لەگەڵ ڕاهێنەری

ژمێرێکی پێشکەش کردم کە بە –٨١– دینار کرابو وا لە دەسمایە ، بۆ ئەم پالەوانێتە لە هەموو وولاتێکی عەرەب ئەبوایە یەك –حکم– بروا من لە عیراق هەلبژێردرام .

پ – چۆن ڕویشتی بۆ ئۆلۆمپیادی مۆسکو ، ئەگەر کورتە باسێکی ئۆلۆمپیادمان بۆ بکەی .

و – (المکتب الـوطني للسیاحة) لە تەلەفزیۆنەدا بلاوبان کردەوە کە هەرکەسێك ئەیەوێ بروات بۆ ئۆلۆمپیادی مۆسکو لە سەر حسابی خۆیی با ناوی تۆمار بکا لای ئێمە .. منیش ڕۆیشتم‌و ناوی خۆمم تۆمار کردو ڕۆیشتم ، بێگومان ئەگەر لە ئۆلۆمپیادا یاری تەنس هەبوایە ئەوا من ئەنیردرام چونکە ڕاهێنەری تەنسم لە عیراق .

ئەمەیش کورتە باسێکی ئۆلۆمپیادی مۆسکویە .

١– (١٦) ڕۆژ بلێسەی ئۆلۆمپی سووتا لە یاریگای لەنین لە مۆسکو .

٢ – لە –١٩–ی تەمووزەوە تاکو –٣–ی ئابی ١٩٨٠ ئاگری ئۆلۆمپی گەیشتە مۆسکو بە دەستی باشترین یاریزانی وولاتانی یۆنان‌و بولغاریاو ڕۆمانیاو یەکێتی سوفیەت .

٣ – (٥٠٠٠) کیلۆمەتر بە –٣٠– ڕۆژ ئاگرەکە گەیشتە مۆسکو .

٤ – «٨١» وولات بەشدار بوون لە ئۆلۆمپیادی مۆسکو کە –٥٩٦٣– یاریزان بەشدار بوون .

٥– (١٦) ڕۆژ ئالای ئۆلۆمپی هەلکرا لە یاریگای مۆسکو کە ڕەنگی سپی‌و پێنج هەلقەیە ، شین‌و ڕەش‌و زەردو سوور کە بریتین لە هەر –٥– قارەکان .

٦ – تاکو ئێستاکە –٢٢– دەورە کراوەتەوە .

٧ – وولاتانی ئەوروپاو ڕۆژ هەلات بەشی زۆری مەدالیبای ئۆلۆمپیادیان وەرگرت .

٨ – وولاتی عەرەبی یەك مەدالیبای توج – برونزی وەرگرت ئەویش لولبنان بو .

٩ – عیراق بۆ یەکەم جار بەشدار بو لە سالی ١٩٤٨'دا لە دەورەی لەندەن لە سالی ١٩٦٠ دا یەکەم مەدالیبای توجی وەرگرت ئەویش بە هۆی عەبدولواحید عەزیزەوە بو .

پ – سەیر ترین شت بەلاتەوە چیبو لە ئۆلۆمپیاوی مۆسکو ؟

و – سەیرترین شت بە لای منەوە ئەوە بو کە ئەم دەورەیە زۆر ڕێك‌و پێك بو ، بە تایبەتی لە کردنەوەی

پەلە هەورێکی ڕەش :پاشماوە

توورەبو چونکە خەلکی بەم پێشنیارەی پێکەنین . ئەنجا ڕۆنیشت بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی تر بدۆزێتەوە ، تاوەکوو دۆزیەوە :

لەدلی خۆدا ووتی : (خۆم دەڕۆم بۆ لای هەورەکەو دەیجوولێنمەوە ، بەلێ ، بال دەگرمەوەو دەچمە لای‌و لە جێی خۆی دەیجوولێنم) .

پادشا فەرمانی بە پاسەوانەکانی کرد پەڕێکی زۆر کۆبکەنەوە بە مۆم پێکەوەی بلکێنن‌و ، دوو بالی لێ‌دروست‌بکەن تا بتوانێت بە هۆیەوە بال بگرێتەوەو بفڕێت ، کاتێك پاسەوانەکان هەردوو بالەکەیان دروست کرد پادشا چووە سەر کۆشکەکەی خۆی‌و هەر دوو بالە پەڕەکەی بە هەردوو شانی خۆیەوە لکاندو خۆی ئامادەکرد هەلبفڕێت .

پادشا خۆی لە سەر کۆشکەکە بەردایەوە ، بەڵام هەر دوو باڵەلاوازەکەی نەیانتوانی لەشی قورسی هەڵبگرن بۆیە بەربووەوەو مرد .

خەلکی زۆریان پێ‌خۆش‌بوو چونکە پادشا مردو ، هێشتا هەورەکەیش نەڕۆیشتووە چاوەڕوان بوون تا هەورە ڕەشەکە دایدایە باران ئەنجا ڕۆیشت .

تەنس لە عیراقدا:پاشماوە

یاری‌و کۆتایی یاریدا ، شتێکی‌کەیش هەیە ئەویش ئەوەیە هەر وولاتێك بە شتێك ناسراوە ئینکتەرە بە شێرو ئوسترالیا بە کەنغەرو روسیایە بە ورچ لە بەر ئەوە هەر ئۆلۆمپیادی ئەبەستری –ڕەمزی– کی بۆ دائەنرێ کە لەو وولاتەدا زۆر بێ .

پ – چی شتێکت هەیە بلێ بە سەربەستی ؟

و – ئەمەوێ بلێم وەرزشەوانەکانی ئێمە لێ هاتوون پێویستە هەلبژاردنی هەلبژاردەکانی عیراق هەر لە بەغدا نەبێ بەلکو پێویستە ئەوەی یاریزانی چاکە هەلبژێرین لە هەموو شارەکانی عیراق بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە منالیەوە هیوای دووا ڕۆژی وەرزشی لێ ئەکرێ ، دەستی بگیرێت‌و یارمەتی بدرێ بۆ ئەوەی بۆ سبە ڕۆژ بێتە ریزی هەلبژاردەی عیراقەوە یاری بکا لە دەرەوەی عیراق‌و سەرمان بەرز بێت .

ئەوەی من ئەزانم پارەیەکی باش خەرج ئەکرێ‌و تەرخان کراوە بۆ وەرزش‌و لاران بەڵام بەداخەوە سەیر ئەکەین ئامانجی باش وەدەس ناهێنن کە پێویستە .

هەروا ئاواتە خووازم وەرزش زیاتر لە عیراقدا پەرە بسێنێ‌و زیاتر هوشیاری وەرزش هەبێ لە ناوگەلدا .

– زۆر سوپاس کاك حەمال .

کۆبوونەوەیەکی فراوانی پاشماوە

پاراستنی مافە ڕەواکانان .

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان احمد عبدالقادر سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان‌و محمد امین محمد سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەراندن بە وەکالەت ئامادەی بوون بەڕێز سەرۆکی لیژنەی هوشیاری ئاینی لە هەولێردا ووتەیەکی خوێندەوە پیروزبایی لە سەرکەوتنەکانی سوپای ولێرمان کردو دوای ئەویشان بە ناوی زانائاینی‌یەکانەوە ورتەیەك پێشکەش کراو تیایدا پشتگیری پێداوە ئاینی‌یەکان لەم جەنگەدا دووپات کرایەوەو لە کۆتاییدا بروسکەیەك بۆ سەرۆکی فەرماندە صدام حسین نێرا .

به تەلەفۆن ئە:(شەیرزاد عبدالرحمن) ٥٩٥

نیوەڕۆیەکی سەر خەرمان: پاشماوە

بە نیش لێ‌کردنی دەکەین پێ‌دەڵێین دەستمان بە «ترچ» یان «تان» کردووەو ئینجا وردە کوتی دەکەین ، دوای ئەوەش شەن دەکرێ واتە کاو پوش‌و پەلاشەکەی بەهەوا دەردرێ‌و دانەکەی دەمێنێتەوە ... شایانی باسە ئەم قۆناغی ئیش کردنە لە ناو کوردەواری‌دا بوە بە مەتەڵ‌و ئەوەی شارەزای ئیش کردنەکە نەبێ لە مەبەستی مەتەڵەکە ئاگا کە دەڵێ (کا چو مادانی) واتە کایەکە هەوا بردی‌و دانەکەی مایەوە .

دووانێك لە گەڵ :پاشماوە

کەسوکاری قوتابیان زۆر جار گیری بەدەستەوە ئەخۆن‌و زۆریان بە تەواوی لە مەبەست‌و ئامانجی وەرزش نەگەیشتوون کوڕو کچەکانیان لە هاوبەشی کردن تەدەغەئەکەن ، با ئەوەش لەو لاوە بوەستێ کە لە قوتابخانەکاندا وانەی وەرزش کەم بۆتەوەو بەشی زۆری قوتابخانەکان ساحەی باشیان نی‌یەو تیپەگەل‌یەکان لە گەرەکەکاندا سەر پەرشتی تەواو ناکرێن .

● پێشنیارتان چی‌یە بۆ پێش خستنی وەرزش لە شارەکەدا .

× پێش نیارو داواکردن بۆ پێش خستنی وەرزش‌و باری وەرزشی سلێمانی زۆروو زەبەنەبەر بەگوێرەی پێشکەوتنی کۆمەڵ‌و باری ژیان ڕۆژ بە ڕۆژ ئەگۆڕی‌و من لێرەدا ئەڵێم گرنگترین شت ئەوەیە کە لە هەموو سەرانسەری شارەکە دا تەزاو ناحی‌یەکاندا ساحەی یاری‌کردن‌و شوێنی وەرزشی بکرێتەوەو گرنگی بدرێت بە تیپە میللیەکان‌و سەرپەرشتی لێ‌هاتن‌و تامەزرۆیانی مەیدانەکانی وەرزش بکرێت‌و ئەگەر بتوانرێ لە سلێمانیدا هۆلێکی وەرزشی داخراو بکرێتەوە ئەوە خۆ شتێکی یەکجار چاکو باشەو تۆوی گیروگرفت ناهێڵێ‌و وای بە باش ئەزانم هەندێ پالەوانی‌تی وولات بهێنرێ بۆ سلێمانی .

چیرۆك-پرد:پاشماوە

شووی کردبوو دلێر منالەکانی ئەرەندە لەیەك دەچوون وەکوو ئەوەی هەریەکەو وێنەی دووهەمی کاربۆنی ئەوی‌تر بوو ... دلێرو منالەکانی هەمیشە خەبار بوون ...

× × ×

دلێر ... هەر غەم باریت ..؟

– نازانم ..

– ئەی چی دەزانی ..؟

– هیچ.

– کەی فێر ئەبی ..؟

– فێری چی ؟

– هەموو شتێك .

– بۆ کێ هەموو شتێك دەزانێ ..ها.. ؟

– نازانم .

– منیش نازانم ..

– لەم قسانە گەڕێ .. کەی ..؟

– ئەم باسە بگۆڕە .. تۆ دوێنێ نەت ووت‌من‌باڵندەیێکی بێ پێم .. هەر بە بال دەتوانم بفڕم ..

– وام ووت بەڵام مەبەستم لە خەونەکانمدا بوو ..مەبەستم ئەوە نەبوو وا تۆ حالی بوویت ....

دەزانم ئەگەر پێ بەستەر پردەکەشا بنێتم ، تا ئێسقانەکانی بن پێشم دەسووتێنی ...

– پاسکیلت بۆ دەکڕم .

– کەڕدەبم ... کوێر دەبم .

– ... ...

– ... ...

× × ×

ڕۆژی هەینی ئەو ڕۆژە شوومەی کە هەرگیز لەبیریان ناچێتەوە .. کە هەموو هاوڕێکانیان لەچاویانەوە تفوکینەیان ددبارانده سەریان .. وئەوانیش دەستی یەکتریان گرتبوو سواری پاسەکە بوون‌و بێ‌دەنگی‌یەکەیان بووە قەلاخانی تیرە تیژەکانی سەرنجیان هەر بێ‌دەربەست بوون .. پاسەکە گەیشتە ناوەندی پردی شەهیدانی پایتەخت هەر دووکیان لە نهۆمی سەرەوەی پاسەکە دەیان‌ڕوانیە ئەو ماسی‌یە ووردانەی دیجلە ....

یەکێکیان ووتی :

– ئەرێ ئەوە چۆن ، ئەم ماسی‌یانە دیارن خۆ دیجلە ترولەو هەمیشە ئاوەکەی توڕاوی‌یە .

– ئەو ساتەی تەمەن هەموو لێلێیەك دەڕە وێنێتەوە وڕاستی‌و بوونی شتەکان وەکو خۆیان دەیانبینین ...

– تاسەر هەر دەیانبینین

– ....

– بۆ بێ‌دەنگی .؟

– بابکەینەوسەری پردەکە .

– ئەوا گەیشتین .

– دابەزین .

– جارێ نەء .

– بۆ . ؟

– با بکەینە ئەو سەری وێستگاکەوەو ... بە هەمان پاسدا دەگەڕێینەوە .

– نەء .

– بۆ .

– بۆیە .

– خەلکەکە بەدوامانەوەن

.. مەبەستم سەرنجەکانیانە ولێمان ناگەڕێن .

– چی بکەین .؟

– پردێ دروست بکەین لە نێوان ئێمەو ئەواندا .

– بەرژینێ ...

– نا پردێ .

– نەخێر .. بەرژینێ... بەرژینێکی ئەستوور .. لە دلیان ... لە سۆزیان . لە . لە .... لە .. ئەستوورترین

– پرد چاکترە .

– دوایی ئێمە وەکو ئەوان سەرنجمان دەکەبنەداوو نسەکانمان دەبێتە قولاب‌و سۆزو بیرکردنەوەیان ڕاو دەکەین ... ئیتر ئێمەیش هەر خەریکی بنێشت چوویـن بین .

– ئەمە یان‌دوورە .

– چاك وایە بێ‌دەربەستـ‌ بین .

– نا ..

– با ..

پاسەکە گەیشتەوە ... ماسی‌یەکان دیار نەبوون ... ئاسمانیش بۆر بووبووەوە . خەلکەکە شەقامەکانیان جێ‌هێشت ... هەردووکیان جگەرەیان پێ ئەماپوو ووردە ووردە بەپێ هاتنەوە بۆ هەمان ژوور ... ئاوێنەکەیان شکاند . بڕیاریان دا ئیتر ئەو ڕێیەی زۆر باریك‌و سەختەو بزمارێژ کراوە بەپێی پەتی بەسەریا بڕۆن .

١٩٧٨–٦–٢

بەیەك گەیشتنێك لە گەل یاشین :پاشماوە

و : ڕاهێنانی زۆر ، فێرکەری باش ، من لە کاتی گۆلچێتیمدا هەموو ئەو شتانەم بەجێ ئەهێنا کە پێویست بوون لەسەر شانم‌و کە ئەچوومە گۆڕەپانی یاریشەوە هەرگیز ئەوەم لە بیر نەبووە کە یەکەم گۆلچیم لە جیهاندا ...

پ . ئەو بۆچوانەی کە بەسەرت بردن لە ژیانی گۆلچێتیدا ؟

و : یادگاری خۆش خۆش دیاری جوان‌و مەدالیای نایاب لە گەل بینینی وولاتی خۆشدا ...

پ . کام گۆلچیت بە دلە لە –برازیل–دا

و : گۆلچی وەکو –ڤیلس– هەروەها –مانجا– کە تەمەنی ٤٤ سالەو تا ئێستاش یاری ئەکات ...

پ . منداڵەکانت یاری تۆپی پێ ئەکەن ؟

و : کچەکانم هەردووکیان ئارەزووی تۆپی دەست ئەکەن ...

پ . ئەگەر بۆت لووا ژیان لە نوێوە ؟

گۆلچێتی ... هاوڕێیەتی ...زۆر خۆشە کە یارمەتی ئەو تیپە بدەی کە یاری تیا ئەکەیت خۆشترین کاتم ئەوە بووە کە ئەمبینی تیپەکەمم ڕزگار کردوە لە دۆڕاندن ...

وەرزش لە ناوچەی کوردستاندا: پاشماوە

ولاگیراوە –قاعات مغلقه – بۆ ئەوەی بتوانرێ وەرزش بەدرێژای ئەم وەرزە ئەوەستێ بۆیە پێویستە یاریگای سەر ولاگیراو لە هەموو ناوچەکەدا بکرێ .

گەر سەرنجێکی وولاتە پێش‌کەوتووەکانی ئەوروپا بدەین کە لەم بوارەوا پێش‌کەوتوون‌و دەستێکی بالایان هەیە وزستانیان زۆر زۆر لە ناوچەی ئێمە ساردترەو بەفری زۆرتری لێ ئەبارێ بەڵام وەرزش‌و جوڵانەوەی وەرزش هەر لەپەرەسەندنایەو هەرگیز ‌وەستانی نییە ئەویش بەهۆی زۆری یاریگای سەرولاگیراوەوەیە گومانیش لەوەدا نی‌یە کە زۆربوونی کەل‌وپەل‌و پێویستی‌یەکانی وەرزش‌و بوونی دارایی‌یەکی باش بە تەنیا نابێتە هۆیەکی بنەڕەت بۆ پێش‌کەوتنی وەرزش چونکە وەرزش بێ گۆڕەپان‌و یاریگا هەرگیز سەر ناکەوێت ، بۆیە یاریگاو گۆڕەپان لە ناوچەکەوا ئەبێتە هۆی جموجولی ئەو گەنجانە تواناو ئارەزویان بەشێوەیەکی ڕاستی دەخرێتە کارەوە خۆ ئەگەر شارەزایانی باش‌و لێهات‌و دلسۆزیان هەبێت .

٣ – زوربەی زۆری خەلکی ناوچەکە تاکو ئێستا باوەڕیان بۆ وەرزش نی‌یەو بە چاوێکی سووك تەماشای ئەکەن وا ئەزانن کە هۆیەکە بۆ دوور خستنەوەی منالەکانیان لە خوێندن‌و قوتابخانەو ئیش‌و کاری تایبەتی خۆیان بە تایبەتی ناوچە دوورەکان‌و شارە بچوکەکان کەدا لە هەموو بارێکی ژیاندا دواکەوتوون نەك‌تەنها – لە باری وەرزش‌دا لەبەر ئەوەی بە هەلە لە مانای پیرۆزی وەرزش گەیشتووت کە هۆیەکی پیرۆزە بۆ دەروون پاکی ڕەوشت بەرزی ئادەمیزاو وەپێکەیاندنی نەوەیەکی نوێ بۆ دوا ڕۆژ کە بتوانێ گیروگرفتەکان بخاتە ئەستۆی خۆی هەروەها ئەبێتە هۆێ لە شساغی‌و نێری خۆشەویستی‌و ڕێزگرتن‌و یەکگرتنیان دەکات کە بێ ئەمانە کۆمەل هەرگیز پێش ناکەوێ .

٤ – لەبەر کەمی شارەزایانی لێهاتووی وەرزش لە ناوچەکەدا زیاد لەوەش زۆربەی زۆری ئەوانە کە لەم بوارەدا ئیش دەکەن باوەڕیان بە وەرزش هەتا ڕادەیەك کەمەوە بە دلسۆزی کاری خۆیان بەجێ ناهێنن بە بۆنەی چەند هۆیەکەوە یەکێکێ لەوانە باری ئابوریەوە هەروەها هەندێ گیروگرفت وەناخۆشی کەبۆ شیان ئەبێ لەگەل چەند کەسێکی تێنەگەیشتوو لە مانای وەرزش نموونەیەکی زۆر بچوکیش بۆ ئەوە زۆری بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکان سەیری ماموستای وەرزش وەکو ماموستاکانی تر ناکەن وەها ئەزانن تەرخان کراون بۆ هەلسوڕاندنی ئیش‌و کارێکی قوتابخانەو زۆر گیروگرفتی تر لە قوتابخانەکەدا ئەتوانم بلێم ئەمە گیروگرفتی تایبەتی ماموستایانی وەرزشە لە قوتابخانەکاندا .

ئەمانە چەند هۆیەکی سەرەکی بوون بۆ دواخستنی وەرزش . هیوادارم کە توانای ئەوەمان هەبێ زال بین بەسەر باوکۆمەلگای ناوچەکەمان ببینین لە باشەڕۆژێکی خۆشترو پێش‌کەوتو لە هەموو بوارێکدا بەتایبەتی لە بواری وەرزش‌دا .

عاصی فاتح وەیس

Institut Kurde de Paris

یاداشتی سەربازێک

پێش ئەوەی بگیرێم بە سەرباز هیچ جەشنە یاسایەکی سەربازیم نەدەزانی .... بەڵام دوای ئەوەی بە تاقی کردنەوەکەدا رابوردم چەند شتێک سەرنجی ڕاکێشام یەکێکیان مەشق پێکردنێکی سەخت بوو .. ئەمەبانم تەنانەت لە کاتی ماشق کردنەکەدا لێک ئەدایەوەو دەم وت ئەم ماندو کردن و برسی و تینو کردنەی ئێمە بۆچی ؟؟ بەڵام وەڵامەکەشی دیسانەوە بە خۆیەوە بەسترابوەوە ، کە بۆ ئەوە یە ڕۆژێک دێ سنوری خاک و نیشتمانمان پێویستی پێ دەبێ ..... ئەنجامی ئەمەش ئەمڕۆ لە مەیدانی جەنگی ڕەوای گەل و سوپای عێراقدا دژی تاقمە ڕەگەز پەرستەکەی خومەینی خۆی دەنوێنێ ....

یاسای دووەمیش لەگەڵ ئەو ماندو کردنەماندا بایەخ پێدانی جل و بەرگ بوو ، کە دوو جەشنە

بەرگیان پێ دابووین ـ وەک ئێستاش هەروایە ـ یەکێکیان بۆ مەشق کردن و ئەوی کەشیان بۆ چونە ناو بازاڕو دەرەوەی ئۆردوگاکەمان بوو ، کە هەر یەکەیان تایبەتی یە بە بەکار هێنانی خۆیەوەو بۆ هەردوکیشیان پێڵاو جەشنە لێپرسینەوە هەیە ، کە دەبێ پاک و خاوێن و ئوتو دراو بێ ...... ئەنجامی ئەمەشیان دیسانەوە بە چاکی ئەمڕۆ لە مەیدانی جەنگەوە بەدی دەکرێ بە تایبەتی لە کاتێکا سەربازە بە دیل گیراوەکانی خومەینی دەبینین چەند جل و بەرگیان شڕو شەپاڵەو هەر یەکەیان لە تەڵێک لێ ئەدەن و سەربازەکانی خۆشمان لە پاڵیانا چەند ڕێک و پێک و یەک بەبەتن لە خۆرا ئاسۆی سەرکەوتن بەدی دەکەیت ..... بۆ بە لەوباوەڕەدام جەنگاوەرێکی عێراقی کە لە مەیدانی جەنگدا ئەو سینەمای جل و بەرگانە دەبینێ لە جیاتی ئەوەی ترسێک لە دڵیا پەیدا ببی بە پێچەوانەوە زیاتر وای لێدەکات باوەر بە خۆیی و مەسەلەکەی پەیدا بکات

- یادگار -

نیوەڕۆیەکی سەرخەرمان

لەوەتەی شارەکان بوون بەمەڵبەندی ئیش کردن و سەرچاوەی پیشەسازی ، جگە لەوەی دانیشتوانێکی زۆری دێهات و گوندەکان ڕوویان تێ کردوە ، دانیشتوانی شارەکانیش دیسانەوە پێیان لە گوندەکان بڕیوەو ئەوەندە ئاگاداری هەڵس و کەوت و جۆری ژیانیان نین ، ئەمەش ڕەستەوخۆ بوەتە هۆی پەیدابوونی گرێ و کەلێنێک لەناو زمانەکەماندا بەتایبەتی لە بواری وشەو زاراوە بە کارهێناندا کە ئاژاوەکەی زیاتر لە بەرهەمی نوسەرە نوێیەکاندا ڕەچاو دەکرێ ..

فریا عبدالله

بۆ بەڵگەی ئەمەش لێرەدا باسی ئیش و کاری سەر خەرمانێک دەکەین کە دڵنیام جگە لەوانەی لە ئاوایانا ژیاون و ئاگاداری هەڵسوڕاندنی کارەکەیانن ، ئەوانی ترمان نەک هەر چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئیشەکە بەڵکو تەنانەت ناو ئامێرو پارچەکانی سەر خەرمانەکەش نازانین .

هەر لەبەر ئەمەش لە نزیک دێی ڕازیانە لامان دایە سەر خەرمانێک و کۆمەڵێک کوڕو کاڵی ئاوای- یەکەی لێبون کە بە ناوی پشودانەوە لە ژێر تیشک و گڕەی خۆری تەموزدا بۆ چای خواردنەوە دەورەی ئاگردانێکیان دابو ...دوای ماندو نەبوون داوامان لێ کردن کەمێک باسی ئیش و کارەکەیانمان بۆ بکەن ... یەکێکیان کە ناوی فائق حمە نجم بوو دەڵێ : بۆ ئەم ئیش کردنە کە پێی دەوترێ (گێرە) جەنجەڕ « جر جر »ی بۆ بەکار دەهێنین ، ئەو کەسەش ئەم ئیشە دەکات پێی دەڵێن ـ سەپان ـ یان « وەرزێر »...... جەنجەڕەکەش لەم بەشانە پێک دێ :

١ - نیلە : داری سەر ملی هێسترەکانە ... وە بۆیە هێستریش بەکار دەهێنین چونکە لە هەموو وڵاخەکانی تر هێزو کێش و بەرگەی زیاترە .

٢ - بان ملە : جلی ژێری نیلەکەیە .

٣ - گانیجە: لە تەختەیەکی درێژ پێک هاتوەو لەشی جەنجەڕەکەی پێ ڕادەکێشرێ .

٤ - ڕێژان بەرە : هەمان ئیشی گانیجەکە دەکات .

٥ - مژان : ڕایەڵێکی درێژە لە نێوان نیلەکەو جەنجەڕەکەدا بۆ ڕاکێشانی دووەمیان بەکار دێت .

٦ - لوتەوانە : بۆ قایم کردنی مژانەکە بە کار دێت .

٧ - تۆپ : ژمارەیان دوانەو ئەوەی پێشەوە لەوەی دواوە ئەستور ترەو هەر یەکێکیان تریکەی -٥٠- بەنجا - پالتەی - ی پێوەیە کە ئەمەش لە ئاسن و پۆڵا دروست کراوەو بۆ کوتانی وشکە دان، بەکار دێت .

٨ - حوشترە : ئەمەش ژمارەیان دوانەو لەم لاولای تۆپەکانەوەن و لە دەرچوون دەیان پارێزێ .

پاشان کاک فائق دەربارەی ژیانی سەر خەرمانی خۆی دەڵێ .

نزیکەی (١٥) ساڵە خەریکی گێرە کردنم بۆ ئەم وەرزەش لە ٥/٢٠ وە دەستم پێ کردوەو تا ٨/٢٠ دەخایەنێت ... واتە هەموو وەرزێک سێ مانگی ڕەبەقی پێوە خەریک دەبین .... دوای ئەوەی خەرمانەکە ئامادە دەکەین و دەست

بڕوانە : ل ٧

چاپکراوی نوێ

خاک و هەڵۆ

لە چاپکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی ، یەکەم دیوانی شیعری شاعیری ناسراو کاک عبدالکریم دەشتی دەرچووە ، کە بریتی یە لە کۆمەڵە شیعریکی ئەم قۆناغەی شاعیر .

سەرچاوەی ژیانی خامۆش

کۆمەڵی شانۆگەری نووسەر ئەمینی میرزا کریم، لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی دەرچوە کە بریتی یە لە دوو شانۆگەرییە ڕێگاو تەمسیلێکی تەلەفزیونی . لە (١٠٢) لاپەرەی قەوارە گەورەدا .

پەندی کوردی

دیسان لە چاپکراوەکانی دەزگاکەمان و لە زنجیرەی کەلەپور پەندی کوردی دەرچوە، کە کاک عمر شیخ الله علی کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووە .

قولەمەیتەر

کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە لە نووسینی عزیز ملار احمدرەش لە سلیمانی دەرچوە کە بریتی یە لە دوانزە کورتە چیرۆکی منداڵان .

هەڵوێستەیەک لەگەڵ ئەم هونەرمەندەدا

هونەرمەند خالد رەسول، یەکێکە لەو هونەرمەندە لاوانەی لە مەودای هونەری تەشکیلیدا ، بە چالاکانە هەڵدەسووڕێ و تا ئیستابێجگە لە پیشانگا تایبەتیەکەی خۆی کە ساڵی ١٩٧٨ بەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی بۆی ساز کرد لە چەندان پیشانگای تری نەقابەی هونەرمەندانی عیراقدا بەشداری کردوە .

لەم چاو پێ کەوتنەدا هونەرمەند دەربارەی بەرهەمە هونەریەکانی خۆی دەدوێ .

- هەندێ لە تابلۆکانم بە تەڵەمی جاف کێشراون و لە سەر شێوەیەکی تایبەت و دەربڕینی هەستی هونەری خۆم و هەندێ تابلۆی تریان بە بۆیەی ئاوی کێشراوون و بابەتەکانی باسی دیمەنی هەندێ دێهاتی ناوچەی کوردستان و چەند گەرەکێکی سلێمانی ئەکەن . هەندێکی- تریان وێنەی ئەو شاعیرو ناودارە کوردانەن کە جەماوەری ئەمڕۆ کەمتر وێنەی خۆیانیان دیوە وەکو شێخ سەعیدی پیران و جگەر خوێن و جەلادەت بەدرخان و گەلێکی ترو ئەم وێنانە بە شێوەی هێلکاری

(تخطیط) کێشراوون لەڕووی بەیەکەر تاشیەوە پەیکەری منداڵێکم بە جل و بەرگی کوردیەوە درووست کردوە بەیامی نەوەیەکی نوێی پێش کەوتوی پێیەو نزیکەی یەک مەترو ٨٠سم بەرزە .

● کاک خالید پیشانگای یەکەمتان کەی کردەوە ؟.

× وابزانم لە مانگی دووی ١٩٧٨دا بوو لە هۆڵی سانەوی کوردستان کردمانەوە .

● ئەی لە پیشانگای تردا هاوبەشتیان کردووە ؟

× بەڵێ بەشداری هەموو پیشانگاکانی نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانیم کردووەو خاوەنی بڕوانامەی مەڵبەندی چالاکی قوتابخانە- کان و پێنج مەدالیای وڵاتم .

● هونەری کوردی چۆن ئەبینی ؟.

× هەوڵوتەقەلای دڵسۆزانەی هونەرمەندانی کوردی پێوە دیارەو هەنگاوی باشی بەرەو پێش کەوتن ناوەو هیوایەکی گەشم هەیە بەدووا ڕۆژی هونەری کوردی و هونەرمەندان هەوڵێکی پیرۆزیان لە سەر شانەو حەق وایە هەموومان زیاتر هەوڵی بۆ بدەین .

حمە سعید حمە کریم

ب . هاوکاری لە سلێمانی

جیهانی منداڵان

چیرۆک : پەڵە هەورێکی ڕەش !!

مکرم رشید تاڵەبانی

کردوویەتی بە کوردی

● ڕۆژێکیان پەڵە هەورێکی ڕەشی گەورە کەوتە رووی ئاسمان و بەرێ تیشکی هەتاوی گرت ، خەڵکی بە شادومانیەوە لە ماڵ چوونە دەرێ . چونکە هەوری ڕەش بارانی لێدەبارێت ، بارانیش زەوی تینوو پاراو دەکات ، زەوی تینوویش درەخت و دارو دانەوێڵە سەوز دەکات، ئەمانەیش بەرو بووم دەکرن ، خەڵکیش ئەم بەرو بوومانە دەخۆن .

بەڵام پادشا شادومان نەبوو . چونکە حەزی لە باران نی یەو ، زەوی خۆش- ناوێت و ، بەرو بوومی خۆش ناوێت و ، خەڵکی خۆش ناوێت .

بۆیە پادشا گورج فەرمانی بە پەڵە هەوری ڕەش کرد گورج بڕوات . بەڵام هەورەکە نەڕۆیشت . پادشا فەرمانی بە پاسەوانەکانی خۆی کرد هەورە ڕەشەکە ناچار بکەن ئەو ناوە بەجێ بهێڵێت . سەرۆکی پاسەوانان ووتی: (گەورەم چۆن ناچاری بکەین بڕوات ، هەور لە ئاسمانەو ئێمەیش لەسەر زەمین).

پادشا بیری لە شێوەیەکی تر کردەوە . چونکە پاسەوانەکانی ناتوانن بگەنە هەورە ڕەشەکەو لە گەڵیدا بجەنگن ، هەورە ڕەشەکەیش هێشتاکە ئەو ناوەی بەجێ نەهێشتووەو ، خەڵکی چاوەڕوانی باران و ،زەویش چاوەڕوانی باران دەکات و ، پادشایش هەربیر دەکاتەوە

پادشا لە دڵی خۆیدا ووتی [illegible] دەتوانێت هەورەکە بجوولێنێت و ناچاری بکات بکات ئەم ناوە بەجێ بهێڵێت».

بۆ ئەم بیرکردنەوەیەی گەشایەوەو داوای لە پاسەوانەکانی کرد داوا لە با بکەن هەورە ڕەشەکە بجوولێنێتەوە . بەڵام سەرۆکی پاسەوانەکان ووتی : « ئەمە چەند ڕۆژێکە با لەم ناوچەیە ڕۆیشتووە ».

پادشا ووتی : « ئەی چار چی یە ، دەبێت هەورەکە ئێرە بەجێ بهێڵێت ،نامەوێت باران ببارێت ».

سەرۆکی پاسەوانان ووتی: پێشنیارێکم هەیە با هەموو خەڵکی گرد بکەینەوەو هەموو فوو لە هەورەکە بکەن تا دەجولێتەوەو ئێرە بەجێ دێڵێت

پادشا زۆر لەمە سەری سوڕماو ، فەرمانی بە خەڵکی کرد خێرا لە گۆڕەپانی کۆشکدا کۆببنەوەو ، چی بایان لە سکدایە فوو لە هەورە ڕەشەکە بکەن تاکوو هەورە ڕەشەکە ببزوێت .

خەڵکی لە گۆڕەپانەکەدا کۆ بوونەوە ، بەڵام هیچ کەسێکیان نەیدەویست هەورە ڕەشەکە بجوولێتەوە ، چونکە هێشتاکە زەوی تینوویەتی و چاوەڕوانی بارانە .

بەڵام پاسەوانەکان زۆریان لە خەڵکەکە کرد فوو لە هەورە ڕەشەکە بکەن . بەڵام هەورە ڕەشەکە نەجووڵایەوە، هەموو ئەو فوولێ کردنانە کاری تێ نەکرد .

پادشا تووڕەبوو چونکە هەورەکە نەبزوایەوەو ،

بڕوانە : ل ٧

شیعر بۆ منداڵان

• منداڵان •

طه خضر

جوان و پاک گورج و گۆڵبن
دوور لەناو تۆزو خۆڵبن
وەکو گوڵی سوور جوان بن
ڕاست گۆبن دوور لە فێڵ بن
لە شەقام و لەگۆی بان
یاری تۆپ یاخود سەیران
مەکەن ئەی منداڵی جوان
پەڕتوکی جوان بخوێنن
سەرکەوتن بەدی دێنن

بروسکەیەک

بۆ بەرچاوی بەرنامەی شانۆی هەمە ڕەنگی منداڵانی تەلەفزیۆنی - تأمیم -

لە بەشێکی یەکێک لە بەرنامەکانتا ڕۆژی١٥-١-٨١ لە کاتژمێری یانزەو نیوو پێنج دەقیقەدا گوێم لێ بوو باسی ـمفکرەـ ڕۆژژمێرتان دەکردو بە ڕۆژنامەتان پێ ناسی منداڵانی کورد دەکرد ..... تکایە ئەگەر بە ئەرکی نازانن کە بەلای ئێوەوە بە کوردی ـمفکرەـ ڕۆژنامە بێ ، ئاخۆ ـجەریدەـ چی پێ دەڵێن ...؟ بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز ئێمە خۆمان ـئەگەر بە هەڵەدا نەچوبین- دەڵێین - جەریدە-ڕۆژنامەیەو ـمفکرەـ ش ڕۆژ ژمێرەنە ڕۆژنامە .. ڕەنگە ئەرەی ئێوە مەبەستان بێ ڕۆژ نامەیە واتە بەپێتی- ز - نەک - ژ - .

- فریا -

چیرۆک بۆ منداڵان

کەشتی یە سپی یەکە

نووسینی : محمد عبدالعظیم

گۆڕینی : نجاة رفیق حلمی

ئاواتی نزار ئەوە بوو کەشتێکی چارۆکەداری سپی بچکۆلەی هەبێ ، خۆشترین کاتیشی ئەوەبوو لە کەناری دەریا دابنیشێ و چاو ببڕێتە کەشتیە بچکۆلەکان و پاپۆڕە گەورەکان و خەون ببینی بە سەر پشتی کەشتێکی بچکۆکەوە دوری بخاتەوە بۆ کەنارە نوقم بووەکان لە ئاسۆدا .

ڕۆژێکیان لە کاتیکا نزار چیرۆکێکی وێنەدار کە باسی کەشتی یەوان ـماجلانـ ی ئەکرد ئەخوێندەوە پەرتووکەکەی بەلاوە ناو کەوتە دروست کردنی کەشتێکی کاغەز چارۆکەیەکی سپی بۆ کرد .

نزار لە کەشتی یە کاغەزەکەی ورد بۆوەو لە پڕێکا واهاتە بەر چاوی کە وا کەشتی یەکە کەمێک جوولا ئنجا دەنگێ هاتە گوێی ووتی : ئەی بچکۆلە ئاواتەخواز نەبوویت لە کەشتێکی چارۆکە داری سپیت هەبوایە ؟!

نزار گەلێ سەری سوڕما .

کەشتی ووتی : بەرەو دەریا بمبە ئنجا ئەبینی کە چۆن ئەبمە کەشتێکی ڕاستەقینە .

نزار کەشتی یەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت بۆ سەردەریا ، هەر ئەوندە کەشتێکەی خستە ناو ئاوەکەوە گەورە بوو چارۆکەکەی فوو درا .

کەشتی دەستی کرد بە خلیسکان لە سەر ئاوەکە .

بە دڵێکی شادەوە نزار خۆی فڕێ دایە سەر کەشتێکە ، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو لە پڕێکا کەشتێکە لە کەنار گەلێ دوور کەوتەوە.

هەستی بە تەنیایی و بە سامناکی کرد هاواری کردێ: بم گێڕەوە ئەی کەشتی .

کەشتی وەڵامی نەبوو .

نزار چڕاندی .

ئەمەوی برادەرەکانم و کەسوکارم لە گەڵ خۆم بێنم.

کەشتێکە ووتی . کاتی ئاواتە خوازت بوو کە شتێکت ببی کەس و کارو برادەرانت لە بیر نەبوو .

نزار دەستی کرد بە گریان .

کەشتێەش بۆ خوی ڕێی ئەکرد بۆ ناوەندی دەریا .

نزار کاتێ لە خەونەکەی بە ئاگا هات خوی لە ئامێزی دایکیدا دیتەوە .

دیتی کەشتی کاغەزەکەی هێشتا لە سەر مێزەکە بوو بەرانبەری .

نزار دەستی دا کەشتیە کاغەزەکەو کەوتە دڕاندنی .

دایکی واقی وڕما .

ووتی . ئەمەوی کەشتێکی گەورە دروست بکەم جێگای هەموومانی تێدا ببێتەوە ».

Institut Kurde de Paris

بریاری مێژوویماندا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی ئەواومان لەسەر خاك‌و ئاوەكەمان‌و بە توانا‌و لێ‌هاتنەوە دژی هەركەسێ‌دەوەستین بەربەستی ئەم بڕیارە مێژوویە ڕەوایەبكات .
سەرۆكی فەرماندە
صدام حسین

ڕۆژنامەیەكی هەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

هاوكاری

التضامن

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ ضخت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوكردنەوەی كوردی
بەڕێوەبەری گشتی‌و سەرنووسەر
اسماعیل ڕەسول

الخمیس ٥ شباط ١٩٨١ العدد ٥٧٣
پێنجشەممە ٥ی شوباتی ١٩٨١ ژمارە ٥٧٣

دەقی تەواوی وتەكەی سەرۆكی فەرماندە صدام حسین لە بەردەم كۆنگرەی ئیسلامی دا

بەڕێز سەرۆكی فەرماندەصدام حسین لە ووتارێكی مێژوویی گرنگدا كە لەچوارشەممەی پێشووتردا لە كۆبوونەوەی نهێنی‌ی تایبەت بە لێكۆڵینەوەی ناكۆكی‌ی نێوان عیراق‌و ئێران لەبەرانبەر كۆنگرەی بەرزی ئیسلامی‌دا لە طایف دووپاتی‌كردەوە كە عیراق دەستپێكەری جەنگ نەبووەو ئارەزووی بەردەوام بوونیشی نەكردووە .

سەرۆكی بەڕێز ووتی‌فەرمانڕەوایانی ئێران لێپرسراوێتی‌ی تەواوی هەڵگیرساندن‌و بەردەوام بوونی ئەم جەنگەیان لەئەستۆدایە .

دەقی تەواوی ووتارەكە لەلاپەڕە (٢و ٤و ٧) دایە .

لەبەر رووناكی وتارە مێژوویەكەی سەرۆكی فەرماندەدا

عیراق و ...
هەڵوێستی هەمیشە بەتوانایی

یەكێك لە سیما دیارەكانی سەركەوتویی ڕێ‌ڕەوی شۆڕشی عیراق‌و سەركردایەتیە لێ‌هاتوەكەی ، رووناك بینی‌و متمانە كردنیەتی بە توانای خۆی بۆ سەلماندنی توانای لە رویشتن بەرەو ئامانجە پیرۆزەكانی ئەم ڕێ‌ڕەوەی شۆڕشی وڵاتەكەمان ، سەرەرای ئەوەی لە یەكەم رۆژی سەرهەڵدانیەوەو تا ئێستاش دەوام لە لایەن هێزەكانی دوژمن بە ئاوات‌و خواستی گەلی عیراق، بەردەوام رووبەرووی پیلان گێران بوەو ویستراوە بە هەموو جۆرێك كۆسپ بخرێتە بەردەمی ، بەلام لە هەموو رووبەروو بوونەوەیەكی شۆڕشدا لەگەڵ ئەو هێزانەدا سەركەوتن نسیبی شۆڕش بوەو نوچدان بەشی پیلان گێرەكان بوە .

كە تاقمەكەی خومەینی لە ئێران هاتنە سەر حوكم زۆر هێزی ناحەز بە عیراق‌و ڕێ‌ڕەوی سەربەخۆی عیراق وایان هەست كرد كە ئەو تاقمە بەپێی ئەوەی قینی رەشی رەگەزپەرستیان دژی عیراق لە دڵدایە ، دەتوانن تەنگ بە عیراق‌و شۆڕشەكەی هەڵچنن . ئەمەبوو هەر لەسەرەتاوە هانی ئەو هەڵوێستە دوژمنایەتی‌كارانەی رژێمی ئێرانیان دەدا .

هەرچەند عیراق - هەروەك سەرۆكی فەرماندە لە جارێ زیاتر دووپاتی كردۆتەوە- نەبدەویست لەگەڵ ئێراندا بكەوێتە شەڕی رووبەروو بوونەوەو تا توانای هەبوو پەنای بردە بەر عورف‌و عادەتی دەوڵەتان لە چارەسەری کێشەكانیان لەگەڵ ئەو رژێمە ، بەلام كاتێ ئەو حوكم‌ڕایانە وایان زانی ئەم هەڵوێستەی عیراق كوایە لە بێ‌دەستەلاتی‌و بێ‌هێزی‌دایە ، دەبوایە پێچەوانەكەی بۆ ئەو حوكم ڕایانەو هەموو ناحەزانی سەربەخۆیی عیراق دووپات بكرێتەوەو ئەوەبوو لە ٢٢ ئەیلولی ١٩٨٠ دا بڕیاری مێژووی سەركردایەتی شۆڕش بە بەرپەرچدانەوەی هەڵوێستی دوژمنایەتی كارانەی رژێمی ئێران دەرچوو .

ئێستاش دوای رابوردنی پێنج مانگێ بەسەر ئەو شەڕەدا كە بە زۆر بەسەرماندا فەرز كراوەو لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تیایدا سەركەوتوین‌و دوژمن شكاوە ، بەلام عیراقی شۆڕش بەپێی باوەڕی مرۆڤایەتی‌و هەڵوێستی روون‌و ئاشكرای لە پەیوەندیەكانی دەوڵەتاندا بۆ جاری چەندجارە دووپاتی ئەوە دەكاتەوە كە (فرسەتی ئاشتی هێشتا لە ئارادایە) هەروەك سەركردەی فەرماندە لە كونگرەی بەرزی ئیسلامدا رای‌گەیاند . ئەم هەڵوێستەی عیراقی شۆڕش وەنەبێ لە (مەوقعی بێ‌هێزی‌یەوە بێت) وەك سەرۆك صدام حسین دەڵێ بەڵكو لە (مەوقعی تواناو لێ‌هاتنەوەیە) بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ئارەزوی رەوشت بەرزی شۆڕشی عیراق لە هاوكاری كردنیا لەگەڵ دام‌و دەزگاكانی دەوڵەتاندا دووپات بكرێتەوە .

بەم جۆرە عیراقی شۆڕش ، هەمیشە لەسەر ڕێ‌ڕەوی رووناكی بە باوەڕانەی هەڵوێستی بە توانایی دەنوێنێ .... كاتێكیش ئەم هەلە بە هەمان دڵ پاكیەوە پێشوازی دەكرێ ، ئەوا مەسەلەی چەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەكەدا ئاسانە ، بەلام ئاشتی‌یەك كە عیراق تیایدا پارێزگاری مافی رەوای خوی‌و ڕێ‌ڕەوی سەربەرزی خۆی‌و سەربەخۆی خۆی بكات نەك لە سەر حسابی سەربەستی خاك‌و ئاوەكەی .

- هاوكاری -

مەلیك حسین :

عیراق داكۆكی لەمافی خۆی دەكات

خاوەند شكۆ مەلیك حسین پادشای ئەردەن دووپاتی كردەوە عیراق لەم جەنگەیدا لەگەڵ ئێران جەنگێكی داكۆكی كەرانە‌لەمافە ڕەواكانی خۆی دەكات لە دەستەڵاتداریتی‌ی خۆی‌بەسەر خاك‌و ئاوی خۆیدا دژ بە تەماحەكانی ئێران لە خاك‌و زەوی‌وزاری عیراق‌و عەرەب‌لە كەنداوی عەرەبدا .

لە كاتی چاوپێكەوتنیدا بە ئەیان گیلمۆر جێگری وەزیری دەرەوەی بریتانیاو ئەو وەفدە پەرلەمانەی بریتانیا كە لەگەڵیدایە ووتوویەتی هەر ئاشتی‌یەكی دادوەرانەو سەرتاپاگیری لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت لەسەر بناغەی نەهێڵانی داگیركەری‌ی زایۆنی‌و گەڕانەوەی قودسی عەرەبی بۆ عەرەب‌و دابین كردنی مافە ڕەواكانی گەلی عەرەبی فەلەستین دامەزرابێت .

شایانی باسیشە بەڕێز گیلمۆرو ئەو وەفدەی لەگەڵیدایە ئێستا بە سەردان لە ئەردەندان ئەویش لە جوارچێوەی گەشتێكدا كە ژمارەیەك لە وڵاتانی ناوچەكە دەگرێتەوە .

ڤالدهایم لە كۆبوونەوەكانی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی بێ‌لایەن‌دا ئامادە دەبێت ..

لە بنكەی نەتەوە یەكگرتووەكان ڕاگەیەنرا كە دكتۆر كورت ڤالدهایم ئەمینداری گشتی‌ی ڕێكخراوی نێو دەوڵەتان ئامادەی لایەنێكی كۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی بێ‌لایەن دەبێت كە لە نوێ ئەم مانگەدا لە نیۆ دەلهی دەبەسترێت .

پەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاكێشراوە كە ڤالدهایم وەتارێك لە كۆنفراسەكەدا دەخوێنێتەوە ئەویش بەبۆنەی بیرەوەری بیستەمین ساڵەی دامەزراندنی بزووتنەكەوە كە ڕێككەوتی یازدەی ئەم مانگە دەكات .

لیژنەی مافەكانی مرۆڤ لە جنێف كۆبووەوە ..

ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو لە جنێف كۆبوونەوەكانی ڕۆڵی سی‌وحەوتی لیژنەی مافەكانی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەكگرتووەكان دەستی پێ‌كرد. لیژنەكە لەم كۆبوونەوانەیدا لە پلەی یەكەمدا لە كارەكانی پێشێل كردنی مافەكانی مرۆڤ دەكۆڵێتەوە كە گەلی عەرەبی فەلەستین بە دەستی دەستەڵاتدارەكانی زایۆنی‌یەوەدووچاری دەبن هەروەها مافەكانی مرۆڤ لە چیلی‌و توندوتیژی ڕەگەزپەرستانە كە ڕژێمی پریتۆریا بەسەر گەلی ئەفریقیای‌دا دەسەپێنێت لە خوارووی ئەفریقیادا .

سەرەڕای لێكۆڵینەوەی‌پێشێل كردنی مافەكانی مرۆڤ لە سلڤادۆرو بۆلیڤیاو گواتیمالاو وڵاتانی تری ئەمریكای لاتین .

لەكۆبوونەوەیەكی ئەنجوومەنی وەزیران دا

سەرۆكی فەرماندە صدام حسین داوای پاراستن‌و پتەوكردنی گیانی سەركەوتن دەكات

بەڕێز سەرۆك موهیب ڕوكن صدام حسین فەرماندەی‌گشتی‌ی هێزە چەكدارەكان‌داوای كرد گەل‌و سوپا لە چوست‌و چالاكی‌و وورووژمدا بەردەوام بن لە پێناوی‌پاراستنی سەركەوتن‌و پتەوی‌كردنی گیانی سەركەوتن .

بەڕێزی لە كاتی‌سەرۆكایەتی كردنی‌كۆبوونەوەیەكی ئەنجوومەنی‌وەزیراندا پێرێ سەر لەبەیانی دووپاتی گرنگی‌ی خۆڕێكخستنی كردەوە لەكۆمەڵدا چونكە یەكێك لەشێوازە داوا كراوەكانە بۆ بنیاتنانی مرۆڤی نوێ‌و ڕاپەڕاندنی لێپرسراوێتیەكانی .

بەڕێز طارق عزیز ئەندامی‌ئەنجوومەنی سەركردایەتی‌ی شۆڕش جێگری سەرۆك‌وەزیران لەكاتی كۆبوونەوەكەدا باسی ئەودەورەی كرد كە بەڕێز سەرۆكی فەرماندە صدام حسین‌و ئەو وەفدەی لەگەڵیدا بوو لە سێیەمین كۆنگرەی‌بەرزی ئیسلامی‌دا گیرای .

هەروەها دكتۆر سعدون‌حمادی وەزیری دەرەوە باسی ئەو چوست‌وچالاكی‌یەی كرد كە وەفدی عیراق لە كۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی ئیسلامی‌داگێڕای .

لەم كۆبوونەوەدا كە نزیكەی سێ‌سەعاتی خایاند بەڕێزان طە محی‌الدین معروف جێگری سەرۆك كۆمارو طە یاسین رمضان یەكەمین جێگری سەرۆك وەزیران‌و ئەندامانی‌ئەنجوومەنی سەركردایەتی‌ی شۆڕش ئامادە ببوون .

ڕژێمی فارس دان بە پەرەسەندنی بەرهەڵستی كردنی گەلانی ئێران دا دەنێت دژ بە تاقمەكەی خومەینی

ڕەفسەنجانی داوا لە خومەینی دەكات ڕێ بە بەنی صەدر نەدات تاوانباریان بكات

ئێران

خومەینی لەقوم خۆی حەشارداوەو دەست‌و پێوەندەكەی لەسەر دەستەڵات‌و دەست خستنی زۆرانبازی‌یانە

ڕەفسەنجانی‌ی سەرۆك ئەنجوومەنی پەرلەمانی فارس داوای لە خومەینی‌ی‌جادووگەر كردووە ڕاستەوخۆ هەوڵ بدات ئەو تاوانباركردن‌و ڕیسوایی كردنە بوەستێنێت كە بەنی صەدری‌سەرۆكی ڕژێم ئاراستەی تاقمی دەست‌وپێوەندەكانی‌خومەینی‌و ڕەجائی‌ی دەكات .

ڕادیۆی تاران ووتوویەتی‌ڕەفسەنجانی لەبەردەمی ئەنجوومەندا ووتوویەتی‌داوا لە خومەینی دەكات بە خودی‌خۆی لەم مەسەلەیەبڕوانێت .

ڕەفسەنجانی هەوڵی ئەوەی داوە ئەو تاوانانە بەدرۆ بخاتەوە كە بەنی صەدر ڕای‌گەیاندوون گوایە ئەنجوومەنەكە بێ‌ئەوەی پرس بە سەرۆكی ڕژێم بكات بڕیار لەسەر بڕیارو بەیاننامەكان دەدات ئەویش بۆ ئەوەی لە دەستەڵات دوور بخرێتەوە .

ئەوەبوو بەنی صەدر لە ڕۆژنامەكەی خۆیدا ئەو تاقمەی تاوانبار كردووە كە دژی دەستەڵاتەكانی سەرۆكی ڕژێم تێ‌دەكۆشن هەروەها ڕەخنەو لۆمەی ئاراستەی ڕەجائی‌ی سەرەك وەزیران كردووە دەربارەی ئەو شێوازەی تەنگ‌وچەڵەمەی بەبارمتە گیراوەكانی بێ‌كۆتایی هێناو سەرنەكەوتنی بۆ دابین كردنی دەستگیر بوونی ئەو چەكە ئەمریكی‌یەی كە بەگوێرەی قسەكەی ئەو لەوەو پێش نرخەكانی بە ئەمریكا درابوو .

لە لایەكی ترەوە ڕۆژنامەی (كون ئایدن)ی توركیایی لە ڕاپۆرتێكی فراواندا ووتوویەتی ئێرانی ئەمڕۆ زۆر جیاوازی‌ی لەگەڵ ئێرانی دووساڵ لەمەوپێش‌دا هەیەو، ئەمڕۆ خومەینی بووەتە ئامێرێكی ئەبزوێن لەناو هەراوهوریای ئێران‌دا كەس گوێ‌ی بۆ شل ناكات چونكە لە یەكێك لە گۆشەكانی قوم‌دا خۆی حەشارداوە كەچی دەست‌وپێوەندەكەی لەسەر كورسی فەرمانڕەوایی كردن زۆرانبازی‌یانە .

ڕۆژنامەكە لەو ڕاپۆرتە فراوانەیدا بە بۆنەی تێپەڕ بوونی دوو ساڵ بەسەر گەڕشتنی خومەینی‌و دەست‌وپێوەندەكەی‌دا بە كورسی‌ی دەستەڵات لە ئێران‌دا ووتوویەتی لەوانەیە ماوەی داهاتوو كاروباری ناكۆكی‌ی نێوان تاقمەكانی رژێم بە لایەكدا بخەن .

ڕۆژنامەكە هەروەها ووتوویەتی گەلانی ئێران زۆریان پێ خۆش‌بوو كە شۆڕش هەڵگیرسا بەلام نەیانزانی زوڵم‌وستەمكەرییەكی نوێیان بەسەردا دەسەپێنرێت ..

لە لایەكی تریشەوە گۆڤاری (تایم)ی ئەمریكی دووپاتی كردووەتەوە كە ژمارەیەك لە لێپرسراوانی رژێمی فارس پێش رووخانی شاو پاش ئەو ماوەیەش پەیوەندیان بە موخابەراتی ئەمریكی‌یەوە هەبووە .

هەروەها ووتوویەتی لە دۆسیە تایبەتەكانی ئەمریكادا ناوی ژمارەیەكی لێپرسراوانی رژێم دۆزراونەتەوە لەوانەیش محمد بەهەشتی سەرۆكی دادگای بەرزو علی خامینی لێپرسراوێكی حزبی كۆماری ئیسلامی پاش رووخانی شا پەیوەندیان بە باڵیۆزخانەی ئەمریكاوە هەبووە .

زایۆنیزم لایەنی رژێمی خومەینی جادووگەر دەگرێت

بزووتنەوەی زایۆنیزمی جیهانی سەرلەنوێ لایەنگیری‌و پشتگیری‌ی خۆی بۆ ڕژێمی حومەینی‌ی ڕەگەزپەرست راگەیاند لە دەستدرێژی كردنەكەیدا دژ بە عیراق .

لە دەستدرێژی كردنەكەیدا دژ بە عیراق .

ئەوەبوو ئاژانسی دەنگ‌وباسی فەرەنسی ووتی كە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی كردنی دەزگا یەهودی‌یەكان لە فەرەنسا لە بەیاننامەیەكدا كە پێرێ دەری كردووە نارەزایی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بەوەی كە فەرەنسا چوار فڕۆكەی جەشنی میراجی (ئێف-( )ی بە عیراق داوە .

قوتابی‌یە ئێرانی‌یەكان لە فلیپین ئابلوقەی باڵیۆزخانەی رژێمی فارس دەدەن

پێرێ لە مانێلای پاتەختی فلیپین قوتابی‌یە ئێرانی‌یەكان كە لەوێ دەخوێنن خۆپیشاندانێكیان لەبەردەمی باڵیۆزخانەی ڕژێمی فارس‌دارێك خست بۆ نارەزایی دەربڕین سەبارەت ناڵەباری‌ی‌باری گوزەرانیان .

پۆلیسی فلیپینیش گەمارۆی باڵیۆزخانەكەیان دا كە قوتابی‌یەكان تێ‌دەكۆشان هێرشی بەرنە سەر ئەویش بەهۆی كەم كردنەوەی ئەوپارەوە كە حكومەتی تاران پێیان دەدات .

شایانی باسیشە ڕژێمی‌فارس لەم دوایی‌یەدا بەهۆی ناڵەباری‌و پشێوی‌ی باری‌ئابووری‌و ئاژاوەوە ئەو پارەیەی كەم كردووەتەوە كە دەدرێتە قوتابی‌یە ئێرانی‌یەكان كە لە دەرەوە دەخوێنن .

Institut kurde de Paris

دەقی تەواوی وتەكەی سەرۆكی فەرماندە صدام حسین لەبەردەم كۆنگرەی ئیسلامیدا

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
برای بەڕێز سەرۆكی كۆنگرە
خاوەند شكۆ بەڕێز میر فهد

برایان

لەسەرەتای وتەكەمم حەزدەكەم بەناوی خۆمەوەو لەجیاتیی وەفدی عیراق ئەوپەڕی سوپاسگوزاریو ڕێزگرتن بۆ خاوەند شكۆ بەڕێز مەلیك خالد كوڕی عبدالعزیزو بەڕێز خاوەند شكۆ میر فهد كوڕی عبدالعزیز دەربڕم لەوەی لە لایەن هەردووكیانو لە لایەن گەلو حكومەتی ووڵاتی عەرەبستانی سعودییەوە بۆمان كرا لەو میوانداریەیە باشو پێشنوازی لێكردنو لەو ڕەنجانەی ووڵاتی عەرەبستانی سعوودی بۆ ڕێكخستنی ئەم كۆنفراسە بەرزەو دابین كردنی پێداویستییەكانی سەرخستنی داونیو ئێمە ئومێدمان بە خوای گەورە هەیە كە سەركردەی دەوڵەتە ئیسلامییەكان لە مەككەی پیرۆزو لەو خاكەی كە شوێنی دابەزینی وەحیو شوێنی دەستپێكردنی پەیامی مەزنی ئیسلامەتی بوو نیازو هێزو تواناو بیروڕای چاكمان پێبەخشێت لەپێناوی وەدیهێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی لەپێناوباندا كۆبوونیەوەو وەدەستهێنانی ئەنجامی باش بۆ خزمەتكردنی ئایینی پیرۆزو گەلانی موسولمانمان .

برایان .

عیراق دەستپێشكەری داواكردنی دانیشتنێكی تایبەتیی كرد بۆ لێكۆڵینەوەی ناكۆكیی نێوانیو نێوان ئێران بۆ ئەوەی بەچەشنێكی دوورودرێژ هەموو مەوداكانی ئەم ناكۆكییەو كەڵەكەبووە مێژووییەكانی بۆ ئەوەی بەڕێزان خاوەند شكۆیانو بەڕێزان پادشاو سەرۆكانی دەوڵەتە ئیسلامییەكانو ئەوانەی نوێنەری ئەوانن ئاگاداری ڕوودانی ئەم جەنگەی ئێستا بن لەناوچەكەماندا كە ئێران بەسەریدا سەپاندووین .

هیچ تەنگو چەڵەمەیەك ناكرێت لەچوارچێوەی مێژووییانەو هۆیە ڕاستەوخۆیەكانی جیابێتەوەو هەوڵدان بۆ چارەسەركردنی ئەم ناكۆكییەی ئێستا لەئارادایە بەشێوەیەكی دادپەروەرانەو شكۆمەندانە . . پێویست بە تێگەیشتنی سروشتی ناكۆكییەكە دەكات بەووردیو .. لەبەر تیشكی كەڵەكەبووە مێژووییانە ڕاستەكەیدا .

تەنگو چەڵەمەیەك كە تەمەنی ٤٥٠ ساڵە

تەنگو چەڵەمەی نێوان عیراقو ئێران بۆ پتر لە (٤٥٠) ساڵ مێژوو دەگەڕێتەوە ئەگەر بەدووی مێژوویدا گەڕاین كە ئەمە تەنیا تەنگو چەڵەمەیەكی سنووری یان ناكۆكییەكی ناوەنجی نییە دەربارەی مافەكانی كەشتیڕانی بەڵكوو لەوە زۆر فراوانترە : چونكە تەنگو چەڵەمەكە لە تەماحە فراوانگەرێتییەكانی ئێراندا خۆی پیشان دەدات لەناوچە عەرەبییەكان دەوروبەریو ئەوانەی بەقەد سنووریەوەن .

لەبواری مێژووەوە .. هەر لە ساڵی (١٥٢٠)ەوە هەژدە پەیمان لە نێوان دەوڵەتی فارسو دراوسێكانیدا لە ڕۆژئاواوە مۆركراون دەربارەی پەیوەندیی لەگەڵیاندا .. لە چوارچێوەی ئەوانەیشدا مەسەلەی سنوور .. دەوڵەتی فارسیش لە هەموو بۆنەیەكدا چاوەڕێی هەلی دەكرد بۆ ئەوەی لەو پەیمانانە لابدات چی بە گفت یان بە كردەوە .

دەوڵەتی فارسو دەوڵەتی عوسمانلی یەكەمین پەیمانی نێوانیان لە ساڵی «١٥٢٠»دا مۆر كرد ئەویش لە ئەنجامی داگیركردنی چەند ناوچەیەكی عیراق كە سەر بە دەوڵەتی عوسمانلی بوو لەلایەن ئێرانەوە .. كە خستیە خاكی خۆی .. ئەوەبوو دەوڵەتی فارس بە گوێرەی ئەو پەیمانە ناچار كرا لەو زەویو زارانە بكشێتەوە كە داگیری كردبوون .. چەند پەیمانێكی دیكەشیان بە دوادا هات گرنگ ترینیان پەیمانی (١٦٣٩)یە كە لە (زەهاو) مۆركرا بۆ یەكەمین جار بنەمای دیاری كردنی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی لە چوارچێوەدایە .. ئەوەبوو پەیمانی ناوبراو بەو پەیمانە دووپات كراوە كە لە ساڵی ١٧٤٦دا لە (كردن) مۆر كرا كە تێیدا هاتووە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت ئەوەیە كە لە پەیمانی ١٦٣٩دا هاتووە .

شایانی باسیش بێت لەهەردوو پەیمانەكەدا دەوڵەتی فارس ناچار كرا لە زەویوزاری عەرەب لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانلیدا بكشێتەوە كە دەوڵەتی فارس بە گوێرەی شوێنی جوگرافیی خۆی لەسەر حسێبی ئەو فراوان دەبووەوە .

پێشێلكردنی بەردەوامی فارسەكان

هەر بە شوێن هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانلیو دەوڵەتی فارسدا لە ساڵی (١٨٢٣)دا پەیمانی (ارضروم)ی یەكەم مۆر كرا كە پەیمانە مۆركراوەكانی پێشووی دووپات كردەوە سەبارەت بە سنوور .. بە تایبەتی پەیمانی (١٧٤٦) كە بەجێبەجێ كراو دایناو دەبێت هەردوولا پەیڕەوی بكەن .

هەردوو لا لەم پەیمانە نوێیەدا بەشێوەیەكی تایبەتی دووپاتی قەدەغە كردنی دەستێوەردانی دەوڵەتی فارسیان كردەوە بەهەر چەشنێك بووبێت لە كاروباری ناوخۆی عیراق كە ئەو سەردەمە سەر بە دەوڵەتی عوسمانلی بوو .. بەڵام تەنگو چەڵەمەكانی سنوور لە نێوان هەردوو لادا لە ئەنجامی بەردەوامبوونی پێشێلكردنە ناوچەرگەرییەكان فارس هەر بەردەوام بوو .. سەرەڕای ئەو ئەوپەیمانانەی پەنجەمان بۆ ڕاكێشانو .. بەهۆی سەرهەڵدانی كێبەركێی نێوان ڕووسیای قەیسەریو بەریتانیا بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەكە ئەوا هەردوو دەوڵەتی عوسمانلیو فارس وایان بەباش زانی كە سنوورێكی تەواوو چەسپاو لە نێواندا دابنێن .. لەم بوارەشەوە ڕووسیای قەیسەریو بریتانیا دەوری ناوبژیكەریان بینی .. ئەوەبوو پەیمانی (ارضروم)ی دووەم لە ساڵی ١٨٤٧دا مۆركرا .. بە گوێرەی ئەم پەیمانەیش .. دەوڵەتی فارس یەكەمین فراوانبوونەوەی ناوچەیی لەسەر حسێبی مافەكانی عەرەب دەستگیر بوو .. پێش ئەوەی سنوورپێش ساڵی ١٨٤٧ لە ناوچەی شط العربدا لەڕۆژهەڵاتی دوورگەی عەبادانیدا .. وەك چۆن لە نەخشەی ژمارە (١)ی نامیلكەی نەخشەكان روون كراوەتەوە كە بەسەرتاندا دابەش كراوە .. وای لێهات لەگەڵ كەناری ڕۆژهەڵاتی شط العربدا بێت .. هەروەك چۆن لە نەخشەی ژمارە (٢)دا روونكراوەتەوە دیسانو لەم بوارەوە .. ئەگەرچی شط العرب بەتەواوی ئاوەكەیەوە لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانلیدا مایەوەو بە بەشێك لەعیراق مایەوە كە ئەو سەردەمە بەشێكی دەوڵەتی عوسمانلی بوو ئەوا دەوڵەتی فارس دەستكەوتێكی ناوچەیی بەسەر خاكی كەناری ڕۆژهەڵاتدا دەستگیر بوو ئەویش ددانپێدان بوو بە دەستەڵاتیدا بەسەر بەندەرو جێ كەشتییی المحمرە كە بەرانبەر بە قەناتی (الحفار)ە لە ڕووباری كاروونداو دوورگەی خضر كە ئێستا بە (عەبادان) ناودەبرێت ئەو خاكو شارەكانو بەندەرەكانی لێدەرچێت كە لەو كەنارەدانو لە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانلیدا مانەوە .

شایانی باسیشە كە پەیمانی (١٨٤٧) بەڕاشكاوی تێیدا هاتووە هەر لایەكیان واز لە هەموو ئیدیعاكانی ناوچەگەریی لەخاكی لایەكەی تر بهێننو دەست لە كاروباری ناوخۆی تێوەرنەدەن .

بەگوێرەی ئەوەیش لیژنەیەكی هاوبەش پێكهێنرا بۆ دیاری كردنی هێڵی سنوور لەسەر نەخشە بەگوێرەی وەسفەكانی دیاریكردنی سنوور كە لە پەیمانەكەدا هاتووەو نەشدەتوانرا ئەم ئەركە بەجێبهێنرێت بە هۆی ئەو جەنگانەوە لە ناوچەكەدا هەڵگیرسان . كە جەنگی قەرەم لە نێوان دەوڵەتی عوسمانیو ڕۆسیادایە (١٨٥٤ - ١٨٥٦)و جەنگی بریتانیا - فارس (١٨٥٦ - ١٨٥٧)و جەنگی بەلقانو بارو دۆخ تاكوو ساڵی ١٩١١ بە مەیوی مایەوە ئەوەبوو كە ناكۆكییەك دەربارەی جێبەجێكردنی پەیمانی (ارضروم)ی دووەم ڕوویدا لە ئەنجامی ئەوەی دەوڵەتی فارس قایل نەبوو جێبەجێی بكات .

ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی پرۆتۆكۆلی تاران ساڵی ١٩١١ مۆربكرێت كە تێیدا هاتووە هەردوو دەوڵەتی عوسمانلیو فارس لەسەر پێكهێنانی لیژنەیەكی هاوبەش ڕێككەوتن لە ئەستانبووڵ كۆببێتەوە بۆ بڕیار لەسەردانو چەسپاندنی هێڵی سنوور لە نێوان هەردوو ووڵاتدا بە گیانێكی موجەڕەدو بێلایەن . باشان لیژنەیەكی هونەری وەسفی هێڵی سنوور لە سەر سروشت جێبەجێ دەكات بەگوێرەی ئەوەی لە تێكستەكانی پەیمانی (ارضروم)دا هاتووە كە ساڵی ١٨٤٧ مۆركراوە .

پرۆتۆكۆلی ئستانە

پاش ئەوەی هەردوولا ساڵی ١٩١٢ لە ئەستانبوول كۆبوونەوە نەیانتوانی لەسەر پلانی كاركردن ڕێكبكەون . بەهۆی ناوبژیكردنی ڕووسیاو بریتانیاوە دیسان . پرۆتۆكۆلی ئستانەی ساڵی ١٩١٣ مۆركرا كە نوێنەری هەردوو لاو هەردوو دەوڵەتی ناوبژیكەر مۆریان كرد .

پرۆتۆكۆلی ناوبراو وەسفێكی ئاشكرای هێڵی سنووری جیاكەرەوەی نێوان هەردوو ووڵاتی تێدا هاتووە . ئەوەو وەسفێكە لەوە جیاواز نییە كە لە پەیمانی (ارضروم)ی ساڵی ١٨٤٧ هاتووەو چەسپاندنی ئەم وەسفە لەسەر سروشتو دامەزراندنی كیلەكان لە لایەن لیژنەیەكەوە ئەركەكانی دیاریكراون هەروەها پرۆتۆكۆلەكە تێیدا هاتووە كە ئەوسنوورەی لەسەر سروشت دیاری دەكرێت بەو چەشنە دادەنرێت كە بەتەواوەتی چەسپاوەو لەمەوپاش ئاڵی ووردنابێتەوەو دەستی لێنادرێت .

لەم پرۆتۆكۆلەدا جارێكیتر دەوڵەتی فارس دەستكەوتێكی ناوچەگەری لەسەر حسێبی مافەكانی عەرەب چنگكەوت . ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانلی جارێكیتر دەستی لە بەشێكی ناوچەی عەرەبی هەڵگرت لە شط العرب بەرانبەر بە بەندەری محەمەرە . بەدرێژایی چوار میل ئەوەبوو هێڵی سنوور لەم ناوچەیەدا وای لێهات بەناوەڕاستی شط العربدا بڕوات لە مەسافەی ناوبراو ئەنجا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شان بە شانی كەناری ڕۆژهەڵاتی رووبارەكە بڕوات تاكوو دەریا . كۆمەڵێك دوورگەی لە ژێر چنگی دەوڵەتی فارسدا هێشتەوە وەك لە نەخشەی ژمارە (٣)ی نامیلكەی نەخشەكاندا روونكراوەتەوە كە بەسەرتاندا دابەش كراوە .

لە ئەنجامی ئەوەوە لیژنەیەكی چوار قۆڵیی هاوبەش بە گوێرەی پرۆتۆكۆلەكە لە نوێنەری ڕووسیاو بریتانیاو دەوڵەتی عوسمانلیو ئێران پێكهێنرا سنووری لەسەر سروشت چەسپاند بەگوێرەی ئەو وەسفەی لە پرۆتۆكۆلەكەدا هاتووە . ئەویش هەر لە گەیشتنی شط العرب بە ئاوی كەنداوی عەرەب لە باشوورەوە تا دەگاتە ئەرارات لە باكوور . لیژنەكە كاروباری خۆی لە تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩١٤دا كۆتایی پێهێناو دەربارەی ئەویشن مەحزەری دانیشتنەكانیو بڕیارەكانی نەخشەی پێویستی ڕێكخستو (١٢٦) كێلی سنووری دروستكران ئەم مەحزەرانە پێی دەووترێت (مەحزەرەكانی دانیشتنەكانی لیژنەی دیاریكردنی عوسمانلی - فارسی ی (ساڵی ١٩١٤) ئابەم جۆرە دەبوو سنوور چەسپاوبێت بەتەواوەتیو هەردوولا لەو مێژووەوە ددانیان پێدا نابێت .

كە عیراق سەربەخۆیی وەرگرت

پاش ئەوەی عیراق سەربەخۆیی وەرگرتو لە ئەمپراتۆریەتی عوسمانلی جیابووەوە لە پاش یەكەمین جەنگی جیهانیو بوو بە دەوڵەتێكی سەربەخۆ . بەگوێرەی یاسای نێو دەوڵەتان لەو ئەمپراتۆریەتەوە پەیمانە توركیەكانی تایبەت بە ناوچەی عیراقی بۆ بەجێما . دوایەمینیشیان پرۆتۆكۆلی (١٩١٣)و مەحزەرەكانی لیژنەی دیاریكردنی سنوورە ی ساڵی ١٩١٤ دەبوو ئێران هیچ تەنگو چەڵەمەیەك لەم بارەیەوە بۆ عیراق نەنێتەوە . بەڵام لەو سەردەمەی عیراق تازە سەربەخۆیی وەرگرتبوو . بەتایبەتی ساڵی ١٩٣٢ زنجیرەیەك كاری پێخستنە ناو خاكی ناوچەی عیراقەوەی ئەنجامداو ڕایگەیاند خۆی بەپەیمانی (ارضروم)و پرۆتۆكۆلی كۆتایی پێهێناو دەربارەی ئەوەیش مەحزەری دانیشتنەكانیو ساڵی ١٩١٤ نابەستێتەوەو دەستی كرد بە زنجیرەیەك كاری دەستێوەردانی چەكدارانە لە شط العربو پێخستنە ناو ناوچەی عیراقەوە ئەویش بە دروست كردنی مەخفەری سنووری لەناو خاكی عیراقداو پاسەوانی كردنی بەهێزی چەكدار . ئەم پێخستنە ناو خاكەوەیش سەرباسی ئەو سكاڵایەبوو كە عیراق ساڵی ١٩٣٤ بۆ دەستەی نەتەوەكان بەرزی كردەوە ئەوەبوو دەستەكەیش ئامۆژگاریی ئەوەی كرد ناكۆكییەكە لە ڕێگای گفتوگۆی ڕاستەوخۆوە چارەسەر بكرێت .

ئەم ناكۆكییە بە مۆركردنی پەیمانی سنوور لە نێوان عیراقو ئێراندا لە چواری تەمووزی ١٩٣٧دا كۆتایی پێهات كە لە یەكەمین مادەی ئەم پەیمانەدا هاتووە پرۆتۆكۆلی ساڵی ١٩١٣و مەحزەرەكانی دانیشتنەكانی لیژنەی دیاریكردنی سنووری ساڵی ١٩١٤ بە بەڵگەنامەی ڕەوا دەژمێررێنو دەبێت هەردوو لا چاودێرییان بكەنو لێیان لانەدەن . بە گوێرەی ئەوەیش تێیدا هاتووە هێڵی سنوور لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا هەمان ئەو هێڵە بێت كە لە لایەن لیژنەكەی (١٩١٤)وە دیاریكراوەو داڕێژراوە .

سەرلەنوێ ئێران فراوان بووەوە

ئەوەی پەیوەندیی بە (شط العرب) ەوە هەبێت . ئەوا ئێران سەرلەنوێ بە گوێرەی ئەم پەیمانە لەسەر حسێبی عیراق فراوان بووەو . دەستی بەسەر دەستكەوتێكی ناوچەییی نوێدا گرت سەرەڕای ئەوەی لە پێشدا دەستی سەردا گرت لە ڕێككەوتننامەی ساڵی ١٩١٣دا كە ئەوە دەگەیەنێت عیراق دەست لە بەشێكی بچووكی شط العرب بەرانبەر بە عەبادان هەڵبگرێت بەچەشنێك هێڵی سنوور تێیدا لەگەڵ ئاوەڕۆی قووڵی ئاوەكەدا بڕوات بە درێژایی نزیكەی چوار میل .

ئەمەی لێدەرچێت ئەوا هێڵی سنوور لە نێوان عیراقو ئێراندا لە ڕادەی ئاوی تەنكی كەناری ڕۆژهەڵاتی شط العربدا مایەوە بە گوێرەی دیاریكردنی سنوور كە لەمەحزەرەكانی دانیشتنەكانی لیژنەی دیاریكردنی سنووری ساڵی ١٩١٤دا باسكراوە .

ئەوە لە نەخشەی ژمارە (٤)ی نامیلكەی نەخشەكاندا ڕوون كراوەتەوە كە بەسەرتاندا دابەش كراوە .

مادەی سێیەمی پەیمانی ١٩٣٧یش دەڵێت لیژنەیەك بۆ داكوتانی كیلەكانی سنوور پێكبهێنرێت كە لەكاتی خۆیدا لە شوێنەكانی خۆیاندا دیاریكرابوونو لیژنەی ساڵی ١٩١٤ دروستیكردنو دیاریكردنی كێلی نوێ كە سوود لە دامەزراندنیاندا دەبینێت . ڕوونیشی دەكەمەوە مەبەست لەوە وەدیهێنانی ئەوەیە هەردوو لا لە دیباجەی پەیمانەكەدا ڕایانگەیاندووە بەشێوەیەكی تەواوەتی سنووێك بۆ مەسەلەی سنووری نێوان هەردوو ووڵات دانێن .

ئەوەبوو لیژنەی داكوتانی كێلەكانی سنوور ساڵی ١٩٣٨ پێكهاتو دەستی بەكاروباری خۆی كرد بەڵام لە ساڵی ١٩٤٠دا بەهۆی كشانەوەی ئێران لێی لیژنەكە لەكار كەوت . پاش ئەوەی بۆی روونبووەوە كە تەجاووزێكی ناوچەیی گەورەی لە خاكی عیراقدا كردووە لەناوچەی (ام شیر) لە پارێزگای میسان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی عیراق .

ئێران سەرلەنوێ گەڕایەوە هەمان تەنگو چەڵەمەكانی سنووریی بۆ عیراق هێنایە ئاراوە كە لەپێش مۆركردنی پەیمانی (١٩٣٧) دەیهێنانە ئاراوەو دەستی كرد بە پێخستنە ناو خاكی عیراقەوە لە چەندین ناوچەی جۆراوجۆردا ئەویش بە دروستكردنی مەخفەری سنووریی چەكدار لە خاكی عیراقداو كاری دەستێوەردانی چەكدارانە لە شط العربدا كە داوای كرد كەشتیڕانیی تێدا لە ئیختصاصی لیژنەیەكی هاوبەش بێت دەستەڵاتی یاساییو جێبەجێكردنو دادوەری هەبێت ئەگەرچی ڕووبارێكی نیشتمانییە بە تەواوەتی لەژێر دەستەڵاتی عیراقدایەو كە ناوەكەی بەڵگەی ئەوەیە عیراقیو عەرەبییە .

عیراق هەوڵیدا ناكۆكییەكە چارەسەر بكرێت

ئێران لە هێنانە ئاراوەی ئەم تەنگو چەڵەمانە بۆ عیراق بەردەوام لەهەردوو سەردەمی پادشاییو كۆماریداو . هەڵویستی پەرە پێدەدا . ئەگەرچی عیراق بە ڕێگای دیبلۆماسی هەوڵیدا ناكۆكییەكە چارەسەر بكرێتو پەیوەندییەكی ئاسایی لەگەڵ ئێران پێكبهێنرێت بە گوێرەی ئیلتزاماتە یاساییەكانی نێوان هەردوو ووڵات .

لەگەڵ هەموو شتێكدا .. ئێران سەرلەنوێ ئەو ڕێگەیەی گرت كە لەڕابوردوودا ڕاهاتبوو بیگرێت . ئەوەبوو لە ١٩ی نیسانی ١٩٦٩ی ڕاگەیاند .

لەوەیشدا ئێران بەردەوامبوو لە نكوڵی كردن لە ئیلتزاماتە نێو دەوڵەتییەكانیو پێشێلكردنی سەربەخۆیی عیراق لە زەمینو لە شط العربدا . ئەوەبوو ئێران . . دەستێوەردانێكی بەردە لە ڕوو هەڵماڵراوی دەستپێكرد لە كاروباری ناوخۆ لە عیراقداو بە هەموو شێوازێك .. ئەوەبوو بارو دۆخ بەرەو ئاڵۆزی چوو تا ڕادەی دەستدرێژی كردنی چەكدارانە دژ بە عیراق لە هەندێك ناوچەی سنووری جەزایر بكەین .. حەز دەكەین كەڵەكە بووە ڕاستەوخۆكانی .. ئەمەیش وای لە عیراق كرد لە ساڵی ١٩٧٤دا لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا سكاڵایەك دژی بەرزبكاتەوە .

ئەوەبوو عیراق لەگەڵ ئێرانی شادا لە هەموو دەرگایەكیدا بۆ چارەسەركردنی ناكۆكییەكە بە گوێرەی ناوەڕۆكی یاسای نێودەوڵەتی .. بەڵام هەوڵەكانی عیراق جارێك تووشی ڕەفزكردن دەبوو .. جارێكی تریش تووشی كەمتەرخەمیو خەریككردن .

ئەوەبوو ئێران ئەمجارە سوودی لە هەرهەلێك دەبینی بۆ داخوازی كردنی سەرلەنوێ دیاری كردنی سنوور لە شط العربدا لەسەر بناغەی هێڵی تالوك (واتە هێڵی ئاوەڕۆی قووڵی ئاو كە بۆ كەشتیڕانی دەست دەدات . ئاشكرایە مەبەستیش زۆر ڕوونە ئەویش وەدیهێنانی دەستكەوتێكی نوێی ناوچەگەرییە لەسەر حسێبی عیراق بۆ دەست بە سەراگرتنی نیوەی شط العرب بە مەسافەیەكی درێژی رووبارەكە .

بارودۆخ هەر لە ساڵی ١٩٦٩ وە پاش شۆڕش تاكوو ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بوو ئەوەبوو ڕێككەوتننامەكەی جەزایر لەو ساڵەدا هاتە كایەوە .

ڕێككەوتننامەكەی جەزایر

بەڕێز سەرۆكی كۆنگرە

برایان

پێش ئەوەی بە دوورودرێژی باسی ڕێككەوتننامەكەی بۆتان باس بكەین چونكە ئەوە ڕووناكییەكی گەورە دەخاتە سەر بەندو مەبەستە بنەڕەتییەكانی .

هەر لە شۆڕشی حەڤدەی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ ئەوساو ئێستایش عیراق بە توندی لایەنی سیاسەتی بێلایەنیی گرتووە كە لە سەر بیروباوەڕی دەستێوەرنەدانی كاروباری ناوخۆییو ڕێزگرتنی دەستەڵاتی نیشتمانیی هەموو دەوڵەتانو بە تەنگەوەبوونی ئاشتیو ئاسایش لە جیهاندا دامەزراوە .

لەگەڵ ئەوەیشدا .. سیاسەتی دەرەوەمان هیچ كاتێك ڕێگامان نادات بە هیچ جۆرێك خۆ شل بكەین بەرانبەر ئەوەی كە پەیوەندیی بە سەربەخۆیی عیراقو ووڵاتانی عەرەبو دەستەڵاتیانو پیرۆزیی خاكیانەوە هەیە لە لایەن هەر لایەكەوە بێتو بە هەرچی بیانوو یان پەردەیەك بێت . ئێمە لایەنی ئەم سیاسەتو ئەم بیروڕایانەمان گرت لە سیاسەتی دەرەوەماندا ئەویش لە هەنگاو هەڵهێنان لە بیروڕاكانمانو لە پێداویستیی قووڵەوە بەو شتانەو .. لە تاقیكردنەوەیەكی نیشتمانیو نەتەوەیی دوورودرێژ لەم

بڕوانە ل : ٤



Institut kurde de Paris

دوو یاد

ووتەی ئەمجارە :

لە ڕۆژ ژمێری مانگی کانونی دووەمدا دوو ڕۆژ لە مێژووی ئەدەب و ڕۆشنبیریدا سەرنجیان ڕاکێشام و جڵەوی بیریان بەرەو خەون و خەیاڵ پێ شل کردم ، کەوتمە بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی هۆو هەل و مەرج و ئەنجامی زۆر . ئەم دوو ڕۆژەش هەردووکیان ڕۆژی لە دایك بوونی ڕۆژنامەن و ڕۆژنامەش بە هەر زمان و لە هەر ڕۆژگارێکدا بێت کەرەستەیەکی بەکاری شارستانەتی و بەردی بناغەی ڕووناکبیری نەتەوەیە .

● ڕۆژی ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی ـ هاوکاری ـ بڵاوکرایەوە ، ئەمڕۆ کە گەیشتووینە ١٩٨١ واتا وا یانزدە ساڵ لە تەمەنی لاوێتی ڕۆژنامەکە دەست نیشان دەکەین ، ئەم تەمەنەش لە چاو ڕۆژنامە نووسی کوردیدا بە چاوێکی ڕێزگرتنەوە حیسابی بۆ دەکرێ ، لە دایك بوونیشی لە ماوەیەکی مێژوویی زۆر گرنگ و ناسکدا بوو کە لە لاپەڕە گەشەکانی مێژووی نەتەوەو بە بەری ڕەنجی خەبات و برایەتی عەرەب و کوردی عیراق دەژمێردرێ .

● بێ گومان ـ هاوکاری ـ لە سایەی سەردەمی شۆڕشی ١٧و ٣٠ی تەمموزدا لاپەڕەکانی بووەتە تۆمارێکی دەوڵەمەندی شیعرو لێکۆڵینەوەو چیرۆك و فۆلکلۆرو هونەرو لقەکانی تری ڕۆشنبیری کوردی ، تابلۆی زۆر نۆبەرەی تەڕو تازەی نووسەرو هونەرمەندانی تێدا خراوەتە ڕوو .

● ڕوژی ١٠/١ی کانوونی دووەمی ١٦٥٣ یەکەم ڕۆژنامەی جیهان لە ئیتالیا بڵاوکراوەتەوە .

دەڵێن شارستانەتی جیهانی یەکێکەو چەرخ او چەرخ بەردەوامەو لە پێگەیاندن و بەرخواردنیدا نەتەوەکان هەمووی هاوبەشن ، ئەگەر نا هیچ ڕایەڵێکی ئاشکرای نێوان ئەو دوو ڕۆژنامەیەو دوو نەتەوەکە بەرچاو ناکەوێت . هاوکاری بە کوردی و لە عیراقدا ، ئەویش بە ئیتالی و لە ئیتالیادا و بەر لە سێ سەدە بتر دەرچووە ، بەڵام مادام هەردوو ڕۆژنامەن و خزمەتگوزاری ووشەی مرۆڤن و مۆمی تاریکستانن ، با شوێن و کاتیشیان جیابێت دیسان ئاشناو نزیکن و شایانی یادکردنەوەو ڕێزگرتنن. ئەو ماوە دوورو درێژەی نێوانیشیانە ئەگەر چی شایەتی بۆ زۆر مەسەلەی گرنگ دەدات لە چاو کورددا وە نیشانەی سەر سوڕمان دەخاتە ئاسۆی ژیان و مافی ئێمەوە ، هەر هیچ نەبێ دەڵێ ئێوە درەنگ دەستتان پێ کردووە !.

● ئێمەش دەڵێین هەرچەندە درەنگیش بێت بەڵام ـ دنیا بە هیواوە خوراوە ـو هیوادارین لە هاوکاری یەوە دەست پێ بکەین و هەموو ئەو ماوە درێژانە کورت بکەینەوەو بە کاروان بگەینەوە ! باسی دوورو درێژی هۆو ئەنجامەکانیش بۆ مێژوو هەڵگرین .

کەمال عەبدوللا قادر

هەموو بەیانییەك پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت سەرت لە ژێر لێفەکەتەوە دەردەهێناو ، قیتت دەکردەوە ، بۆ ساتێکیش تەماشای سنگە دەرپەڕیوەکەی چیایەکەی بەرامبەر ماڵتانت دەکرد ـ چتۆ چیایە خودای گەورە ! دووربینەکەت بەردەوام لە ژێر بالیفەکەتەوە بوو ، هەر دەتووت باسایەکی ئەبەدیت بۆ خۆت ڕەخساند بوو بەڵێ دووربین دڵت دەگوشرا .. ئەوەندە لێڕا هاتبووی هەر کە دەستت بۆ دووربینەکە درێژ بکردایە بە ئاسانی گلێت دەدایەوەو نزیکی چاوەکانت دەکردو ڕێکت ، بە دیقەتیش تێڕا دەمای تا بە چاکی هەموو کەندو دۆڵ و قووڵایی یەکەت بەرچاو دەکەوت ، دڵت دانەدەساکا هەر هەڵگێڕو وەرگێڕت دەکرد ـ خۆزگە ئەو بەری چیایەکەشم دەدی .... ـ خۆزگەیەکی بێ مانا بوو بەڵام چ بکەیت بە دەست تۆ نەبوو لە هیچ کون و قوژبنێکی ئەم دونیایە خوارو خێچو بەرینەدا حەزە مەزنەکەت بە ئاوازێکی نەرم نەدەهاتە سەر جامی دووربینەکەت تاکو تۆش لە خۆشیانا بمریت!!

. . . .

وەك مرۆڤێکی سووك و ئازا حەزت لە ڕۆیشتنی بەیانیان دەکرد .. چەند ساڵێك لەمەو پێش ئەو خووەت گرتبوو هەر کە مەلای گوندەکەی دەنگی دەهات خێرا هەڵدەستایت و جل و بۆشتەی چیایت دەکردە بەر ، ئەگەر یەکێ بیدیبای بەسەر دەبوت ـ دەچیتە دار برین ـ چوونە دەرەوەت لەسەر کانییەکی ئەو بەری ماڵەکەتان تێتەدەپەڕی ، دەورو بەری ئەو ناوەش هەمووی بە داروبارێکی چر داپۆشرا بوو . ئەو بەیانییە دونیا کشوات بوو ، لە نێو نوێنەکانت ڕاپەڕیت بەسەر لێشێواوی جلەکانت کردنە بەر ، دەرگاکەت کردەوە ، بە هەڵەداوان ڕێگەی کەندو کۆسپت گرتە بەر ، پاش کەمێك ڕۆیشتن ئاوڕێکی بەترسنت دایەوە .. هەر دەتووت عارد ماڵتانی نووت دابوو .. پێت هەڵگرت و خێرایبت کرد ، وێستەیەکت کرد .. خۆت وێنەیەکت کرد .. خۆت یەکێك لە دواتەوە بانگت دەکات ـ برا بۆ کوێ دەچی ؟! ـ دەنگەکە دووبارە نەبۆوە ، تەنیا گوێت لە ویزە ویزی لەرینەوەی قەدو گەڵای دارەکان بوو ـ دەبێ دەنگی چ ئاژەڵێك بێ ؟ ـ لە دوورەوە شەوقی مانگی ناو کانییەکە لە کالێنی دارەکان بەدی دەکرا .. مەترسی لەشی ئابلوقە دای . کۆخەیەکی سەیرت لێ دەبیسترا ، وەك بڵێی ترس لە دڵتدا فرێ بدەیت ئەو جارەیان ئەحایەکت کرد وا دیار بوو نیشانەی مەبەستێك بوو .. لە کانییەکە نزیك بوویتەوە ، لە پشت کۆلکە دارەکەی ئەو بەر کانییەکە ، ئەحێکی ناسك وەڵامی دایتەوە ،هەر لەو کاتەدا ڕەشاییەك لە نێو داروبارەکەدا قەڵەمبازێکی کرد ، هەروات دەزانی خۆی بۆ نێچیری فڕێدا ، هەموو دڕك و داڵی ئەو دەورو بەرەی بەڵاوە سەوزە گیای بەهاری بوو ... ڕەشاییەکە خۆی لە ئامێزت وەرێنا ، هەتا ماوەیەك یەکتریتان هەڵگوشی. ڕوومەتتان لە یەکتر خشاند ، دەمتان وشك کرد . چاوتان بوو بە دەریا ، تیرو پڕی بناگوێی یەکتریتان هەڵمشت .. پەنجەکانتان وا لە یەك ئاڵاند بوو دەتووت ئەوانیش لە تاوی عەشقا شێتی یەکترن !

ـ ئەمشەو خەونێکی بەئجار سەیرم دیوە .. لە خەونەکەمدا ـ ئیشارەتی بۆ دەکات ـ ئەو چیایە مەزنە ترۆقا .. چەند گردو دۆڵ و شوێنە خوارو خێچەکان هەبوون هەمووی لە نێو یەکتریدا دەتوانەوە .. جیهانێکی پان و بەرین لەبەر شووشەی دووربینەکەم ڕەخسا .

ـ ئەوە چیتە ؟ ئەمساڵ مەڕو ماڵاتێکی باشی لێ دەلەوەڕێت . گیاو گوڵ ، دارو بار ، هەموو ڕۆژێ نشونما دەکات .

باوەڕت بە خۆت نەما بوو .. هەستت دەکرد غەمێکی گەورە پاڵ بە دڵتەوە دەنێ ... هەر لە سەر کانییەکە دەم و چاوتان شۆری .. هەڵسان .. دەستی ئەوت گرت و تا نزیکی ماڵەوەیان لە گەڵیدا چوویت .. ئەو ڕۆیشت ، تۆش وەك بڵێی هەموو دونیا بە سەرتدا خاپوور بووبێ توانات نەما بۆ دووا جاریش سەیری بکەیت . گەڕایتەوە بۆ ماڵ .. چوویتە ژوورەوە ، ماوەیەك بە پێوە وەستای . لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەت کرد ، دارەکان پانایەکی سەوزیان هێنا بووە دی ، تێکەڵ بە تاریکی ببوون . مانگ ڕادەکشا ، ڕوناکیش بەرە بەرە تاریکی ڕادەماڵی و پێشوازی گوندەکەتانی دەکرد .. چوویتە ژێر لێفەکەتەوە ، دیسان دووربینەکەت دەرهێناو بەوردی سەیری ئەو دەورو ناوەت کرد ، هەموو شتێکت بە تەڵخی دەهاتە بەر چاو ، نارەحەت دەبوویت ، ناچار دووربینەکەت لاداو چاوەکانت قوچاندن . پەیوەندیت لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا نەما . دیسان خەونت بە چیایەکەوە دیت ، چیایەکە سکی دەکرد دەتووت : پفی دەدەن ، لەوە دەترسای ئەوەك بتەقێت ، گریایت .. ڕاپەڕیت .. نارەقەی ڕەش و شینت لێ دەچۆڕاوە . بەیانیش لە دەرگای هەموو ماڵێکی گوندەکەتانی دەدا .

تشکی خۆریش لە کلاو ڕۆژنەی قەڵشەکاندا دەخزایە خوارەوە . لێفەکەت فڕێداو هەڵسای . . دووربینەکەت دەرهێناو ، هەموو ڕاستیەکت لێ سەراونگوم ببوو . ئەو جارە باوەڕت کرد چیاکە نەماوە. بەڵام چیایەکە هەر بە ئاسانی هاتە بەر چاوت ـ چیا هەر چیایەو هیچی لێ کەم نەبۆتەوە ـ وەك شتێك زیر قاچەکانت بخورێنێ ، کەوتییە جوولە جوول ، سەرت بۆ پێشەوە دەهێناو دەبرد ، هێندە نەدەما ملت لە پەنجەرەکەوە ببەیتە دەرەوە.. وا دیار بوو تروسکاییەکت دەهاتە بەر چاوو تەڵخ دەبۆوە . چاوەکانت هەڵدەگلۆفی .. بە خێرایی تەماشات دەکردەوە ، ئەو جارەیان هێدی هێدی تروسکاییەکەت بۆ ڕوون بۆوە بۆ ساتێکی کەم هەموو لەشت وەستا . لە ناو دۆڵێکی چیایەکەدا ، ئاوێکی زۆرو خەڵکێکی زۆرت لەمبەرو لەوبەر هاتە بەر چاو .. هێندەی نەما بوو بهارێنی .. لە پڕ ڕاپەڕیی و هەڵپەڕی ـ ئۆخەی ..دڵمدا کاسا ـ

دووربینەکەت لاداو لەشت خاو بۆوە .. هەر دەتووت کۆتاییت بەکارێکی قورس هێناوە .. تەکانتدا خۆو هەڵسای خۆت گەیاندە لای خۆشەویستە دێرینەکەت .. پێت ڕاگەیاند کە لە مەرجەکەتدا سەرکەوتووی .

پشکۆی ڤیانیکی خۆڵەمێشی لە ئاگردانی شەوێکی زستانا

چیا عمر ساقی

مەیلم کردی بەم شەوە سەهۆڵ بەندانە
مەیلی چاوی ئاگرینت
مەیلی ورتەو مەیلی بزەو
مەیلی چرپەی زۆر شیرینت .
شەقامەکانی ناو شارم بێژایەوە
هەر نەمبینیت .
دەروازەی کۆڵانۆچکەکانم پێچایەوە
هەر نەمبینیت .
سەرما کەم کەم لە جەستەما توایەوەو
هەر نەمبینیت
تۆ لە کوێیت بەم شەوە سەختە ؟
بۆ لێم وونیت ؟
تۆ لە کوێیت ؟ تا شیعرێکی ئەم شەوم
ببیت بە بیت .
بۆ بۆی هەناسەی تاساوبت
درەختەکانی « پالادێ »[1]م نوشتانەوەو
گەڵا گەڵا بۆنم کردن
بۆ بادێکی ئەفسووناویت
هەموو ژوانگە چۆڵەکان گەڕامەوەو
گەردانەی یاد پەروەربتم کردنە گەردن .

(١) پالادێ : ناوی کۆڵانێکە لە شاری (یاش) .

یاش ـ ڕۆمانیا

ڕوانین

● نەژاد عزیز سورمێ ●

(لە کورتە دانیشتنێکدا لەگەڵ ـ سەعدوڵڵا پەرۆشـی شاعیر چەند پرسیارێك هاتە گۆڕێ ، حەزم کرد ئەم ڕیپۆرتاژۆکەی لێ دروست بکەم ، کەوا لە خوارەوە پێشکەشتانی دەکەم ـ

: شیعرو چیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا .. من وا هەست دەکەم لەگەڵ ئەوەشدا کە تەمەنی شیعر زۆر ترە لە هی چیرۆك بەڵام کە بە نیسبەتەوە ـ وەری بگرین تەماشا دەکەین ئەو پێشکەوتنەی چیرۆکی کوردی بە خۆیەوە دیوە لە چاو شیعر دیار ترو ، یانی مەبەستم ئەوەیە کە ئەو پێشکەوتنە لە شیعردا هەستی پێ ناکرێ .. تۆ دەڵێی چی ؟

ـ: جاران شیعر ، تەنیا ئاوەژوو بوونەوەی ڕەنگی سۆزو خرۆشە دەروونیەکانی مرۆڤ بوو .. ئەمە تا ماوەیەك ، با بڵێین تا دەوروبەری جەنگی جیهانی دووەم .. دوای ئەو ماوەیە توخمی تریش هاتە گۆڕێ .. وەکو هۆشی زیندوو فیکر .. شیعری کوردی لە هەردوو بەیندا ، مەودای هونەری چاکی بڕی ، بەڵام شوێن و مەوقیعی یەکەمیان پتر وای بۆ دەچم .. من ئێستاشس لەگەڵ تۆ ڕێك ناکەوم لەسەر ئەوەی کە خانەی یەکەم بۆ چیرۆك دابنێی ! چونکە شیعری کوردی ئەمڕۆ بەراوەستاو دوای سەردەمی خۆی نابینم ڕەنگە ئەگەر وەکو ڕێژەی زەمەنی وەری بگریت ، چیرۆك بە پەنجاو پێنج ساڵ زۆر کالای گۆڕین ، تا هاتە خانەی چیرۆکی سەردەم .. بەڵام من ناتوانم لە خانەی پێشەوە یا ناوەڕاست یاخود دواوەی دابنێم ... ئەوەندە هەیە گەیشتووە .. وایشی تێناگەم گەیشتبێتە ڕیزی شیعر . . نازانم تۆ چۆن زاتی ئەوە دەکەی ئەم حوکمە بدەیت ، ڕەنگە بە بەڵگەی بە هێز تر پشت ئەستوور بیت ، بەڵام من هەر ئەوەندەم لابوو ..

ـ : بەڵام من ئەم ووتەوە چیرۆك دەپێش شیعر دایە.. بەڵکو من وتوومە کە پێشکەوتنی چیرۆکی کوردی لەگەڵ ئەو تەمەنە کورتیەیشی ـ ئەلبەتە لە چاو شیعرەوە ـ دیار تر دەبینم ..

ـ: منیش هەر لەسەر ئەو ڕایەم ، من لەوەشس زیاتر دەڵێم : بە گوێرەی ـ کات ـ چیرۆکی کوردی پێشکەوتنێکی چاکی بە خۆیەوە دیوە .. بەڵام نەك وەکو قاعیدەیەکی نەگۆڕاو .. ئەمە بۆچوونە .. دیسان ئەو گۆڕان و بەرەو پێشچوونەی شیعر دیویەتی چیرۆك بەو چەشنە تەبیعیە نەبووە . دەتوانم بڵێم تەنها لە ڕووی کەرەستەی دەربڕینەوەیە ، تێ کەوتووە و کەستر زمانی ڕووداوی وەرگێڕاوی زۆر تێ کەوتووە و کەمتر زمانی حاڵ و واقیعی نەتەوەو شارستانیەتی نەتەوە بووە ..

ـ: مەسەلەی کێش لە شیعری نوێی کوردیدا .. سەیر دەکەی زۆربەی شیعرەکانی دوای حەفتا ، ئەگەر نەڵێم زۆربەی هەرە زۆری لە ٤بە ٤و دوجاو سێ جای تێ نەپەڕیوە .. ـ هەر چەندیش من ڕای خۆم لەبارەی کێشەوە هەیە ـ، بەڵام سەیر دەکەم بابەتی قسە لێ کردنە .. داخۆ تۆ لە بارەی ئەو کێشە سواوانەوە چ دەڵێی ؟.

ـ: کێشی ٤بە٤ یاخود هەشت بە هەشت و شانزە بە شانزەو .. تاد ، کێشێکی کوردی سووکە ، کێشێکە شاعیر دەستە وەستان و دۆش داماو ناهێڵێ بەرامبەر بە لێکدانەوەی پەنجەو دابەش کردنیان بە شێوەیێکی ماتماتیکانە . . کاکە نەژاد ، من شاعیری ئەمڕۆ بەبێ دەسەڵات نابینم، بەڵام پێم وایە ـ سورعەتی ئەحداث ـ وا لە شاعیر دەکا تەنانەت لە دەربڕینی ڕووداوێکی دیاری کراویشدا دەستە وەستان بووەستێ .. بە نموونە گرینگترین ڕووداوی ئەمڕۆ بەیانی ڕووداوی تازەتر کۆنی دەکا .. دەبێ بیرت لەوە کردبێتەوە تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ بۆ ئەم چەشنە ڕووداوانە لە شاعیر وریاترن ، وایش بزانم وەختی ئەوە نەماوە ، شاعیر بەبێ دەسەڵات ببینرێ ، چونکە لە مەداری یەك کێشدا دەخولێتەوە ، خۆ ، خۆ لە قەرەدانی کێشەکانی تریش وەکو ٧ + ٥و ٥+٥ و ٧+٤ و .. تاد .. داهێنان نین ، زۆر پێش ئێستا شیعریان پێ نووسراوە ، خۆ ئەگەر لە وەیش تازەتر بڵێی ، ئەوە بۆ شیعرە پەخشان دەست دەدا ..

ـ: باسی ڕووداوو کۆنی ڕووداو سڕینەوەی ڕووداوێك بە یەکێکی تازەترت کرد . . من وای دەبینم کاك سەعدوڵڵا کە مەسەلەی جەوهەری هەرگیز ناسڕێتەوەو بە هیچ شتێکیش .. ڕووداو دێ و ڕووداو دەڕوا .. بەڵام مەسەلەیێکی جەوهەریی و گرینگ تێکەڵاوی مێژووەو لێی جیا نابێتەوە .. من وای دەبینم ..

ـ: ـ فیعلا ـ ، ئەلبەتە کە ئەوە ڕاستە ، بەڵام من مەبەستم لە خێرایی ڕووداوەکەیە ...

ـ: تا دوێنێ بوو .. با دوور نەڕۆین دوێنێی نزیك ، کاتێ گۆران یاخود هەردی یا کامەران ، کە شیعرێکی تازەیان دەنووسی دەنگی دەدایەوە . . ئەمدەست و ئەو دەستی دەکردو لە بەری دە نووس یەوە.. من خۆم لە حاڵی حازردا ئەم دیاردەیە کەمتر هەست پێ دەکەم ... یاخود ڕوونتر بڵێین بەو گەرمەو گوڕییە نیە .. داخۆ تۆ ئەمە چۆن دەبینی ؟

ـ: دونیای ئەمڕۆ ، لەگەڵ دونیای دوێنێدا جیایە ، گەرچی ئەمڕۆ ئەنجام و درێژەی دوێنێیە .. بەرەو پێشچوونی شارستانیەت و ئاق و چڵەکانی ، بە دەوری خۆیان عەکس بوونەتەوە سەر دەروون و لێکدانەوەو زەوق و بیرکردنەوەو نەفسیەتی مرۆڤ..

جاران وەك چۆن هۆی دەربڕین کەم بوو لە هەمان کاتیشدا هۆی هەناسە دابێنتن نەبوو . ڕەنگە لای خوێندەوار فراوانترین بواری هەناسە دان شیعر خوێندنەوە بوو، ئنجا لەبەر نووسینەوەو لەبەرکردنی .. ئەمڕۆ هەر وەك دەربڕین لە وسیلەیەك زیاتری هەیە ، هەناسەدان و تەنفیسیش بەو چۆرە لە بوارێك پتریان هەیە ..

ئەمڕۆ شیعر شتی تری هاتۆتە پاڵ وەك چیرۆك ،ڕۆمان شانۆ ، وەرزش ،تەلەفیزیون هونەرێ تەشکیلی و تاد ... درێژی دوای ئەو هەموو ئارەزووانە لە شیعر خوێندنەوەدا یەکانگیر دەبوون ، بەڵکو ئارەزووی تر ـمەکبوتـ بوون .. ئەمەش لەبەر ئەوەی ـموقابیلیان ـ نەبوو لە ـ واقیعدا ـ ..

جاران ئەگەر خوێندەوارێك لە ٨٠٪ یا ٩٠٪ی ئارەزووی خوێندنەوەی ، لە شیعر خوێندنەوەو نووسینەوەو لەبەرکردنی کۆدەبووە ..ئەمڕۆ نیوە لە نیوەی یا سێ لەسەر چواری ئەم نیسبەتە بۆ شتی ترە ..

دیارە بەشێکی ئەو ئارەزووەی بۆ شیعر دەمێنێتەوە ئەویش هەر بەشی ئەوەندەیە پیتی بخوێنێتەوەو مەودای لەبەر نووسین و لەبەر کردنی نابێ .. بۆیە من وا دەزانم ، ئەم دیاردەیەی شیعر لەبەرنەکردن و نەنووسینەوەیە لەسەر ـقسوریـ شیعر نیە ،لەبەر دابەش بوونی زەوقی خوێندەوارە . لە بیریشس نەکەی کە ئێستایش شیعر لای خەڵکی خۆی تایبەتی یا خوێندەواری خۆی هەمان دەور دەبینێ .. بەڵام ڕاستیش دەکەی ئەو خەڵك و ئەو خوێندەوارانەش ئێستا کەمن ..

ـ: کەواتە لەگەڵما ڕێك دەکەوی کە گەلێك جاران لەسەر قسوری شیعرەکە خۆیەتی .. چونکە من لەو بڕوایە دام شیعری چاك ، سوارچاکی کاتی خۆیەتی و مەیدانی بۆ چۆڵە .. تاقیکردنەوەی نەتەوە پێشکەوتووەکانیش هەر ئەمان نێردەکەن .. واتە با وەکو زەوقی خوێندەواریشس دابەشی چەند لایەك بووبێ .. بەڵام من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمە تاکە هۆ بێت ...

ـ: بە هەر حاڵ .. با ئێستا بێینە سەر شیعرەکانی خۆت .. تۆ دوای ـ کۆشی ئارامـ ، ئەگەرچی پێشکەوتنێکی چاکت بە شیعرەکانەوە دیارە .. بەڵام تەماشادەکەین ـ زیاد لە لزووم ـ خۆت خستۆتە باوەشی ڕۆمانسیەتێکی سەیر .. بۆچی ؟

ـ: من ناتوانم فێڵ لە ـ ئیحساسی ـ خۆم بکەم ،ئەو جارانەی کە شیعر دەنووسم، ئەنجامی کارەساتێکی ـ زاتی ـ یەنگ خواردنەوەی خەلەجاتی هەستی منن ، شیعر بۆیە دەڵێم کەف و کوڵی دەروونمی پێ بنیشێنمەوە ، خۆ ئەگەر خوێندەواریش زەوقی لێ وەرگرێ دەها باشتر .

من کە شیعر دەنووسم ، بیر لەوە ناکەمەوە داخۆ سەر بەکام قوتابخانەی شیعری یاخود ئەدەبیم .. حۆشم بەوە سەخڵەت ناکەم بەوەی بە ڕۆمانسی یاخود واقیعی ئیشتراکی بنووسم.. من هەر کەیفم بە قوتابخانەو شتی وا نایەت .. ئەوەندە دەزانم حەزم لە شیعرەو شیعریشم کردوە بە تەنیا بواری دەربڕین و هەناسەدانی جیهانی ناوەوەم .. من ناشڵێم شیعری چاك دەنووسم ، من خۆم لێیان ڕازیم ، بەتایبەتی ئەوانەی کە بڵاویان دەکەمەوە .. زۆربشیان پاش ماوەیەك لێیان پەشیمان دەبمەوە . جا نازانم داخۆ ـفیعلەن ـ ئەو شیعرانەم ڕۆمانسین یانە ..

« ماوێتی »

ئاوازێك لە فۆلکلۆرەوە

دوێنێم چاو بە یاری کەوت
لە کۆشکێ هاتە خوارێ
دەستی دەدا مەنجەڵێ
دەچووە کورو قەساری
لە گومانی کۆر نەکرد
دەم ڕووبار چووە خوارێ

دەنگی قورینگەکی هات
لە دەوری زرێباری
دەستمدا تفەنگێ خۆ
لۆ قورینگی چوومە خوارێ
تفەنگەکم دەگرتێ

لێم دەدا بایی غارێ
گریانم بوی بە دل هات
فرمێسکم هاتنە خوارێ
وەك جۆگەلەو ڕووبارێ

Institut Kurde de Paris

لەم ڕووەوە .. لە ئەوەی لاتان ئاشكرایە . كە هەر تێكچوونێك لە بناغەكانی هاوسانی لە پەیوەندیيەكانی نێوان دەولەتاندا بە بێ‌گومان دەبێتە هۆی دەست خستنە نێو مافەكانی یەكێك لە لایەنەكان لە دەستەڵاتیدا .

بۆ ئەوەی نەهێڵرێت ئەم دیاردەبە ڕووبدات كە زۆر جار بووەتە هۆی ئالۆزیو تەنگو چەڵەمە دەبێت هاریكاریی نێو دەولەتی لەسەر چەند بنكەیەك دامەزرێت ئامانجی وەدیهێنانی بەرژەوەندیيە هاوبەشەكان بێت لە چوارچێوەكانی ڕێز گرتنی دەستەڵاتو دەست تێوەرنەدانی كاروباری ناوخۆ كە بە شێوەیەكی تایبەت بە سەر دەولەتە دراوسێیەكاندا ڕاستە . كە واقیعی جوگرافی وایان لێدەكات لایەنی سیاسەتی چاك دراوسێیەتیو دەست تێوەرنەدانی كاروباری ناوخۆ بگرن .

ئەوە بوو عیراق بەرانبەر بە ئێران لایەنی ئەم سیاسەتەی گرت وەكو پەیڕەوێكی چەسپاوی پشت بەستوو بە كۆمەڵێك ڕاستیی ئەوتۆ كە لە دراوسێیەتی جوگرافیو پەیوەندیی مێژووانەوە هەڵقوڵاون كە گەلی عیراقو گەلانی ئێران پێكەوە كۆ دەكاتەوە .

ئەوەبوو پەیوەندیيەكانی نێوانمانو نێوان ئێران تووشی تەنگوچەڵەمەی ترسناك هات بە هۆی سیاسەتی ڕژێمە فەرمانڕەوایی‌یە یەك لەشوێن یەكەكانی ئێران كە عیراقو نیشتمانی عەرەبیان .. بە تایبەتی ناوچەی كەنداوی عەرەب بە بوارێكی زیندووی دەست بە سەردا گرتنو دەستەڵات دەزانی .

ئەو سیاسەتە ناوبراوە لە جۆرەها كاتدا بە دارێژراوی جۆراوجۆر خۆی دەربڕی لەگەڵ بارو دۆخی قۆناغی یانەی تایبەتیدا بگونجێت .. ئەوەبوو لەسەردەمی فەرمانڕەوایی شادا لووتبەرزیو دەستدرێژیكردنو فراوانبوونەوەی ناوچەیی لەسەر حسێبی عەرەبو هەوڵدانی زیان‌گەیاندن بە دەستەڵاتی نیشتمانیی عیراقو بە مافەكانی نەتەوەی عەرەب ڕێڕەوێكی چەسپاوی پێكدەهێنا ئەویش لەبەر دانانی عیراقو نەتەوەی عەرەب بە بوارێكی زیندوو بۆ نەخشەكانی بەرژەوەندییەكانی ئێران لە فراوانبوونەوەدا .. هەروەك چۆن دەولەتی فارس بەدرێژایی مێژوو بەرانبەر بە دراوسێیەكانی ڕۆژئاوای لەسەر ئەو دابو دەستوورە بەردەوام بوو .. هەروەك چۆن لەمەوپێش ئەوەمان ڕوون كردەوە .

دوای شۆڕشی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨

پاش بەرپابوونی شۆڕشی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ لە عیراقدا لەو كاتەدا كە عیراق خەریكی بناغەدانانی كۆمەڵێكی نوێ بوو لەسەر بنچینەی دادپەروەریو خۆشگوزەرانی هەڵچنرێو تێدەكۆشا بۆ ڕزگاركردنی سامانی نیشتمانی لە چنگ مۆنۆپۆلە ئیمپریالیەكان .. لە كاتێكدا كە تەقەللاكانی خۆی لە خەباتی دژی دەستدرێژی زایۆنی خستە پاڵ برا عەرەبەكانی بەتایبەتی لەو كاتەدا ڕژێمی شا لە ئێراندا بەشێوەیەكی جیاواز خۆی چەكرێژ دەكردوو خۆی ئامادە دەكرد بۆ بینینی دەوری شرطی لە ناوچەكەدا .. ئەمەش بە گونجانو پشتگرتنی تەواو لەگەڵ وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو هێزەكانی تری ئیمپریالیزم لە جیهاندا .

ئەم سیاسەتە گومان لێكراوە باڵی پێوەنا بۆ ئەوەی شەڕ بە عیراقی سەربەخۆ بفرۆشێ . بۆ لاوازكردنی ئەو ڕژێمە نیشتمانیەی كە هێناوێتیو تەقەللادانی بێزاركردنی ئەو ڕژێمە نیشتمانیەی كە شۆڕش هێناویەتی بەكایەوە .

لە سەرەتاوە هێرشی ڕاگەیاندنو تەقەللای هەمە چەشنە بوو بۆ پیلان گێڕانو دروستكردنی لاوازكردنی سیاسەتو پشتگرتنی جوڵانەوەی یاخیبوونو چەتەگەریتی لە سەرووی عیراقدا بەشێوەیەكی پتەوو تایبەتو .. ئەوەستانی دەستدرێژی ناوچەییو .. خۆ گێل‌كردن لە ڕێكەوتننامەكانی دەولەتانو دەستدرێژیكردنی چەكدارانە .

شاهەستا بە بەكارهێنانی تەنگاوكردنی یەكسەریو نایەكسەری سوپایی بۆ وەدیهێنانی چاوچنۆكی خۆی بەو باوەڕەوە كە كەل‌وپەلی سوپایی هەموو ئامانجو چاوچنۆكی‌یەكی بەر بلاوی.دەهێنێتە دی شاهات لە سەرووی عیراقدا پشتی بزوتنەوەی یاخۆبوونو جیابوونەوەی كۆنەپەرستی بە جۆرێكی زۆر فراوان گرت .. ئەم كارەشی دەری خست كە یەكسەر دەوری مەیدانی لە پارچە پارچەكردنی عیراقو وابەش‌كردنیدا دەبینێ .

پشتگرتنی بزوتنەوەی یاخیبوونی سەروو

پشتگرتنی یاخیبوونی جیابوونەوە لە لایەن شاوە سنووری نەبوو .. پشتی سەركردایەتی‌یە كۆنەپەرستەكەی بە ژمارەیەكی زۆری چەكی نوێ، پێشكەوتووگرت .. هەرچی توانایەكی داراییو سوپاییو سیاسیو ڕاگەیاندن هەیە . . لەگەڵ ئەمانەشدا خزمەتی دەزگا پێشكەوتووەكانی موخابەراتیشی بۆ تەرخان كرد .

هەروەها پشتگرتنی سوپایی یەكسەری كرد بە ناردنی هێزەكانی سوپایی بۆ ئەو شوێنانەی شەڕیان لەگەڵ یاخی بووەكاندا تێدا دەكرانو بە درێژایی سنووری لەگەڵ عیراقدا هێزی كۆ كردبۆوە .. ئەمەش بە چاودێری وڵاتە یەكگرتووە ئەمریكاو هاندانی ئەو بوو بە بەشداربوونی قەوارەی زایۆنی بە ڕێگەی نوێنەرەكانیدا كە سەرەك وەزیرانی زایۆنی ڕۆژی ٢٩ی ئەیلولی ١٩٨٠ بلاوی كردەوە كە قەوارەی زایۆنی چەكو كەرەسەو شارەزایانی بۆ بارزانی دەناردوو لە سالی ١٩٦٥ ـ ەوە تا سالی ١٩٧٥ ـ مەشقی بە یاخی بووەكان كردووە .

عیراق بەرگری لە دەسەلاتداریتی خۆی دەكات

عیراق كەوتە زۆرانبازیەكی تالەوە دژی ئەم دەستە بەكرێ گیراوو دژی سیاسەتەكانی دوژمنایەتی شای ئێران لەمەشدا بەرهەڵستی لەسەر بەخۆیی وڵاتەكەیو یەكێتی خاكی دەكرد .. نزیكەی شەست هەزار پێكراو لە شەهیدو بریندارى لە ڕیزی هێزی چەكدارو گەلدا قوربانی داوە .. ئەمە بێجگە لە زیانی بێ شوماری دارایی .

دۆخی سوپایی گەیشتە سنورێكی ترسناكەوە كاتی كە شاگەلێ جار هات هێزە سوپاییەكانی لە گەلێ بەرەدا یەكسەر بەشداری شەڕ كرد لەگەڵ هێزەكانماندا بۆ پشتگرتنی هەڵویستی سوپایی یاخی‌بووە بەكرێ گیراوەكە .

ئەمە ئەو دۆخانە بوون كە بەسەرماندا كەوتبوون .. ناچاری كردین كە تەقەللای گەیشتن بە چارەسەرێكی سیاسی بدەین .. لەبەر ئەمە كاتێ سەرۆكی كۆچ‌كردووی جەزایر خوالێخۆش بوو هەواری بۆمدیان پەیوەندی بە ئێمەوەو بە ئێرانەوە كرد .. بڕیارماندا بە پیر ئەم پەیوەندی كردنەیەوە بچینو ڕێكەوتننامەی جەزایر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ دا لەو دۆخو چەندو چونانەوە پێكهات .

گیانی ڕێكەوتننامەی جەزائر ئاشكرایە كە دەقاو دەقی ئەوە دەردە بڕێ كە هەردوو لا پێ‌گەیشتوون بۆ چارەسەر كردنێكی كۆتاییو هەمیشەیی ئەو گیروگرفتانەی لە نێوانیاندا هەن ئەمەش بە گوێرەی جێبەجێ‌كردنی بیرو باوەڕەكانی ساغی خاكو پیرۆزێنی سنوورو دەست نەخستنە كاروباری ناوخۆوە .

هەر چوار بەندی ڕێكەوتننامەكە دەڵێن :

یەكەم ـ كێشانی نەخشەیەكی كۆتایی بۆ سنووری وشكایی بە پێی پرۆتۆكۆلی ئەستانەی سالی ١٩١٣و مەحزەری كۆبوونەوەكانی لیژنەی دەستنیشانكەری سنووری توركیو فارسی سالی ١٩١٤ .

دووەم ـ دەستنیشانكردنی سنووری ئاو لە شط العربدا بەپێی هێڵی تالوك .. لەوەوپێش‌وتمان كە هێڵی تالوك ناوەندی قووڵایی ئاوەكە یەكە بۆ هاتوچۆی پاپۆڕ دەست دەدەن .

سێیەم ـ هەردوو لا بەڵێنیاندا بە گەڕانەوەی ئاسایشو بوونی باوەڕ بە درێژایی سنووری هاو كۆیانو دەستبەردارنەبوونی كاری چاودێریكردنی بە هێزو كا ـ ریگەر لەسەر ئەو سنوورە .. ئەمەش بۆ دانانی سنوورێكی ئەو پەڕینەوانەی كە كاری وێرانكاریان هەیە .

چوارەم ـ ڕێكەوتن لەسەر ئەوەی ئەم ڕێكوپێكیانەی كە پەنجەیان بۆ ڕاكێشرا ئەو ڕەگەزانەن كە لە چارەسەری سەقار ـ مكیری جیانابنەوە .. واتە هەر دەسكاری كردنێكی هێزو تواناییان شتێكی سروشتیە كە لەگەڵ گیانی ڕێكەوتننامەی جەزایردا ناگونجێ .. یان هەر زیانێك بە یەكی لەو بەندانە كە هەرستێكیان بە یەكەوە بەندن بگەبە نسرێ بەزیان پێ‌گەیاندنی هەموو بەندەكاندا دەنرێ .. ئەمە ڕێكەوتننامەی جەزایرە لە سالی ١٩٧٥داو ئەمەشی دۆخەكەبەتیو بۆ ئەو تەرتیباتانە لە شێوەی بەڵگەنامەیەكدا دانرا كە بارە هونەرییەكانیان بە درێژی تیدایە.. لیژنەیەكی عیراقیو ئێرانی لە بلەی وەزارەتداو بەهاوكۆیی جەزایر پێكهاتوو لە بەغدا پەیمانی سنووری دەولەتانو هاوسێی باش .. بێجگە لە سێ پرۆتۆكۆلەكەیو پاشكۆكانیان لە بەغداد لە ١٣ی حزیرانی ١٩٧٥ دامۆر كرا .

ئەوەی وتمان ئاشكرایە .. كە ڕێكەوتننامەی جەزایر تەخت كردنێكی هێنایە كایەوە لایەنی یاسایی لەگەڵ لایەنی سیاسیدا بە جۆرێك بەرامبەر دەكا كە دەسكاری هەر ڕەگەزێ لە ڕەگەزەكانی زیانێكە بەو لەنگەرە دەگەیەنرێو دەبێتە هۆی كەوتنی .. ئەوەشی كە بەڕاستی بۆ ئەوە ڕێك دەخرێ ئەوەیە هەردوو لا لە ڕاپەڕاندنی تەخت‌كردنی ناوبراودا ئەو دەسكەوتە لەنگەردارانەی كە كاتی خۆی پەیمانیان لەسەردا بە گوێرەی ئەو دۆخەی پەنجەمان بۆ ڕاكێشا جێبەجێیان بكەن .

جا ئەوەی كە دەست‌كەوت ئەو بووهەر كەرێكەوتننامەكە كەوتەكانی ڕاپەڕاندنەوە ئێران بەسەر دەسكەوتێكی خێرای وەدیهێنا ئەویش ئەوە بوو دۆخی لە شط العربدا بووە دۆخی هاوكۆیی كەرێكی دەسەڵاتداری بەشی زۆر .. ئەمەش بە گوێرەی دەستنیشانكردنی سنوور لەسەر هێڵی تالوك بوو بەڵام بە گوێرەی ئەو زەویانەی عیراقەوە كە ئێران تێی هاتووە ..؛ ئەوێ ڕاستە عیراق پێش‌كەوتنی شا وەری نەگرتنەوە .. ئێمە لەو كاتەدا بە تەمای گەڕانەوەی بووین كە شۆڕشی ئێران دەستی پێ‌كردوو وەرگرتنەوەشی بەڕاستی دواكەوتو كاتێكیش كە كار بەدەستانی نوێی ئێران هاتن زەوییەكەیان بۆ نەگەڕاندنەوە .. ئاوا ئێران بەزەوت‌كردنی خاكی خۆشەویستی عیراق مایەوەو ئەوەش لە هەردوو نەخشەكەدا ٦و٧ی نامێكەی نەخشەكاندا كە دابەش‌كراوە بەسەرتاندا ئاشكرایە .

● هەڵوێستی دوژمنایەتی كارانەی ڕژێمی نوێ لە ئێران

برایان ...

ڕژێمی نوێی ئێران دوای ڕوخاندنی ڕژێمی شاهان، دەربارەی باری ڕاپەڕاندنی ڕێكەوتنی جەزائر وەك ڕام‌گەیاند ... ئێران لە سەرحسابی عیراق دەستكەوتەیەكی ئەقلیمی دەست گیربوو ؛ بە ڕاستیش كەوتە كار پێ‌كردنی ؛ لە كاتێكدا عیراق ئەوەی هی‌خۆیەتی بە پێی هەموو ڕێكەوتنەكانی دەولەتیەكانی پێش سالی ١٩٧٥و هەتا ڕێكەوتنەكەی ١٩٧٥ خۆیشی هیچی وەدەست‌نەكەوت .

لەگەڵ ئەوەشدا ، چاوەڕێ بووین ، یان بە هیوا بووین حوكمڕا نوێیەكان لاپەڕەیەكی نوێی پەیوەندیەكانیان لەگەڵ عیراقو نەتەوەی عەرەب بكەنەوە ... لە سەر ئەم بنەڕەتە عیراق لە لای خۆیەوە هەنگاوی ئیجابی زۆر بەرەو بەدی هێنانی ئەم ئامانجەنا ..

لە ١٣ی شوباتی ١٩٧٩دا یاداشتێكی ڕەسمیمان ئاراستەی حكومەتی ئێران كردو ڕوونمان‌كردەوە كە سیاسەتی عیراق لە ڕووی دامەزراندنی پەیوەندی توندوتۆلی برایانەو پەیوەندیەكانی هاوكاری لەگەڵ گەلانی دراوسێی عیراقو بە تایبەتی ئیران سوورە لە ئەوەی لە سەر بنەڕەتی ڕێزی بەرامبەر ودەست نەخستنە كاروو باري ناوخۆیی .

دیسان سۆزو پشتگیریمان بۆ ئەو خەباتە دەربڕی كە گەلانی ئێران دەیكەن لە ڕێگای سەر بەستیو پێشكەوتنداو شانازی عیراقمان دەربڕی بەو سەركەوتنەی گەلانی ئێران بەدیان هێناوە .

هەر وەها ، سەرۆك كۆماری عیراق لە ١٥ی نیسانی ١٩٧٩دا ئاراستەی خومەینی كرد بە بۆنەی دامەزراندنی كۆماری ئیسلامیەوە ، تیایدا پیرۆزبایی كردوەو لەگەڵ دەربڕینی ئارەزووی عیراقدا كە ڕژێمی كۆماری نوێ هەلی فراونی لەبەردەمدا بێ بۆ خزمەتی گەلی ئێرانی دۆستو بەو جۆرەی دەوری ئێران لەخزمەتی ئاشتیو عەدلدا لەجیهاندا بە هێزدەكاو پەیوەندی دۆستایەتیو دراوسێ باشی لەگەڵ وڵاتانی عەرەب بە گشتیو عیراق بەتایبەتی دادەمەزرێنێ ، بەڵام خومەینی وەڵامی ئەم بروسكەیەی بە ئەسلوبێك دایەوە كە لەگەڵ ئوسولی دواندنی پێویست لە نێوان پێشەوا موسلمانەكاندا .

● هەڵویستی ئیجابی عیراق

لە پاڵ ئەوەشدا ، داوامان ئاراستەی بەڕێز مهدی بازرگانی سەرۆكی وەختی حكومەتی ئێران كرد بۆ ئەوەی سەر لە عیراق بداتو گفتوگوی دووقولی دەربارەی پەیوەندیەكانمان بكات لە سەر بنەڕەتی هاوكاری ناوكۆییو لە ٢ی ئابی ١٩٧٩ داجێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لە نامەیەكدا بۆ بەڕێز بازرگان ئەو داواكاریەی بە بۆنەی داهاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەو ، ئاراستە كردەوە كە سەر لە عیراق بدات .

وە لە كۆبوونەوەی وەزاری بنوسكەی ڕێكخستنی كاروباریوڵاتانی بێ لایەن كە لە سالی ١٩٧٩ دا لە كۆلومبو بەسترا عیراق هوی ئەوە بوو لە دوا بەیاننامەدا پیرۆزبایی دەرچونی ئێران لە پەیمانی سەنتۆ دیاری بكرێ.

دیسان عیراق خۆشحالی دەربڕی بەوەی ئێران داوای كردوە بێتە ریزی وڵاتانی بێ لایەنو بڕیاری بەو جۆرەشی لە كوتگرەی بەرزی هاڤانا دەرچوو .

وە لەوتارەكەمدا كە لە شەشەم كونگرەی بەرزی وڵاتانی‌بی لایەن لە هاڤانا خوێندمەوە شادما نیم دەربڕی بە وەی ئێران دەبێتە ئەندامی بزوتنەوەی بێ لایەن .

وەخۆم لە كاتی چاوپێ‌كەوتنی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی پێشوی ئێران بەڕێز ابراهیم یزدی لە كونگرەی بەرزی هاڤانا سالی ١٩٧٩ ئارەزووی عیراقم دووبات كردەوە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی هاوكاریو دراوسێ باشی لەگەڵ ئێران بۆ چاری كێشەكانی نێوانمان بەڕێگای ئاشتیو ساغو دیسان وەزیری دەرەوەمان ئەم ڕێڕەوەی دووبات كردەوە لە ئەیلولی ١٩٧٩دا لە بارەگای نەتەوە یەكگرتوەكان لە نیویورك .

كاتێكیش سەرۆك كۆماری ئێران بەڕێز بەنی صەدر كاری نوێی گرتە دەست بالوێزمان لە تارانو لە ڕۆژی ٢٠ی شوباتداو لە سەر خواستی تایبەتی من چوو لایو پیرۆزبایی لێ كرد .

● دامەزراندنی پەندیەكانی لە سەر بنەڕەتێكی ساغ

هەموو هەنگاوێكمان نا بێ ئەوەی پەیوەندیەكانمان لەگەڵ ئێران لە سەر ئەستاسی ساغو ئیجابی بێو لەمەدا مەبەستمان دراوسێ باشی بوەو ئارەزوو بۆ دامەزراندنی پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ ئێران بەڵام حوكم ڕاكانی نوێی ئێران بە پێی هەڵویستی لە خۆبایی بوونو دەمارگیریبان ڕوویان لە هەموو ئەم هەنگاوانە وەرچەرخانەو سووربوون لە سەر ئەوەی خراپە بەرامبەر عیراق بكەنو لە سەر حسابی ئەو خۆ فراوان بكەنو لە سەر هەمان ڕێگا بڕۆن كە دوژمنایەكی كاری شای ئێران لە سەر دەڕۆی ، ئەمەش لەو قسانەدا دەردە كەوت دەیان كردو لە كردەوەكانیاندا كە بە لیستەی تەواوە بە سەر وەفدە بەڕێزەكاندا دابەش كراون.

هوی بنەڕەتی ئەم هەڵوێستە دوژمنایەتی كارانەیەی ڕژێمی نوێ ئێران ئارەزووی خۆفراوان كردنیەنی لە سەر حسابی عیراقو وڵاتانی عەرەبو ناوچەی خەلیجی عەرەبی ئێستا بە پەردەی تر داپۆشراوە كە كاربەدەستانی ئێران دەست خستنە ناو كاروباری ناوخۆ ، ئەم هەڵویستەیان ناویان ناوەناردنی شۆڕشی بە وڵاتانی دەورو‌بەر .

ئێوە هەمووتان ئەم سیاسەتەی حوكمڕا نوێكانی ئێران دەزانن كە هەوڵی ناردنە دەرەوەی ناوبراو بە شورشی نوێیانە بۆ وڵاتانی ئیسلام هەموو ... كەستان نیە نەزانێ كە ئەوان هەوڵ دەدەن دەست بخەنە كاروو باری هەموو وڵاتە ئیسلامەكانو حوكمڕا نوێیەكان ئێران لە سەر ئەم ئەساسە هەڵسو كەوتیان كردوەو لە جاری زیاتریشی دەریان بڕیوە بە ئاشكرا .

● داموو دەزگا لە قومو تاران بۆ پیلان گیران دژی عیراق

برایان : ڕێڕەوی ڕژێمی ئێرانو نیەتی لە ناردنی شۆڕشەكەی بۆ دەرەوە تەنیا لە سنووری قسەدا نەوەستاوە، بەڵكو تەقەللای ئەوەیان داوە بیگەیەننە ڕادەی كار دژی عیراقو دژی وڵاتانی تری ئیسلامو ئەمانەشی لە ژێر چاودێری ڕاستەو خۆی سەركردەكانی ئەو ڕژێمەدا كراون ، لە قومو لە تاران داموو دەزگا دامەزراون كە تایبەتن بۆ پیلان گیران دژی عیراقو وڵاتانی دەوروو بەرو پیلان دژی عیراق خراوانتر بوو لە ماوەی كردەوەی تێكدەرانەو ئاژاوەوە بە هوی كەسانی ئیرانیەوە كە ڕژێمی ئێران گەیاندنیە ناو عیراقو ئێرانیەكان كە لە عیراق بوونو خەڵكی تری بە نەسل ئێرانی یارمەتی دەدان ؛ ئەوە بوو ئەو دەستەیە لە نیوەی یەكەمی سالی ١٩٨٠ داكاری تێكدەرانەیان بەشێوەیەكی دڕندانە جێ بەجێ‌كرد كە نوێژكەرانی موسلمانی لە مزگەوتەكاندا گرتەوەو هەموو ئەوكارە ویرانكاریانە لە قومەوە ئاراستە دەكران هەر وەك ساغ بوەوەو بە پێی ئەو ئاراستانەی كە هەموو ڕۆژی لە ڕادیو ڕەسمیەكانی ئێرانەوە دەگەیەنرا بە بوكمرەكانی ڕژێمی ئێران كە بریتی بوون لە ڕاسپاردەی چوونیەتی دروست كردنی بۆمبای دەستكرد سەرەڕای هاندانی كاربەدەستانی ڕەسمی ئێران بۆ كوشتنو بڕینو ویرانكاری . گرانترین كاری نارەوایان بومبا كێشان بو بە سەر كۆبوونەوەیەكی فێرخوانی قوتابیاندا لە زانكۆی مستنصریە لە بەغدا لە ١ی نیسانی ١٩٨٠دا كە ژمارەیەك شەهیدو بریندارى تیا بوو ، دوای لە ٥ی نیسانی ١٩٨٠دا قوتابخانەی ئیرانیەكانەوە لە ناوچەی وەزیریە بومبایان گرتە گەژاوەی بەرێ كردنی شەهیدەكانی زانكوی مستنصریە لە بەغداو لەم‌كارەدا كاردەستانی ئیرانو هەندێ ماموستایانی قوتابخانەی ئیرانیەكان بەشداربوون .

لە هەموو ئەم ڕووداوانەدا بەكریگیراوانی ئێرانی گیراون ، سەرەرای ئەوەی هیرەكانی ئاسایش چەكو جبەخانەیەكی زۆریان گرتوە كە ڕژێمی حوكمڕا لە تاران خستبونیە ژێر دەستیان ، ئەوەی شایانی باسە ئامانجو ڕێكخستنی دەزگای بە كرێ‌گیراوی بەستراو بە قومەوە سەركردەیەكی ڕێكخراوەكە بۆی ڕوون‌نكردنیەوەو وەزارەتی دەرەوە دان پیانانەكانی گەیاند بە نەتەوە یەكگرتوەكانیو لە كاتی خۆیدا لە ڕادیوو تەلەفزیونی كۆماری عیراقەوە بلاو كرابەوە .

هەر وەها بالویزخانەی كۆماری عیراق لە تاران كەوتە بەر چەندان پەلاماو دەست درێژیو هەرەشە بەسوتاندنو داگیر كردنو سەدان خۆپیشاندان دژی عیراق لەبەر چاوی ڕژێمی ئێرانو لە ناو ئێراندا ڕووی دا .

وەزارەتی دەرەوەی عیراقو بالویزخانەی عیراق لە تاران چەندان پێشنیاری نارەزای داوە بە حكومەتی ئێران لە بارەی ئەم دەست درێژیانەوە دیسان بالوێزی عیراق لە تاران چاوی بە جێگری سەرۆك وەزیران بۆ كارو باری ڕاگەیاندنو سەرۆك وەزیرانو كاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئیران كەوت دەربارەی ئەم ڕووداوانە ، سەرەرای ئەوەی وەزارەتی دەەرەوەی عیراق بالویزی ئێرانی لە بەغدا بانگ‌كردوەو لە چەند موناسەبەتێكدا نارەزایی داوەتێ دەربارەی ئەو دەست درێژیانەو داوای كردوە كاروو باری وا بكرێ زامنی وەستاندنی ئەم كارانە بكرێو وێنەی ئەو پیشنیارانە دابەش كراوە بە سەرتاندا .

قونسولیەتی كۆماری عیراق لە موحەمەرە كەوتە بەر دڕندانەترین دوژمنایەتیەوەو چەندان جارێ بە لاماری دراوە لە ١١-١٠-١٩٧٩و ٢٦-١٠-١٩٧٩و ١-١١-١٩٧٩و ٧-١١-١٩٧٩و دەرگاو پەنجەرەكانی شكاو دەست درێژی كرایە سەر كاربەدەستانیو پاسەوانو نووسراوەكانی ئەمە هەمووی بۆ بیانو دوزینەوەو داخستنیو ئەوە بوو لە لایەن ئێرانەوە داخرا .

وەزارەتی دەرەوەی عیراق لە ٥-١٢-١٩٧٩ نارەزایی لای ڕژێمی ئیران دەربڕی بەوەی كە كارگیرانی قونسلخانەكەی لە ١١-١-١٩٨٠دا بە كاری توندو تیژ دەركردو ئەمەش بەر لە كاتی ڕێكەوتن بوە لە سەر داخستنی قوسلخانەكە .

دیسان شایانی باسە ڕژێمی ئیران بە ئەنقەست دەست درێژی كردە سەر قوتابخانەكانی عیراق لە ئێرانو هەموویانی داخستو بە ئەنقەستیش ماموستاكانی دەركرد هەتا بنوسگەی ڕێگای ئاسمانی عیراق لە تاران لە دەست درێژی ڕزگاری نەبوو .

هەموو ئەمانە بێ شك لادانی ئاشكرایە لە پەیوەندیەكانی دراوسێ باشیو باوەڕی دەست نەخستنە كارو باری‌یەكترو تەدەغە كردنی دەست تێ وەردانی تێكدەرانە كە لە ناوەڕۆكی ڕێكەوتنی جەزائری سالی ١٩٧٥ دایە .

ژیاندنەوەی یاخیبوون لە باكووردا

كاربەدەستانی ئیران بەمە وازیان نەهێنا شان‌بەشانی چالاكیی وێرانكاری دەستیان كرد بە ژیاندنەوەی بزووتنەوەی یاخی‌بوونە بەكرێ گیراوەكەی باكووری عیراق . ئەوبوو حكومەتی ئێران بانگی سەركردایەتیی یاخی‌ بوونە بەكرێ گیراوەكەی كرد ئەوەی كەلە سالی ١٩٧٥ دا بەزی ، بانگی‌كرد لە وڵاتە یەكگرتووەكانەوە بچێتەوە ئیران . هەروەكو شا دەی‌كرد هەموو هۆیەكیان لە دەست نا كە بتوانێ ئاسایشو یەكێتیی نیشتمانی عیراق بخاتە بەر هەڕەشەوە ، هەروەها حكومەتی ئێران ئیستگەیەكی تایبەتی‌ی ڕادیۆی نایە بەردەست ئەو تاقمەی كە لەگەڵ قەوارەی زایۆنیزمدا هاوكاری دەكرد . هەروەكو چۆن بیگن لەو خوتبەیەدا دانی بەمەدا هینا كە لەمەوبەر باسمان كردو لە نێوان سالی ١٩٦٥ و ١٩٧٥ دا هاوكاریيان لە نێواندا بەردەوام بوو .

دەستدرێژیی سەروەر :

بەرلە كەمێ باسی مەسەلەی ئەو زەوییە عیراقیيانەم كرد كە سەردەمیكی زۆر بوو دەستی بە سەردا گرتبوو دەبوایە بەپێی ڕێكەوتننامەی جەزایر بیگەڕێنێتەوە بۆ عیراق .. چۆن ڕووخانی شا بووە هۆی تەواو نەكردنی مەسەلەی گەڕاندنەوەیان .. كە ڕژێمی نوێ هات ، ماوەیەكی باشمان داێ بۆ ئەوەی بەلینەكانی ئیران بەجێ بهێنێ .. بەڵام ئەوەی ڕوویدا لە سەردەمی نوێدا لەگەڵ سەرهەڵدانی كرژی ، لەشكر كێشیی ئیرانی لەو زەویانەی عیراقدا زیادی كرد لە جیاتی ئەوەی بیاندەنەوە عیراق هەر خۆیان بوون بە سەرچاوەی سنوور شكاندنو دەست درێژی كردنە سەر ناوچەكانی سنووری لە خاكی تری عیراق بەچەكەوە ، لەگەڵ ئەو دەستدرێژیانەشدا بۆ سەر سنوور چەكی ئاسمانی ئیران سەروەر دەهاتە ئاسمانی عیراق ، جا بۆ نموونە نەك بۆ ژماردن ، بۆتان باس دەكەین كە شكاندنی سنووری ئاسمانی عیراقی لەلایەن چەكی فڕۆكەوانی‌ی ئیرانی‌یەوە گەیشتووەتە (٢٤٩) جار لە ماوەی شوباتی ١٩٧٩ ەوە تاكو ئەیلولی ١٩٨٠ ، ئەمەش لەو یادنامە ڕەسمیانە جێگیر كراون كە لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی عیراقەوە عیراق بە ئیرانی داوە ، ژمارەی ئاگر باران كردنی مەخفەرەكانی سەر سنووری عیراقیو هێرش بردنە سەریانو تۆپ بارانو ڕاگیر كردنی كەشتیوانی لە شط العربدا .. لەگەڵ بۆمبابارانی ئامانجە شار نشینیيەكان لەماوی حوزیرانی ١٩٧٩ەوە تاكو ئەیلولی ١٩٨٠ گەیشتوەتە (٢٤٤) ئەمەش لە یادنامەی ڕەسمیدا جێگیر كراوە . سێ‌جاریش فڕۆكەی شارستانی ئێمە دراوەتە بەر گوللەو یەكیكیان ناچار كراوە . بە زەبری هێزی چەكی فڕۆكەوانی‌ی ئیرانی لە ئاسمانی عیراقەوە ڕاكێشراوەتە ئێرانو ناچار كراوە لە ناو ئیران بنیشێتەوە . هەر لە ماوەی ئابی ١٩٨٠ەوە تا ئەیلولی ١٩٨٠ سێ‌جار فڕۆكەی شارستانی دراوەتە بەر گوللەو لە كانوونی دووەمی ١٩٨٠ەوە تا ئەیلولی ١٩٨٠ حەوت جار دەزگاكانی ئابووری بومبابارن كراوە كە هەندیكیان دەزگای پترولی بوون ، هەموو

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

کۆنگرەی ساڵانەی سێیەمی کشتوکاڵی کوردستان :



ئەمینداری گشتی کشتوکاڵی ناوچەی کوردستان :

بارو زروفی ئێستای وڵات داوای زیاد کردنی و چاك کردنی بەرهەممان لێ دەکات

ڕیپورتاجی : عبدالوهاب طالبانی
وێنە : محمد بکر

● لەم دوایەدا لە هەولێر کۆنگرەی ساڵانەی سێیەمی کشتوکاڵی ناوچەی کوردستان بەسترا و لەماوەی سێ ڕۆژدا هەموو ئەو لایەنانەی کە پەیوەندی‌یان بەکشتوکاڵ و دەزگا کشتوکاڵی‌یەکانی ناوچەوە هەیە لە کۆبوونەوەی دوورو درێژدا بەوردی لە نەخشەکانی ساڵی رابوردوو کۆڵینەوەو نەخشەی نوێشیان بۆ ساڵی، تازە (١٩٨١) دانا ..



لەگەرمەی ڕۆژانی کۆنگرەکەدا چاومان بە مامۆستا محمد صدیق محمودی ئەمینداری گشتی کشتوکاڵ و چارە سەرکردنی کشتوکاڵی ناوچەی کوردستان کەوت و داوامان لێ کرد کەدەربارەی چۆنیەتی نەخشەکێشانی کشتوکاڵی ناوچەکە بۆمان بدوێ بەتایبەتی لەم بارو زروفەدا کە وڵاتەکەمان پیا تێپەڕ دەبێ .

لە وەڵامدا گوتی :

– بارو زروفی ئێستای وڵاتمان وا لە هەموو ئیشکەرانی کەرتی کشتوکاڵ دەکا کەیەك ریز لەگەڵ سەربازە جەنگاوەرە کانماندا لەبەرەی شەڕدا ڕاوەستن ، بۆ پاراستنی وڵاتی شیرینمان و، هەموو توانایەکمان بخەینەکار بۆ زیاد کردنی بەرهەمی کشتوکاڵ و چاك کردنی جۆرەکانی ، چونکە هەموو دەزانین کە کارێکی ئاوا دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پێشخستنی باری کۆمەڵایەتی وگوزەرانی جوتیاران و لەو بڕوایەداین کەهەموو لایەك هەست بەوە دەکەن کەکەرتی کشتوکاڵ لەم مەیدانەدا هەوڵی چاکی داوە .

کۆنگرەی سێیەمی کشتوکاڵی ناوچەی کوردستانیش کەلەژێر دروشمی (چاوەڕوانی)چاکە لەومیللەتە ناکرێ کەئەوەی دەیخوا زیاترە لەوەی وەبەرهەمی دێنێ و ئەوی دەیدروێتەوە کەمترە لەوە چاندویەتی) بەسترا هەموو ڕێ و شوێنێکی زانستی و بەسوودی گرتە بەر لەپێناوی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و چاك کردنی و بەهاوکاری لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندی‌یان بەم کەرتە گرنگەوە هەیە .

پ – نەخشەی ساڵی رابوردوو بەرای ئێوە بەگوێرەی خواست و ئاوات بوو یان‌نا – . ئەوگیرو گرفتانەی تووشتان بوون چی‌بوون ؟

– بەرای ئێمە نەخشەی کشتوکاڵی ساڵی رابوردوو بەشێوەیەکی باش جێ‌بەجێ کراو رادەی کارە جێ‌بەجێ کراوەکان بەرزە، ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە کەرتی کشتوکاڵ گیروگرفتی وای‌هەیە کەلە کەرتەکانی تردا نین ، چونکە هەلس‌وکەوتی ئێمە لەگەڵ سروشت و مرۆڤدایەو ئەوەندە بەسە بۆ تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی کشتوکاڵ .

پ – مەسەلەی بەستنی کشتوکاڵ بەتەکنیکی نوێ و پێشکەوتووەوە تاچ‌رادەیەك لەکوردستاندا جێ‌بەجێ کراوە ؟

– نەخشەی باش و ڕێك و پێك و گرنگی‌دان بەمەسەلەی بەرز کردنەوەی رادەی تەکنیك لەمەیدانی کشتوکاڵدا هەر لەیەکەم کۆنگرەی کشتوکاڵی هەموو عیراقەوە رەچاو کراوە . . بێگومان ئەم مەسەلەیە زیاتر پێویستی بەوەخت و کات هەیە تابتوانین کشتوکاڵی وڵاتەکەمان بگەیەنینە ریزی کشتوکاڵی وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهان و، ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی هەموو ڕێگایەکی زانستیانەو لەبار بگرینەبەر بۆ گەیشتن بەو ئاواتە .

کردنەوەی خوێندنگای هونەرە جوانەکان خەونی دڵسۆزانی هێنایەدی

● فریا عبدالله ●

ئەوەی شوێن ژانو خۆزگەکانی هونەر مەندانی شارێکی وەك سلێمانی کەوتبێت ئەنجام بەوە شکاوەتەوە کە توانساو کەرەسەیەکی ئەوتۆ لە شارەکەدا هەیە بۆ پێگەیاندنی بە هرەوەرانی هونەر، بەڵام لە قۆناغێکی تایبەتی‌دا کۆتای هاتووەو بگرە زوربەی ئەو ئەرکانەی لەم بوارەدا کێشراون تا رادیەك بە فیڕۆ چوون .... واتە مامۆستاو شارەزایانی هونەر قوتابی یە کانیان ڕەخاندووە بەبێ ئەوەی مەڵبەندێکی تایبەتی هەبوو بێت کۆیان بکاتەوە .... بۆیە وردە وردە پرش و بڵاو دەبوونەوەو ئەم کارەش هەمان بەسەرهاتی چیرۆکێکی بێ کۆتایی بوو .....

بەڵام ئێستا لە پارێزگای سلێمانیدا بە هەوڵی دلسوزان لەبەر ڕووناکی بایەخدانی سەرکردایەتی شۆڕشدا چارەسەرێکی زانستی و یەکجاری ئەم دیاردیە کرا ئەویش بە کردنەوەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی‌دا .

سەبارەت بە هەڵوێست و دەوربینینی ئەم پەیمانگەیە لەداهاتوودا سەرەتا هونەرمەند علی احمد عبدالله جولا جێگری عەمیدی پەیمانگەی ناوبراو لەچاوپێکەوتنێکی هاوکاری‌دا وتی :

ئاشکرایە ئاوات و خواستی هەموو هونەر مەندان لە کوردستان دا ئەوە بوو کەپە یمانگەیەکی هونەری لە ناوچەکەمان‌دا بکرێتەوە ، ئەم خۆزگەو ئاواتەش هەر دەم دووبارە دەبوەوەو لە هەموو کۆڕو دیدارو سەر لاپەرەی گۆڤارو رۆژنامەکان‌دا دەخرایە روو .... لەراستی‌دا زوربەی کاربەدەستان ئەرکێکی گەورەیان کێشا بۆ هێنانەدی ئەم ئاواتە پیرۆزە هەرچەندە گەلێك کۆسپ و تەنگ و چەلەمەیان هاتەرێ ..... ئێستاش کە پەیمانگە کراوەتەوەو بریتی‌یە لە بەشی شانۆو تەشکیلی لە ئاستێك دایە کە جێگای رەزامەندیی هەموو لایەکە .... هەروەها ئەو قوتابیانەی کە وەرگیراون بەهرەوەرن و پاش تاقی کردنەوەی هونەری وەرگیراون و لەداهاتوودا تواناو بەهرەیان بەدی دەکەین و شوین پێیان لە هونەری کوردی رەسەندا دیاری دەدات و ئەوەمان بۆ دەسەلمێنی کە لە داهاتوودا گۆڕان کاری‌یەك بەسەر هونەری کوردی‌دا بهێنێت و بەرەو پێشەوەی بەرێت .. ئیتر لە مەودواش ماندوبوون لە ئێمەو دەستی یارمەتی لە کاربە دەستان .

پاشان بدیعە دارتاش هونەرمەندی سەرۆکی بەشی شانۆ لەم پەیمانگەیەدا وتی :

کردنەوەی پەیمانگەی هونەرە جوانە کان لە سلێمانی دابەم پڕ بیەکەهیوای هەرەگەورەی کوتو پڕی یەکێ هەمووان بوو جێگای شانازی‌یەو ئەو قوتابیانەشی تیا وەرگیراون بەپێی خواست و ئارەزووی خۆیان بەبێ جیاوازی لەسەر بناغەیەکی راست و بەچاوێکی یەکسانی لە نێوان کچ و کوڕدا داهاتووی هونەرەکەمان دەست نیشان‌دەکەن ،چونکە بۆ یەکەم جار نزیکەی –١٠– دە قوتابی کچ رووییان کردە شانۆ لەوانە –٦– شەش قوتابیان هەڵبژێرا کەچاوەڕوانی دوا ڕۆژێکی باشیان لی دەکرێت و مزدە بە کەبۆ بنیات نانی کۆمەڵێکی چاك لە قوتابیانی هونەر دۆست و ئەرکێکی پیرۆز کەوتوەتە سەرشانی هەمومان بۆ پێش‌خستن و پەرەسەندنی بە تایبەتی

مامۆستایان کە زۆر گرنگە خۆیان زیاد ماندوو بکەن بۆیە بەکارهێنانی دروشمی تەواوی هونەر

هەروەها بەختیار مصطفی

هونەرمەند مامۆستای بەشی تەشکیلی لەم پەیمانگەیەدا سەبارەت بەدەوری بەشەکەیان بۆپەرەوپێدانی هونەر لە کوردستاندا وتی :

هەر لەسەرەتای بەگژدا چوونی مرۆڤەوە بەرامبەر دەوروبەرەکەی و دروست بوونی شارستانی‌یەت هەتا ئەم چەرخە دەبینین هونەری تەشکیلی بە هەموو بەشەکانی یەوە دەربڕینی هەستی هونەرمەند بووە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی‌دا ...... جا لاپەرەکانی هونەری تەشکیلی جیهانی ئەو هەستانەیان تۆمارکردو وەدومۆزەخانە کانیش ئەوراستیانە دەسەلمێنن ... گەلی کوردیش وەك هەمووان خاوەنی ئەم هونەرەیە ، بەڵام کەمیی هونەر مەندانی سەرکەوتوو هۆیەکی دواکەوتنیتی ، لێرەدا بەشی هونەری تەشکیلی کە کراوەتەوە بەشێك لەم کەم و کوریە پر ئەکاتەوە بەهۆی پێگەیاندن و رێگە خۆش‌کردن بۆ قوتابیان کەبتوانن ببنە هونەرمەندی سەر کەوتو پاش تەواو کردنی پەیمانگەو ئەرکی خزمەت کردنی هونەری تەشکیلی لە کوردستاندا کردنی پەیمانگەو ئەرکی خزمەت کردنی هونەری تەشکیلی لە کوردستاندا بگرنە ئەستو ، هەروەها ئەم بەشە کۆمەڵێ مامۆستای تری پێدەگەیەنێ تابتوانن رۆشنبیریەکی تەشکیلی بڵاو بکەنەوە کە تائێستا کوردستان بەخۆیەوە نەدیوەو ئەمەش ئاواتی گشت هونەرمەندێکی رەسەنە .

پاشان خوشکە سەیران عبدالکریم قوتابی پۆلی یەکەمی بەشی تەشکیلی سەبارەت بەهۆی هەڵبژاردنی بەشەکەی وتی :

لەبەر ئەوەی لە ناخم دابە هرەیەکی هونەریم بەدی دەکرد ولەلیا دیمەنەکانی کوردستان بەشارو شاخ و لادێ و سەوزەگیاو کانیاوەکانی بەوە زیاتر ئەم بەهرەیان جۆش ئەداو هانیان ئەدام بودەربڕینیان بۆیە بەشی تەشکیلیم لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانیدا هەڵبژارد تاوەکو بتوانم لەپاشەڕۆژا سود لەم بەهرەیەم وەربگرم و خزمەتی پێ بکەم .

هەروەها کاك مەهدی مەجید محمد قوتابی بەشی شانۆ سەرەتا هەستی خۆی سەبارەت بەکردنەوەی ئەم پەیمانگەیە دەربڕی وپاشان وتی .

ئەوەی ئێستا وەك قوتابی‌یەك مەبەستمان بێت ، کردنەوەی بەشێکی ناو خۆیە بۆ قوتابیانی دەرەوەی شاری سلێمانی و هیوا دارین دوای ئەوەی بەهونەری مامۆستا هونەرمەندە کانمان گۆش دەکرێین بتوانین لە پاشەڕۆژا بەپێی ئەرکی سەرشانی خۆمان خزمەتی گەل و نیشتمانی پێ بکەین .

پاشان خوشکە میسون محمد عزیز قوتابی بەشی شانۆ دەربارەی دەوری هونەر بۆپەرەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵ دەڵێ :

دەوری هونەر لەم رووەوە لەدەوری زانست و بابەتەکانی ترەوە کەمتر نی‌یە چونکە ئەمڕۆ هونەر بەچاو جارانەوە جێگاو ڕێگەیەکی کەی هەیەو لە هەموو لایەکەوە قوتابیان روودەکەنە بەشە جۆر بەجۆرەکانی بۆ ئەوەی بتوانن لەم ڕێگاوە زۆر کۆسپ و تەنگو چەڵەمەی باری کۆمەڵایەتی و ئابوری ولایەنەکانی تری پێ چارەسەر بکەن .

دوا جار کاك کاوە عبدالکریم بابان قوتابی بەشی هونەری تەشکیلی

سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی پەنجەی بۆ دەورو هەڵوێستی شاری سلێمانی لە روی خزمەت کردنی هونەرەوە کێشاو هەندێ لەو هونەرمەندانەی بەسەر کردەوە کە لەم بوارەدا توانیویانە ئەرکی سەرشانی خۆیان جێ‌بەجێ بکەن ... هەروەها هەندێ پێشنیازی بەمەبەستی زیاتر پێشکەوتنی هونەر لە شارەکەمان‌دا خستە بەرچاو لەوانە پەرەپێدانی ئەرکی راگیاندن و پروپاگاندەو بڵاوبونەوەی یەکێتی و هاریکاری لە ناو هونەرمەنداندا لەگەڵ بایەخ پێدانی وانەی هونەر لە قوتابخانەکان‌داو ناردنی دەرەوەی قوتابیانی سەرکەوتو بۆ دەرەوەی وڵات ، ئەمەو زیندو کردنەوەی فۆلکلۆرو بایەخ پێدانی لەگەڵ زیاد کردنی هاوبەشی ئافرەت لە بوارەکانی هونەردا .

●

نوسینگەی سلێمانی

●

نووسینی : جروە علاوە وهبی
گۆرینی : حمە کریم عارف

خنکاندن

– ١ –

ئەوە حەفتەیەکە لەم کونە تاریکە خزێنراوم ، وام لێهاتووە قینم لە ڕووناکی‌یە، گوێچکەکانم توانای بیستنیان نەماوە . تاقە پرسیارێك کە مێشکم دەکرۆژێ ، ئەوەیە ئاخۆ دوای من ژیانی چی بەسەر هاتووە ؟ ڕەنگو ڕووی خۆشەویستەکەم ، ژنەکەم چی لێهاتووە ، دوای ئەم ماوە تاریکەی لەم کونەدا بردوومەتە سەر ، لەنێوان بوون و بەرامەی بۆگەنی‌دا ، ئاخۆ هێز وەکو جارانە خۆشی دەوێم ؟

ئەو ڕۆژەی کە ناسیم ، باخچەیە گشتی‌یەکە ڕۆژێکی خۆرەتاو بوو ، گوڵ گەشابوونەوە . باوەشیان بە تیشکی ڕۆژەکەدا کردبوو . چاك لە بیرمە ئەو ڕۆژە بە درێژایی شەویش سەرم بە ژوورەکەی خۆمدا نەکرد .

– ٣ –

دیواری ئەو کونەی منی تێدا بووم ، بە نووسینی جۆراوجۆر نەخشابوو . بە نینۆکی ئەو کەسانە هەڵکەندرابوو کە بەر لە من ڕێیان کەوتبووە ئێرە . بۆ هەر لایەك چاوم دەگێڕایەوە ، دەست خەتی خوێناوی ڕێگای بە نیگام دەگرت ، خوێناوێکی ئاڵ ، کە هەست بە ڕشانەوە دەکەم، دەست دەبەم بەپەنجە تووتە دیوارە کۆنکریتەکە دەنخشێنم . نا ، ناتوانن بوێرم پێ‌بدەن ، با خۆم بگرم.

هەموو ڕۆژێك شەقاوەکانی ئەو پاسەوانە دەژمێرم کە پاشماوەی خواردنم بۆ دێنێ، تەماشادەکەم ژمارەیان چۆن یەکە ، ئەوسا دڵنیا دەبم کە کونەکەم نەگۆڕاوە . پەنا دەبەمە بەر ڕامان و بێ دەنگی و ڕوانینە تاریکی .

« تەنیام ، لەتاریکی شەوا، دڵم لەبەر مۆتەکەی ترس دەلەرزێ ، هەمیشە لەسایەێ پردێکی لەرزۆکدام یان لەژێر بەزەیی ئاسمانێکی لەقدام .. هەمیشە زەوی دەسوورێتەوە .. بەدەوری هیچدا دەسوورێتەوە ، کێ لەم ترسە ڕزگارم دەکات » .

کە منداڵ بووم ، هێشتا شەش ساڵم نەبوراندبوو ، هەموو بەیانی‌یەك دەچوومە کن میرزایانی گوند . چونکە ئەوەی مامۆستا پێی گوتبووم لەبەرم نەکردبوو ، شوولە تەڕەکەی دەستی ، ئاسکی ژێر پێی دەخواردمەوە ، زانیم مامۆستا شتێکی فێردەکردم ئەم توانی هەموو شتێك وەربگرم ، ئەوسا زانیم هیچی فێر نەدەکردم ئەوە نەبێ بخوێنە .

بە ناوی خودای میهرەبان، دوورمان بخەیتەوە لە شەڕی شەیتان . بخوێنە. خوێندم، قورعانم یەك پارچە لەبەر کرد ، لەبیرم چووەوە . لە قوتابخانەی سەرەتاییدا مامۆستای زمان ، فێری ڕێزمان و گەردان و فرمانی ئەمری کردم .

بخوێنە ، خوێندم ، هەر چیم چاو پێ‌کەوت ، دەستم گەیە هەر کتێبێك خوێندم، غەزالی ، مارکس ، بریخت ، شکسپیر ، بیترفایس . ئەستێرەیەکم خۆش ویست . شەوان لە سەربان دەمامەوە ، کە دەم ڕوانیە ئاسمان ، چاوم دەبڕی‌یە یەك ئەستێرە ، بەچپەوە دەمگوت ، تۆ بۆ منی ، تۆ ئەستێرەی منی ، بەڵام ئەستێرەیەك گوێی لە قسەکانم نەدەبوو ، ڕاستتر، وەڵامی نەبوو .

– ٧ –

دوور نیە ئادەمیزاد هەموو ژیانی لە قووڵایی تاریکی‌دا بەسەر بەرێت ، بێ‌ئەوەی کەسێك لێی بگەڕێت یان پرسیاری بکات . ئەو کۆتایی‌یەی کە دوایی نایەت پێویستە بە کۆتایی‌یەك دوایی پێ بهێنرێت کە سەرەتا بێ ئەو نیشانەیەی خۆی نادات بەدەستەوە دەبێ نیشانەیەکی بۆ دابنرێ تاکو بناسرێ .

ئای .. ئەستێرەکە ، ئەی ئەستێرە دوورەکە !

تۆ لە کەشکەڵانی فەلەك دایت ،

مارەییت گرانە ،

تۆ لە نوێنی ئاوریشما دەنوویت .

ئێمەش لە دووری خۆشەویستیت دەناڵین .

بەرێکەوت ڕێم کەوتە ئەم کونە تاریکە ، نا ، بەڵکو لە بەر خاتری ووشەیەك ، کە نازانم چی‌یە ، ئەگەر دەمزانی چی‌یە یان چی دەگەیەنێت ، لە گەروما بەندم دەکردو دەمم دا دەخست .. باوکم هەموو ئێوارەیەك دەرسێکی دادەدام :

– دەمێ بیگری ، مێش تێی ناچێت .

منیش دوای ئەو پەندێکم دەکوتەوە کە لە دیوانەی دێیەکەوە بیستبووم زۆر جاریش بەگۆرانی‌یەوە دەیگوت :

– جێ‌پێی خۆت بناسە بەر لەوەی تێ‌بکەویت .

– ئەگەر چاوت ژێر بێ ، لە سەریەشە دووری .

– ٩ –

هەموو بەیانیەك کە لە کوختە دارینەکەمان دەهاتمە دەرەوە ، لە گۆڕەپانەکەدا خەڵکێکی زۆرم دەبینی ، خەڵکێك هەندێ کەل‌وپەل و شتومەکیان داوە بەکۆڵداو بەترس و لەرزەوە دەڕۆن ، نیگەرانی بە سیمایانەوە دیارە ، غەڵبە غەڵب و دەنگە دەنگێکی سەیر ، هات و هاوار و دڵە لەرزێ ، ئاگر ، مەرگ ، ووشەگەلێك لە ماناکانیان تێ نەدەگەیشتم

بەرلەوەی بگەمە ئەم کونە تاریکە ، بەر لەوەی پیسایی سەگ ببێ بە رایەخم .

– ١٠ –

دوایی ...

... سوپاس بۆ یەزدان، دوا نامەتمان پێ گەیشت ، هەرچەند زۆر بەزەحمەت توانیمان گرێی نهێنی‌یەکانی بکەینەوە ، چونکە پیتەکان خلتانی خوێن بوون ، خوێنی ئاڵ ، توانیمان بیخوێنینەوە ، زانیمان هێشتا زیندوویت ، کە ئەمەیان بەلای ئێمەوە گرنگ و مەبەستە .

بەیانی‌یەك ، بەر لەوەی بەتەواوەتی خەبەرم بووبێتەوە ، لە دەرەوەی کوختەکەدا گوێم لە هاوارێکی توند بوو ، هاوارێك تێکەڵ بە سەگوەڕی گەڕەك بوو ، بەڵام توانیم هەندێك شت ببیستم ، یەکێك لە دەنگەکان هاواری دەکرد :

– ڕاکەن ، بەرازەکان هاتن .

لەسەر جێگاکە ڕاپەڕیم ، جێگا چی جێگا ، بریتی بوو لە پارچە فلینێ ، کە لەبەر دەرگای کوختەکە وێستام ، دیتم خێڵ سەرسام و پەشێون، لە یەکێکیانم پرسی .

– کوا بەراز ؟

ووتی :

– خۆت ڕزگار بکە،بەرازی دوو پێ‌یە .

لە مەبەستی تێ‌نەگەیشتم، بەڵام گوێ بەگوێی ئەوان هەڵاتم ، لە دارستانەکەدا حاڵی بووم ، تومەز شەڕە .

بۆ یەکەمجار گیزەی گوللەم بیست ، خەڵکیم دی لەبەو ڕوو لە ترسی مەرگ ڕاکشاون ، مردن بە هۆی تەقینەوەی شتێك کە لە کاڵەك دەچوو ، ئەو کاتە ئەم دەزانی قومبەلەیە .

– ١٢ –

لەو زمانە حاڵی نەدەبووم کە پرسیاریان پێ‌لێ‌کردم ، بۆیە لەبزی

– نەخێر – گوتم – بەڵێ –

ئەگەر حەکایەتی چەقۆم دەزانی‌و دەمزانی بۆ کوێ دەڵ دەکشێت – وەکو چۆن پێویستە وام وەڵام دەدایەوە .

– ئەمە شەڕە .

– بەڵکو چەقۆ وەشاندنە .

– چەقۆ وەشاندن ؟

– بەڵێ .

– چەقۆکەمان لێرەدا دۆزی‌یەوە ..

– پەتی بکەن .

من . دەبێ بۆچ پەت بکرێم ؟ ڕەنگە یاری‌یەکی تازە بێ‌و من نایزانم .

– زۆر ئاگاتان لێی بێ، ڕەنگە هەڵبێ ، ئەم بابەتانە زۆر خەتەرن !

بەڵام ئەوەی من بە یاری‌یەکی تازەم زانی ، گەیاندمیە کرنێکی ساردو سڕی تاریك، بۆگەن ، لەبەر تاریکی ئێرە نازانم خۆر هێشتان وەکو جاران هەڵدێ یان بە ئەستو خەمبارە .

– ١٣ –

– دەت کوژین .

– من بێ تاوانم .

– پارە پارەت دەکەین .

– کەسم ئازار نەداوە .

– گوڵەیەکی ژەهراویت لە دڵ تایم دەکەین .

– بۆ ؟ بۆ ؟ خۆ من هیچم نەکردووە .

– هیچت نەکردووە . ها–ها – ها .

– هەر هێندەم گەرەکە لەسایەی ئاشتیدا بژیم .

– ها – ها – ها .

– بکشێنەوە . هێمنی باڵی بەسەر کونەکەدا کێشا ، تاریکی خەستتر بوو . کۆتایی نەبوو هیچ شتێك نای شێوێنێ .

– ١٤ –

« لە شینایی مەوداکاندا، هەناسەی سەردەمەکان دەبیستم ، دەنگی کەڕەنایەکی سامناك دەبیستم .. کە بە ڕاڕەوەکانی ویژداندا دادەکشێ . ناڵەی ناڵی مەرگ دەبیستم ... بۆڵە بۆڵی ئێسکە کۆنەکان دەبیستم .

لە ئاودا چاوی دڕندەیەك دەبینم کە ستامی دوورگە نەمرەکانی پێ‌یە . دەنگی دنم لە لەرەی ئاودا دەبیستم . هەست دەکەم گەرداوی شەپۆل پووشکە ئاسا ڕام دەماڵێ .. جل‌و بەرگەکانم بەئاوێنەی گۆڕەکان ڕازاوەتەوە » .

ئەستێرە .. ئێستا چۆنی . ئەستێرە .. ئای ئەگەر بەحاڵم دەزانی لەوساوە کە خستوومیانەتە ئەم کونەوەو حەوت دەرگایان لەسەر داخستووم ، ئەگەر بە حاڵم دەزانیت، بەتەنێ دانیشتووم، تاریکی دەخۆمەوەو تاریکی دەمخواتەوە ، خەونەکانم قوت دەدەم ، ترسە ئەزەلیەکەم کاوێژ دەکەم ، ڕووی تۆم لێ گیراوە .

بەتاسەوەم باوەشت پێدا بکەم ، بۆ چرکەیەك لە ئامێزت بنێم ، بگرە بۆ سانیەیەك ، تۆبڵێ نیو سانیە .

ئای خۆشەویستەکەم . چاوەڕوانی‌و خۆشەویستی تۆ ئازارم دەدەن . پەتی سێدارە ئازارم دەدات شەقاوە بێ تامەکانی پاسەوانەکە ئازارم دەدا . ئەستێرە ، ئەی ئەستێرەگیان ، ئەگەر دەزانی هەموو ڕۆژێك لەسەر دیواری کونە تاریکەکە چ دەنووسم ؟

تەنیا ڕووی تۆ شك دەبەم، ڕووی تۆم هەیە ، ڕووی تۆ شك دەبەم .

ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێ ، بۆ ئەم ڕستەیە سێ کەڕەت دەنووسمەوە بەڵام سەر سامیت دەڕەوێتەوە ، کاتێ دەزانیت لەڕاستیدا تەنیا خاوەنی ڕووی تۆم .

– ١٥ –

نازانم کێ ڕۆژێك گوتویەتی :

بیری کۆن وەکو دەرمانی کۆن وایەو دادی نەخۆشی تازە نادات .

– ١٦ –

دیواری کونەکە بە دەورمدا سەما دەکەن ، بە دەنگێکی بەرز بەخۆم پێ‌کەنیم . دانیشتمەوە . شانمدا بە دەرگای کونەکەوە ، سەرم لە نێو هەردوو لەپمدا گیرسایەوە ، بە چاوێکی ماندووی نیوە کراوەوە ڕوانیمە کۆنکریتی کونەکە، بە نینۆکی پەنجە تووتەم کۆنکریتەکەم هەڵ کۆڵی ، تاکو پیاوان بەرەو پیری مەرگ بچن، سەربەستی نامرێ‌و ئازادی دەژی .

ئەم بەیانی‌یە لە ڕێگای پاسەوانە تایبەتیا کەمەوە پێیان ڕاگەیاندم کە سبەینێ لە کاتژمێری «٥» و «١» چرکەی سەر لەبەیانی لە گۆڕەپانی ساختمانە گەورەکەدا حوکمەکەم ئەنجام دەدرێ . کە لە جێی خۆم هەڵسام ، [illegible] بڵێم ، بەڵام نەمتوانی [illegible] بکەمەوە ، بەر دەرگای کونەکەم گرت تاکرایەوە ، ڕشامەوە .

« ماوێتی »

دەفتەری یادگار

جەمیعی عاشقانی دڵ حەزینت
بە قوربانی دوو چاوی نێرگسینت
هەزارانی وەکو عەزراو لەیلا
کە نیرانی غوڵامی کەمتەرینت
کە مەقسوودی لە ماچێکە قوربان
دەما بیدە لە لەعلی شەکەرینت
ئەگەر مەیلت لە قەتلی عاشقانە
بە شمشیری ئەبرۆ نازەنینت
جی بە جانا وەها بێ ڕەحمی ئەمڕۆ
ج ئەجەماوە وەها تێك چوو جەبینت
پەریشان بۆ دڵی عالەم بە کوللی
وەکو زولفت لەسەر ڕووی ئاتەشینت
کە (مەعنی) بەندەبی فەرمانی تۆیە
بە ماچێ دەستی بگرە خۆت و دینت

خەونە

● بدرخان عبدالحمید ●

من دڤیا سەر بابەتەکی بنڤیسم . چ بابەت ، سەر رامیاریێ ، یان ئابوری .. یان یاسایی .. یان کومەلی .. یان ڤی زەمانی بنڤیسم ، یا ئەوێ چویی ، یان سەر پاشە رۆژێ . . نزانم . من گەلەك بێ‌کولکر بەلێ بێ وچ . دناڤ هزرو بیرادا سەرێ من زڤری‌و تژی بو . دونیا ل‌بەر من بو دارەکا هزار چق ، ڤی بکرم واهە چو .. چیا نەکرم هەمی چون . ژبەر وان هرزو بیرێت شێلی من خو درێژکرە سەر جهو بالگێت خو .. تڤستم . من د خەونێدا د دیت ئەز ل کولانەکا تەنگرا دچووم ، ئەو کولان نەیا نەنیاس بو ، دیماهیێ من زانی ئەڤ کولانە د چیتە مالا د لبەرێ . ئەوا د کەفتە لابێ ژۆربێ گوندێ ل هنداڤ چەمێ بەرامبەر چیایێ پسر دارو تراش . ل رەفێ کولانا تەنگ راوەستام .. ئەو نەئەڤە ئەو کولان نەبیست ؟! من دەست ب رێکێ کر ، ئەز گەلەکێ هشیار بووم بوێ چونێ .. چافێ نێزیکبویم گەلەك ترسام نەکو ئێك من ببینیت . . بەلێ من زانی ئەوا ل هیڤیا من بێ‌دڤی‌یە . هەر دێ چم . بەر دیوارو دیوار چوم وەك مرۆڤێ دز لێ بەری ب گەهمێ دڕندەك رابو بە سنگێ من د ڤیا من سەقەتکەت ، یا دیار بو دا من کۆژیت ، هندی من بەرەڤانیا حودکر بەلێ چ نەگرتن . ناچاربووم پشت‌وپشت ئەگەریام دا خو ژوان چافێت دڕندانە بدەمە پاش . . . مەندەهۆشم ژڤی دڕندەێ ، تشابەتەکێ کرێتە چ چوداهیێ نا ئێتخە نابەینا گوشتێ خاڤ بژارتی ، لنك وی کیڤی و کەهی هەردوو ئێکن ، مرۆڤا و ئاژالا ژێك نەنیاسیت ، خوبانی و بیانیا نزانیت بو چ بێ باش نینە ژبلی کشکرنێ..! گاف بو گافێ ئەڤ تەشابەتە بێ درێ دبیت وەك گورگێ خویسی لێهات . پشتا من کەتێ ، دڕندەی دا ب دبنی منفە . هندەك گوندی بێ هاریدکەن بێ کش دکەنە من ..من ل گەل خو د گوت !.. چی‌یە ! بو .. خەلکێ گوندی هاریدکەن .. !

بو هاریکاریا ناکەن ..؟! هەهـ .. گەلەك مرۆڤێت نیاس بێ ل ناڤدا هەین . . گەلەکێ دنیاسن ، یا.. بو.. چ ئەگەرە هاریکاریا ناکەن ! هەر خو ب من نا ئێنەدەر ، گەر دهزرا وان ژێ دابم ، یان کول دەنگێ من هەبیت خو کولێ ناکەن ، راستە کولێ نێنە .. ؟ ! .. یان .. ! لێ ئەژێ خورتەکێ گوندیمە من ژێ گرانیا خو یا ل ناڤ گوندێ هەی .. ئو ئێکافێ .. !! . بدینی من کەفتن ل گەل هندەك پیس‌و دژێنێت گوندێ ، ژڤی گری بو گرێ دی .. ڤێ نهالێ بو نهالا دی .. ژڤی چیای بو چیایێ دی تر .. هەتا ئەز ژ سنورێت گوندی دەربازکرم . ل دەربە دەرێ .. بیرا من‌و وان رونیشتناد هات چافێ مە تولازا گرێردان ل سەرێ زویدا ، بەر رەفێت روبارا ، سەر کانیکێت تەزی ل مێرگ‌و شوینگەهێت هاڤینێ . بیرا من‌و دلبەرێ هات ، چافێت من سور بوون ژ فەربیبادا بو ڤیانێ ، بو ژیانێ ، بو وی وارێ من بهارا تولازیێ لێ چەراندی بەلێ چ دێ ڤێ شەڤا هو یا گران و تاری کەلێشیت‌و رەڤینیت چ نەشێت ڤێ کریارا هویا بلند بەت ژبلی رۆژەکا گەش ، ئەو دێ شەڤێ ژ دەربا ژێ رەڤینیت . گەر نەبە رۆژ چ رۆژێت دی نینن تاڤا هەیڤی بەرزە ب کەت هاتمە سەری گرەکێ بەرامبەر گوندی راوەستام . هزرو بیرێت بەلاڤ ژ خەربیادا دلێ من کوفکەکێ لێهات و ما ڤالا چەند بێهنا خو ب هلکێشم ئاخینکەکا کویرا بێڤە د هێت . من دەست دا دوبر بینێ‌و تەماشای وارێ جارا کر ، گوندی رەنگین ل ناڤ تاری گەورکادا دباردکر رەندەکەکا گوندی شاهی‌و دەهسوات‌و سەبرانە . یادی گری‌و زیمارو تازی‌یە .. ئەگەر چی‌یە .. یادباره بارانەك ل بهارا گوندێ مە نەهات دا بنەخشینیت ژ رەنگێت جارا .

چ ب کەم .. چ بهایە ، نزانم کا دلبەر دزانیت هێرتا ئەزێ ساخم یان نە .. ؟ رەنگە نزانیت ، چەوا دێ زانیت .. گازی ب کەمێ ؟ .. ناگەهتێ، نامەکێ بو بهنێرم ؟ .. پوستە نینە .. پەیکەکی فرێکەم ؟ بێ باوەرە ..! چبکەم چەوا ..!! بێ‌دڤی‌یە ئەز بخوباتیا خو بچم بەلێ پا ب چ رەنگ .دەمێ هشیار بوویم دەم سپێدە زوی‌یە. لەشەکێ خاڤ پڕچەکێ تز ناڤ جاڤ گرێ .. هزرەکا شێلی .. لێ تا نوکە مەندەهۆش‌و سەودا سەرم ، نزانم کا ئەو راست بوو یان ... خەونە !

بۆ. شەهیدان

شیعری : لۆرانس بنیۆن
وەرگێڕانی : کاروان

دەهۆڵە خەمگینەکان ئەکوترێن :
مەرگ زۆر سامدارو شکۆدارە
خەمیش لەئاسمانە هەمیشەیەکانا ،
گۆرانی ئەچڕێ‌و مۆسیقای کارەساتی تێدا لە هاژێن ئەدات .
سەرفرازییش لە نێوانی فرمێسکەکانا ، ئەدرەوشێتەوە .

× ● ×

لەتەك سروودەکانا ، بەرەو جەنگ بوونەوە :
لاوبوون ، خۆیان شەتەك دابوو
چاویان بەپاکی ئەبریسکایەوە
سەربەرزو ڕومەت‌سوورو دڵگەرم بوون
بەرەنگاری ناهەمواریەکان ئەبوون
کە مردیشن : ڕوویان لە دوژمن بوو

× ● ×

ئەوان وەکو ئێمە پیر نابن
نەفرەتی پیرەساڵان ، بێزاریان ناکات
لەگەردوگوڵی بەیان‌و لەگەڵ هەڵهاتنی خۆرا ،
یادیان ئەکەینەوە .
ئەوان جارێکی‌تر ، لەگەڵ هەڤاڵانیان پێناکەنن
لەسەرخوانی ماڵان دانانیشن .
ئێمەش لەکاروباری ڕۆژانەمانا ، زۆر بیریان لێ‌ناکەینەوە
ئەوان ، دوور ، لەوپەڕی کەنارەکانی ئینگلتەرەدا ،
خەو ئەیانباتەوە .

× ● ×

بەڵام کاتێ ، کە خواست‌و هیواکانمان ، هەڵدادان ئەدەن
وەك ئەو کانیاوانەی کە بەدی ناکرێن ، هەستیان پێ‌ئەکەین
ئەوان ، ناخی دڵێکن ، خاکەکەیان ئەیانناسێ
وەك چۆن شەو ، ئەستێرەکانی خۆی ئەناسێ

× ● ×

کاتێ کە ئەستێرەکان ، لە کاتی‌بوونمان بە خۆڵ،ئەدرەوشێنەوە
ئەوا پۆل‌پۆل لە بواری مافووری ئاسمانیا ، ڕێ‌ئەکەن
هەروەك چۆن ئەستێرەکان ،شەوزەنگەکانمان ڕۆشن ئەکەن
ئەوان ، ئاوا هەتاهەتایە
هەربەنەمری ئەمێننەوە

دیارە ئەرکی هەرە گرنگ‌و سەرەکی‌ی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاو کردنەوەی کوردی گەشە کردن‌و پەرە پێدانی ڕۆشنبیریی کوردی‌یەو هەنگاوی هەرە گرنگیشی ، کە بۆ هاتنەدی ئەم مەبەستە بنرێ ، دەستی یارمەتی درێژ کردنە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە بە سوودە کوردی‌یانە کە خاوەنەکانیان توانای بڵاوکردنەوەیان نی‌یە .

نا لەم ڕووەوە ، دەبێ ئەوەش ڕوون بکەینەوە ، کە زۆربەی وەخت تەنیا پێزی شێوەو ناومرۆك‌و هەندێ ڕوواڵەتی دیکەی هونەریی ماددە ، توانای خۆ سەپاندنی بڵاوکردنەوەیان هەیە . ئەگەرچی پێوەری ئەم کارە تا ڕادەیەك نیسبی‌یەو زۆر کارامەش تیایا بەشدارە ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز هیچ بڵاوکراوەیی جێگای‌رەزامەندیی هەموو لایێ نابێ !

ئێمە ناتوانین بە تەواوی ئەو وتەیە بەرینەوە دواوەو بڵێین ، نووسەری ناسراو هەمیشە جێگای لە پێشەوە نی‌یە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێین‌و خوێندەواران‌و [illegible]



باشە ڕۆژ بێ .

ئەوەی مەبەستی دەستنیشانکردن بێ لێرەدا ، تەنها وەڵامدانەوەیەکی کورتی بەرێزی کاك جیهان عومەرە کە وەختی خۆی لە گۆڤاری نووسەری کورد ، ژمارە ـ٥ـی ساڵی – ٨٠ – دا بە ناوونیشانی ڕوونکردنەوە گلەیی‌و بناشتی لێ کردووین .

ئەگەر ، وتارەکەی کاك جیهان بخەینە ژێر سەنگی محەکی ورد بوونەوەی چاوی جۆدارەوە دوو خاڵی سەرەکیمان بۆ دەر دەکەون: یەکەمیان،گوایا ناوی چیرۆکی [illegible]

ڕاستیانەمان دەستگیر بوون .

تایتلی چیرۆکەکەی کاك جیهان شێوەی ماتماتیکی وەر گرتووە ، بە تایبەتی ژمارەیێ کە تارمای هیچ بێ !

بۆیە پەڕینی ئەم تایتلە تەنها نووسەر خۆی بەرپرسە ، ئەگەر زانیمان دەبێ ناو بە ڕواڵەت قەوارەوە دەبێ

دیاریی بێ‌و ناسراویشی بێ! واتە دەبوایێ نووسەر – سیفر–ی لە جیاتی – ٠ – ی ماتماتیکی بەکار بهێنابایەو بەم جۆرە بینووسیایە – ئێزگەی پاسی ژمارە سیفر – نەك – ئێستگەی پاسی ژمارە ٠ –

دەربارەی لاپەڕە پەڕینی هەمان چیرۆك ، هەروەك نووسەر دەڵێ ، یاخود ونوویەتی ، تەنیا ئەوە دەڵێین : – ئایا ، ئەم چیرۆکەی کاك جیهان ، چەند لاپەڕەیە لە دەستنووسەکەیدا تاوەکو پەڕەی لێ فرتێنرێ !! –

دیارە هەڵەی ڕێنووسی خۆی لێی بەر پرسە ، [illegible]

بەم بۆنەشەوە هەنگاوی ناوەو وتەکەشی بە کردەوە کاری تێدا کردووە ، کەچی هێشتا هەر بەوو جۆرەش هەر هەڵەی چاپی ڕوویان داوە .

هەڵە چاپیەکان زۆر کەمن، ئەگەر بێت‌و سەر ژمێر بکرێن ، بەسەر لاپەڕەکاندا دابەش بکرێن ، هی وا هەیە بەرێ ناکەوێ ، جگە لە هەندێ ڕواڵەتی زماناسیانە کە خەبیر مافی ئەوەی هەیەو بۆی چاك کردووەو ئێمەش بە گوێیمان کردووە ، لاشم وایە کاك جیهان خۆیشی لەگەڵ ڕاستی خەبیر دایە ، بۆیە ئەم نموونەیەم هێنایەوە، نووسەر خۆی دەڵێ : – ئەی تۆ نام پەڕێنیتەوە لەو لافاوە . خەبیریش دەڵێ : – ئەی تۆ لەو لافاوە نام پەڕێنیتەوە ! –

بەم بۆنەیەوە داواخوازین لەو برادەرە نووسەرانەی کە بە تەمای ئەوەن بەرهەمی خۆیانیان بۆ بنێرن بە نیازی چاپکردن‌و بڵاوکردنەوەی کە بەرهەمەکەیان پێشانی نووسەری کارامەو [illegible] بدەن‌و بڵاو ڕێنووسێکی باوو بە خەتێکی ڕۆشن‌و ئاشکرا بۆمانی بنووسنەوە ئەوجا بۆمانی بنێرن ، زۆر سوپاس .

دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاو کردنەوەی کوردی

پاشماوەی دەقی تەواوی ووتەكەی سەرۆكی فەرماندە صدام حسین لە بەردەم كۆنگرەی ئیسلامیدا

ئەو كردەوە نالەبارانە دژی ریكەوتننامەی جەزایرو دژی هەموو بنەڕەتێكی راستو رەوان لە بنەڕەتەكانی پەیوەندیی سروشتی نێوان دراوسێ هەموو ئەو رووداوانەش لە یادنامەی رەسمی تۆمار كراون و داومانە بە حكومەتی ئێرانو هیوادار بووین كە گوێ بداتە ژیریو حیكمەتو یاسا .. ژمارەی ئەو یادنامە رەسمیانەی بۆ حكومەتی ئیرانی نێردراون دەربارەی ئەو دەستدرێژیانە گەیشتوتە (٢٩٢) یادنامەی رەسمی كەوا لەو فایلەدا دەیانبینن كە بە سەرتاندا دابەش كراوە .

لە مێژووی ٤ی ئەیلولی ١٩٨٠ دا لە زنجیرەی ئەو دەستدرێژیانە كاری پڕلە مەترسی پەرەی سەند ئەوەبو هێزە چەكدارەكانی ئیران تۆپی قورسی سەنگی ١٧٥ ملیمی ئەمەریكایی بە كارهێنا بۆ بۆمبابارانی شارە بێوەیەكانی عیراق ، بەم جۆرە شاری خانەقینو شاری مەندەلیو شاری زرباطیەو ناوچەی نەوتینی نەفطخانە درایە بەر تۆپبارانی دڕندانە .. زیانێكی زۆر لە سامانو مالی كەوت .

تۆپبارانێكی دڕندانەی چڕ

ئەوەی شایانی باسە ئەو ناوچەیەی ئەو تۆپبارانە چڕە دڕندانەیەی لێوە ئاراستەی شارە بێوەیەكانی عیراق دەكرا ناوچەی (زین القوس)و (سیف سعد)و (میمك) بوون كە بەشێكن لەو زەوییە عیراقییانەی ئیران داگیری كردوون دانی پێدا ناوەو ناویان لەهەموو ریكەوتننامە دەولەتییەكاندا هاتووە كە لە نێوان عیراقو ئێراندا بەستراون لەمانە رێكەوتننامەی سالی ١٩٧٥ .. وە لە نیوەڕوی رۆژی ٧ی ئەیلولی ١٩٨٠ بە هەمانشێوە تۆپبارانە دڕندانەكە دووبارە بووەوە ، لەو رۆژەدا وەزارەتی دەرەوە هەلسوڕێنەری كاروباری سەفارەتی ئیرانی لە بەغدا بانگ كردو یادنامەیەكی پێدرا كە تێیدا روونمان كردبووەوە كە كەرتە سوپاییەكانی ئێرانی دەستدرێژیان كردووە بۆ سەر چەند ناوچەیەكی هەرێمی عیراق یەكێك لەمانە بە نموونە نەك بە ژمارە ناوچەی (زین القوس)ە و داوای لێكرا كە بە حكومەتەكەی خۆی رابگەیەنێ كە ئەم دەستدرێژییە نەهێلێ بۆ ئەمەش سوپاكانی خۆی لەو ناوچانە بكێشێتەوە كە دەستدرێژیان كراوەتە سەر . كەچی هێزەكانی ئیرانی هەتا شەوی ئەو رۆژە هەر لە سەر تۆپ بارانی خۆیان بەردەوام بوون ، لە رۆژی دوایدا واتا لە روژی ٨ی ئەیلولی ١٩٨٠ جارێكیتر وەزارەتی دەرەوەی عیراق هەلسوڕێنەری كاروباری ئیرانی بانگ كردەوەو یادنامەیەكی دووەمی پێدرا كە تێیدا روونمان كردەوە كە هێزە چەكدارەكانی عیرانی بەپێی بە دەستەوە هێنانی مافی یاسایی خۆمان بۆ بەرگری كردنی رەوا لە خاكی وولات ناچاربوون داگیر كردنی ئیران لە ناوچەی (زین القوس) نەهێلنو زەوییەكانی عیراق وەربگرنەوە ، وە لەو یادنامەیەدا هیوامان دەربڕی بەلكو ئیرانییەكان سود لەو رووداوە وەربگرنو ئەو زەوییە عیراقییانەی لە ریكەوتننامەی سالی ١٩٧٥ دا جێگیر كراون بۆمان بگەڕێننەوە ، ئەوسا هەر دوو وولات لە تەومانی بەرەنگارییەكی فراوانتر دەپارێزن .. كەچی رۆژانی پاش ئەو مێژووە جارێكیتر كردەوەیەكی سوپایی چڕوپڕی هێزەكانی چەكداری عیراقیبان ذیت لە زەوییەكانی عیراقدا .. كە حكومەتەكەمان ناچاربوو هەلسووڕێنەری كاروباری ئیرانی لە ١١ی ئەیلولی - سەبتەمبەری ١٩٨٠ بانگ بكاتو یادنامەیەكی بە تەفسیلی بداتێ ، كە ئەم خالانەی تێدا روون كرابووەوە :

گوێیان بە یادنامەكانی ئێمە نەدا

یەكەم - لە ئەنجامی سەیركردنی كردەوەی ئیرانیو ئەنجامەكانیدا چەند شتێكمان بۆ دەركەوت ، لە پێشەوە ئەوەی كە سەركردایەتیی ئیرانی .. بە هۆی شلەژانی باری ئیرانو رێكوپێك نەبوونی دەولەتو مەعلوماتەكانی .. لەوانەیە نەزانیو لەوە ئاگادار نەبێت كە ئیران بە پێچەوانەی یاسای دەولەتیو ریكەوتننامە مۆركراوەكانی نێوان هەردوو وولات یەكێك لەمانە ریكەوتننامەی جەزایری سالی ١٩٧٥ بەراستی لە خاكی عیراقی تێپەڕاندووە .. جا ئەگەر ئەمە وابێت .. ئەوا ئێمە ئاموژگاری سەركردایەتی ئیران دەكەین كە لە دەزگاكانی كاربەدەستی سنوورو ریكەوتننامەكانی خۆی بپرسێت بۆ ئەوەی لە قسەكەی ئێمە دلنیا بێت تاكو دوای ئەمە لە سەر بناغەی زانین كاربكات نەك لەسەر بناغەی واهیمەو خەیال .

دووەم - سەركردایەتی ئیران دەبی بزانی تۆپبارانی شاری پڕ لە دانیشتووانی شاری هەروەكو قەزای خانەقینو مەندەلی تۆپباران كرد كارێكی ئاسان نییەو یاری كردن نییە بە زەبروزەنگ كە ئەوان جاروبار لە ناو ئیراندا خۆیانی پێدەخافلێنت . لێدانی شارەكانی عیراق كارێكی پڕ لە مەترسییەو دەبێ ئیران خۆی لێ بە دوور بگرێت .. ئەگەر نایەوێ پەیوەندی نیوان هەردوو وولات بەرەو مەترسی گلور بێتەوە .. كاربەدەستانی ئیرانیش هەر خۆیان لە بەردەم خوداو گەلانی ئیرانو رای گشتی جیهانیدا بەرپرسیارن لەو كردەوە دوژمنایەتیانەیاندا .

سێیەم - عیراق هیچ تەماحیكی لە زەوییەكانی ئیران نییە .. یادنامەكە تەواو . بەلام هەموو ئەو یادنامانە . ئێوە دەبینن لەو یادنامەیەدا كە هەرچەند دەستدرێژیی گەیشتە رادەی بۆمباباران كردنی شارانو بەكارهێنانی چەكی فرۆكەوانی ئیرانی بۆ لێدانی هێزە سوپاییەكانمان لەگەل ئەوەشدا یادنامەكە ژیرمەندیو حیكمەتی تێدا بەكار هێنرابوو هەولی ئەوەی دەدا كە زانینی كاروبارەكانی مێژوویی و یاسایی پێشانی ئیران بدات تا نەكەوێتە واهیمەوە .

بەلام هەموو ئەو یادنامە دبلوماسییانە نەچوو بە گوێی فەرمانڕەواكانی ئێران .. چونكە وەلامیان وەرنەگرتەوە ، تەنیا یەك وەلام نەبێت كە پڕبوو لە جوێنو هەڕەشەو هەڕوگیفو پێش رۆژی ٩/٢٢ پێماندرا .

ئێران پێی لە هەلوێستی دوژمنانەی خۆی هەلبڕی .. بە هیچ جۆرێك رێزی رێككەوتننامەی سالی ١٩٧٥ی نەگرت ، بەلكو بە تەواوەتی بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەوەبوو لێپرسراوانی ئیران زیاتر لە جارێك ووتیان كە ئەوان ددان بەم رێككەوتننامەیەدا نانێنو وا باسی دەكەن كە لە بەرژەوەندیی ئیراندا نییە .

ئەوان ، بۆ وێنە ، وەلامی یاد داشتنامە رەسمییە دەستنووسەكەی عیراقیان نەدایەوە لە ٢٧-٦-١٩٨٠ كە تێیدا بە ووردی لێمان پرسین ئایا ئەم رێككەوتننامە واتە رێككەوتننامەكەی ١٩٧٥ لە نێوان هەردوو وولاتدا ماوەتەوە یان هەلوەشاوەتەوە .

ئێران رێككەوتننامەكەی جەزایری هەلوەشاندەوە

لە بەرانبەر هەموو ئەم بەلگە ڕوونانەدا حكومەتی كۆماری عیراق هیچ شتێكی لە بەردەمدا نەمایەوە - ئاشكرایە وەلامی یاد داستنامەكەیان نەدایەوە هەروەها لە بەرانبەر هەموو ئەم بەلگە ڕوونانەدا بۆ كۆماری عیراق دەركەوت كە حكومەتی ئێران بنەماكانی چارەسەركردنی سەرتاپاگیریی پێشێل كردن كە لە رێككەوتننامەی ١٩٧٥ دا هاتوونو لە لایەن خۆیەوە هەلیوەشاندووەتەوە .. لەبەر ئەوە حكومەتی عیراق لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٨٠ بڕیاری دا رێككەوتننامەی ناوبراوو ئەو رێككەوتننامانەی بە دوویدا هاتنو پشتیان بەو بەست لەلایەن عیراقەوە بە هەلوەشێنراو دانرێت پاش ئەوەی ئێران بە كردەوەو بە قسە هەلیوەشاندەوە .. بەگوێرەی ئەوەی لە بەندی (چوارەم)ی ئەو رێككەوتننامەیەو مادەی چوارەمی پەیمانی سنووری نێو دەولەتیو چاك دراوسێتیدا هاتووە كە رێككەوتننامەی ناوبراو پشتی پێبەستوون .

ئەوەبوو عیراق داوای لە دەستەلاتدارانی ئێران كرد ئەم بارە نوێیە قبوول بكەنو بە شێوەیەكی ئاقلانەو دانایی بەرانبەر رەفتار كردنی عیراق لە دەستەلاتی خۆیو مافە رەواكانی خۆیدا لە تەواوی ناوچەی خاكو ئاوی خۆی لە شط العربدا رەفتار بكەن .

ئەوەبوو خودی خۆم لەو بۆنەیەدا رامگەیاند كە ئێمە ئارەزوو ناكەین هیچ جەنگێك لەگەل ئێراندا بكەینو ئاماتجمان فراوان كردنەوەی بازنەی ناكۆكی نییە لەگەلیدا لە دەرەوەی سنووری سەندنەوەی مافە رەواكانی عیراق خۆی لە دەستەلاتی ناوچەیی خۆیدا .. هەروەها عیراق هیچ تەماحێكی ناوچەگەریی لە ئێراندا نییە .. بەلام حكومەتی ئێران ناكۆكییەكەی پەرە پێدا ئەوەبوو هەر لە رۆژی نۆزدەی ئەیلولەوە دەستی بە لاروباری بۆردمان كردن كرد بە تۆپی قورسو فرۆكە لە كۆمەلە نیشتەجێییە پڕ دانیشتووەكانو دەزگا گرنگە ئابوورییەكان لە عیراق داو كەشتییە بازرگانییە عیراقیو بێگانەكان كە دەهاتنە ناوو دەچوونە دەرێ لە شط العربو قەنالی كەشتیڕانی لەو رووبارەداو لە دەروازەی كەنداوی عەرەب هەروەها مەبەستی هێزە سوپاییەكانی عیراق بوو .. هەروەها دەستەلاتدارانی ئێران بەستنی ئاسمانی ئێرانیان لەبەردەمی فرۆكەوانیی مەدەنیدا ڕاگەیاندو بەستنی تەنگەی هرمزیان ڕاگەیاند لە رووی كەشتیڕانیی عیراقدا بە پێچەوانەی یاسای نێو دەولەتیو نەفیری گشتییان ڕاگەیاندو هێزی سوپاییان بە زۆری لەسەر سنوور كۆ كردەوەو دەستیان بە كارێكی سوپایی فراوان كرد بە ئاشكرا هێزە نیزامییەكانیان بەكارهێناو .. هێزە چەكدارەكانی ئێران چوار بەیاننامەی سوپاییان دەركرد دەربارەی چالاكییە سوپاییەكانیان كە لە رۆژی ١٨-٩-١٩٨٠ وە لە ئێزگەی تارانەوە بلاو كرانەوەو لە بەیاننامەی سێیەمدا كە لە رۆژی ١٩-٩-١٩٨٠دا دەرچووە ئێران ووتوویەتی كە هێزی ئاسمانیی لە كارە سوپاییەكانی خۆیدا بەكارهێناوە .. لە بەیاننامەی چوارەمدا كە لە رۆژی ١٩-٩-١٩٨٠دا دەرچووە دەستەلاتدارەكانی ئێران بە لووت بەرزییەوە ڕایان گەیاندووە كە ئاگریان لە بیرەكانی نەفتخانە بەرداوە لە عیراقدا .. ئەمانە هەمووی بەر لە رۆژی ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ روویان دا . كە هەندێك بە سەرەتای دەست پێكردنی جەنگی دادەنێن لە نێوان عیراقو ئێراندا لە كاتێكدا سەرەتای رۆژی ٤-٩ واتە ٤ی ئەیلولی ١٩٨٠ بوو وەك چۆن لە هەموو ئەم رووداوانەدا روون كراوەتەوەو وەك چۆن لە بەیاننامە سوپاییەكانی ئێراندا دیاری كراوە كە لە لووتبەرزیو هەڕەشەلێكردنەوە بلاو كراونەتەوە .

عراق بەرگریی لە مافە رەواكانی خۆی كرد

بەرانبەر بەم كردەوبانە لە رۆژی ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ بەیاننامەیەكمان دەركرد تیایدا دەسەلاتدارێتی حوكم لە ئێراندا ووریامان كردەوە لە ئەنجامی خۆشكردنی ئاگری جەنگو بۆمباردومانی كوێرانەو .. دەسەلاداریتی ئیرانمان بەر پرسیار كرد لە هەموو ئەمە .. هەروەها حكومەتی عیراق لەو بەیاننامەیەدا روونی كردەوە كە ئەو كردەوەیانەی ئیران بەرامبەر عراق كردی ناچاری كرد ئەو لێدانە كوشندەیە لە ئامانجە سوپاییەكانی ئێران لە ناو خاكی ئێراندا بوەشێنێت بۆ پاراستنی ئاسایشو هێمنی عیراقو بەرژەوندە زیندووەكانی .

بەم جۆرە عراق ناچار بوو مافی رەوای خۆی بۆ بەرگری كردن لە مافە رەواكانیدا بە كار بێنێت بەپێی یاسای دەولەتانەوە بۆ بەر پەرچدانەوەی دەستدرێژی كەر. برایان كاتێك كە شەڕ بەرپا دەبێتو پێویستە لە ناو خاكی عیراقدا ببێت وازی لێ بێنن با لە ناو خاكی ئیراندا روو بدات .. كاتێكیش كە ئێمە دەلێین هێزە سوپاییەكانمان لە خاكی ئیراندا ناكشێنەوە تا ئیران دان بە كۆتایی هێنان بە حالەت شەڕ دەنێتو دان بە مافە رەواكانمان دەنێت بەپێی ئەو رێكەوتننامانەی كە لە نێواندا مۆر كراوە .. لەبەر ئەوەیە كە ئێمە دەمانەوێت پارێزگاری ئاسایشی عیراق بكەینو نامانەوێت بێ ئەوەی ئەو بیروباوەڕاتە مسۆگەر نەبێت بكشێینەوە دواوەوئینجا ئیران بە دووروودژمەوە بێتو شەڕەكە لە ناو خاكی عراقدا رووبداتو هەموو دەزگا ئابووریو شارستانییەكانی ئێمە وێران بكات بۆ ئەمە رێگەی پێنادەین .

برایینە ..

لەوەی كە باسكرا دیارە كە ئیران بوو شەڕی دژی عراق بەرپاكرد لە رۆژی ٤ی ئەیلولی ١٩٨٠داو لە دوایشدا بە چەند رۆژێك ئاگری شەڕەكەی خۆش كرد .. كاتێكیش كە عیراق ناچار بوو ئەو خاكەی كە بە نارەوایی لەلایەن ئیرانەوە داگیر كراوە بستێنێتەوەو لە (زین القوس)و (سیف سعد) و(میمك) خاكی تری عیراق دەر بكات سنوورو مافە رەواكانی ئیرانی پێشێل نەكردووە .. سەرەڕای خۆشكردنی ئاگرو شەڕو بەرەپێدانی لە لایەن ئیرانەوە . . عراق بە درێژایی ئەو ماوەیە لە ١١ی ئەیلولو تا ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠دا ئارامی گرتو نەچووە ناو خاكی ئیرانو.. دان بە خۆمانەوە گرت تا وەكو ئیران دەستدرێژی خۆی فراوان كرد تا رادەیەك (شط العرب) كە بەتەتاكەرێكەی نیشتمانی ئاویمانە بۆ ناوەدەریا داخستو بەرژەوندییە ئابوورییەكانمانو شارەكانمانی دایە بەر تۆپو بەتایبەتیش دەزگاكانی نەوتمانو بەندەری هرمزی بەرانبەر كەشتییەكانمانی داخست . لە دوای ئەوەی كە بەلگەی ئاشكراوە بۆمان دەركەوت كە ئیران نیازی دەستدرێژكردنێكی فراوانترەو عراق كەوتۆتە مەترسییەكی گەورەیەكی سوپایی گەورەوە لە لایەن ئیرانەوە .. ناچار بووین جارێكی تر لەو مێژووەدا بەرگری لە خۆمان بكەین بەوەی كە پال بە هێزە سوپاییەكانی ئیرانەوە بنێین بۆ ناو خاكی خۆیاندا بۆ ئەوەی شارو دانیشتوانو بەرژەوندییەكانمان لەو دەستدرێژییە نارەوایە دوور بێتو لە نەمان رزگاری بێت .

ئەوەی داوای دەكەین مافە رەوانیشتمانییەكانی خۆمانە

ئەوەی داوای دەكەین مافە رەوانیشتمانییەكانی خۆمانە

ئەو كردەوەو رەفتارانەی كە فەرمانڕەواكانی ئیران كردیان ریكەوتننامەی جەزایر هیچی لێ نەماو .. رێكەوتننامەكە بە قسەو كردەوە بەگیانو دەقەوە هەمووی هەلوەشایەوەو .. شتێكی سەیرشە كە دوای تێپەڕبوونی مانگێك بەسەر شەڕەكەداو لە رۆژی ٤ی ئەیلولی ١٩٨٠دا گەڕانەوە بۆ دەقەكانی پەیمانی ١٩٧٥ كە پەیوەندی بە چارەسەركردنی ناكۆكیو لە مادەدە شەشی ئەو پەیمانە نووسراوە زیندوو بكاتەوە .. ئەو دەقە پەیوەندی بە چارەسەركردنی ناكۆكی نێوان هەردوو لاوە هەیەو هەردوو لا دەبێت رەچاوی بكەن ئەگەر بێتو لە ئارادا بێت .. ئەمە لە رووی مەنتقیو یاسایەوە ماقوول نییە ئیران لە لایەن خۆیەوە پەیمانەكە هەلبوەشێنێتو دەستدرێژی بكاتو ئینجا بەنا بباتە بەردەقێكی پەیمانەكە لە حالەتی جێبەجێكردنیدا كە گوایە ئیران ئیلتیزامی پێوە كردوە .. قسەكردن بە پێچەوانەی ئەو رایە لە رووی جەوهەرییەوە شتێكی پڕ مەترسییە ئەویش ئەوەیە كە ناكۆكی لەوبەندانەی كە باسی مەسەلەكە دەكەنو مادە چواری ئەو پەیمانە هەیە كە لە پەیمانی جەزایردا هاتووەو بۆتانم روون كردەوە .. واتای ئەمە ئەوەیە كە ریكەوتننامەی جەزایرو پەیمانەكە لەوە رووت بكرێنەوە كە چارەسەرێكی تەواو بۆ مەسەلەكە دادەنێنو نابێت لە یەك بكرێنەوە چونكە تەبیعەتێكی سیاسیو یاساییان هەیە .

براینە ئا بەم شێوەیە شەڕ لە نێوان ئێمەو ئیراندا تەوماو سەرەڕای هەموونەو راستییە تالانە .. عیراق هاریكاری كرد لەگەل ئەو هەولانەی كە لەلایەن دەولەتانەوە نرا بۆ چارەسەركردنی ناكۆكیو وەستاندنی شەڕ ئەوە بوو لە رۆژی ٢٨ی ئەیلولی ١٩٨٠دا داوای ئاشتیمان كرد لەگەل ئیرانداو ...

رامان گەیاند ئەوەی كە داوای دەكەین سەندنەوەی مافە رەوانیشتمانییەكانمانە لە خاكو ئاومانەوەو ئامادەیی خۆمانمان دەربڕی بەرانبەر كێشانەوەی تەواوی هێزەكانمان لە خاكی ئیرانداو بنیادنانی پەیوەندی تەبیعی لەگەل ئیراندا لەسەر بناغەی ریزگرتنی سەربەخۆییو دەستتێوەرنەدان لە كاروباری ناوخۆی هەردوو لاوە .. هەروەها بڕیاری (٤٧٩)ی ئەنجومەنی ئاسایشمان لە رۆژی ٢٨ی ئەیلولی ١٩٨٠دا دەرچوو قبوولمان كردو لەلایەن خۆمانەوەو بە تەنیا رامان گەیاند كە لە (٥)ی تا ٨ی تشرینی یەكەم لەسەر داخوازی جەنابی سەرۆك محمد ضیاء الحق سەرۆك كۆماری پاكستان كە هەولی برایانە دەداتو بەو پێیە كە سەرۆكی كۆنگرەی ئیسلامییە شەڕ بوەستێنین بێ ئەوەی لەوتارەكەیدا باسی ئەمە بكات .. بەڕێزان مەترسیدارترین كردەوە ئەوەیە كە لایەنێك لە لای خۆیەوە دەست پێشكەری لە وەستاندنی شەڕ بكات .. سوپای عیراقی لەگەل سوپای ئیراندا لە گەرمەی شەڕدا بوو بەلام كاتێك كە بەڕێز سەرۆك ضیاء الحق داوای دەست پێشكەری كرد لە لایەن عراقەوە وەتمان دەستپێشكەرییەكی بە سۆزی برایانەیە بۆ نەتكانی ئابرووی ئێران رازی بووینو ووتمان ئێمە نامانەوێت گەلو سوپای ئیران مل كەچ بكەین بەلام قبوول ناكەین هیچ كەسێك گەلو سوپامان مل كەچ بكاتو سەربەخۆییو ئاسایشمان پێشێل بكات بەم جۆرە سەرەڕای بەرهەلستی كردنی هەندێ لە برایان لە سەركردایەتیدا لە یەكەم جارەوە بۆ ئەم كردەوەیە ئێمە لەسەریا ریكەوتینو رۆژێك پێش جێبەجێكردنی ئێمە جێبەجێمان كرد ..

هەرچەندە ئیران بە شێوەیەكی رەسمی راگەیاند كە رەفزی دەكاتو ئەمە قبوول ناكات ئێمە بەو ماوەیەو بەو سەعاتەی كە بۆ وەستاندنی شەڕ دەستنیشان كرابوو ئیلتیزامان كرد .. بەلام كاتێك كە ئیران ئەمەی بە هەل زانی بۆ هێرشێكی بەرانبەر .. كارێكی سروشتییە كە وەستاندنی شەڕ شتێكی زانستیو راست نییە .

بەلام ئیران ئەم نیازە دلسۆزەمانی بە هیچ نەزانی بەلكو لە دەستدرێژیو لووت بەرزیو قسەی دوژمنایەتی بەردەوام بوو لەمەش زیاتر هەندێ لایەن ئەو نیازەی ئێمە وایان بۆ لێكدایەوە كە ئامادەیی عراق بۆ بنیادنانی ئاشتیو ووستاندنی شەڕ لەلایەن عراقەوە لە زەبوونیی عراقەوە زیاتر نییەو بە هیوای ئەوە بوون بە هێزی سوپایی چارەسەرێك بۆ مەسەلەكە بدۆزنەوەو واقیعێكی نوێ بەسەر عراق بسەپێنن پێچەوانەی سەربەخۆییو ئاسایشو بەرژەوندییەكانی گەلەكەی بێت .

شەڕمان كرد بۆ بەر پەرچ دانەوەی دەستدرێژی

بۆ هەموو ئەوانەی كە هەولی وەستاندنی شەڕو دۆزینەوەی چارەسەرێكی ئاشتیانە بۆ مەسەلەكە دایان دووپاتمان كردەوە كە ئێمە شەڕمان كرد بۆ بەر پەرچدانەوەی دەستدرێژیی ئیرانیو لە پێناوی مافی رەواداو . مەبەستمان سەندنی ئەو مافانەو گەیشتنە چارسەرێكی عادیلو شەریفانەیە بۆ ناكۆكییەكەو دوور خستنی خرابە لەسەر بەخۆییو گەلەكەمانەوە .

هەروەها دووپاتمان كردەوە كە پێویستە مەبدەئی نابێت بە زۆریی دەست بەسەر خاكی هیچ دەولەتێك بگیرێت لە نێوان پەیوەندیەكانی ئیرانو عراقداو لە نێوان ئیرانو نەتەوەی عەرەبدا لە ئارادا بێت .. ئەو خاكو مافانەی كە ئیران بەزەبری زۆرداری داگیر كردوە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خاوەنە شەرعییەكانی ئەمە مەبدەئێكی چەسپاوە لە مەبدەئەكانتانەوەو مەبدەئێكی چەسپاویشە لە مەبادەئەكانی یاسای دەولەتانو مەبدەئێكی چەسپاویشە یاسای ئاسمانو لە شەریعەتی زەمیندا .. عراق تەواو ئامادەیە بۆ گەڕاندنەوەی خاكی ئیران كە لە شەڕدا داگیری كردوە .. بەمەش چارسەرێكی عادیلو شەریفانە دێتە دیو .. دەبێتە هۆی دروست بوونی بارودۆخێكی لە بار بۆ بنیادنانی پەیوەندیەكی سروشتی لە نێوان ئیرانو عەرەبو عراقدا هەموویان .. كە دوور بێت لە نیازی فراوانیو كردەوەی دەستدرێژیانەو لە پێناوی خولقاندنی بارودۆخێكی لە بار بۆ دەولەتەكانی ناوچەكەو لە پێناوی پەرەپێدانو بەرەسەندنیو مسۆگەركردنی ئاسایش لە ناوچەكەداو . . رەخساندنی بارودۆخێكی لە بار بۆ سەربەخۆیی حەقیقی دەولەتەكانیدا .

ئێمە لە شوێنی بە هێزەوە نە وەك لە زەبوونییەوە دووپاتی ئەو بیروباوەڕانە دەكەینەوە بەلام توانای عادیلو بەبیروباوەڕەوە نە وەكو توانای دەستدرێژیی نارەواوەو سەر لە نوێ نیازیی تەواو ئامادە بوونمان دەخەینە روو بۆ هاریكاری كردن لەگەل هەموو دەستە دەولەتییەكانو لە نێوانیشیانەوە كۆنگرەی رێكخراوی موسلمانەكاندا .. بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجە شەریفە .. عیراق نەبوو كە دەستی بەو شەڕە كردو حەزیشی ناكات بەردەوام بێت .. فەرمانڕەكانی ئیران بەرپرسیارن لە بەرپاكردنی ئەم شەڕەو .. بەردەوامبوونی هەروەها بەرپرسیارن لەو كارەساتانەی كە تووشی ئیرانو گەلانی ئیسلامی دەبێت .

بەو لیژنەیە رازی بووین كە برامان ضیاء الحق پێشنیاری كرد لە سەرۆكی دەولەتە موسلمانەكانەوە پێك بهێنرێت بێ ئەوەی لە ووتارەكەیدا باسی بكاتو لە دەست پێشكەری نەتەوە یەكگرتووەكانیش رازی بووینو بە هەموو لایەنێك بۆ مافە رەواكانی خۆی رازی بووینو هەروەها رێكەوتین كە هیچ لایەنێك دەست نەخاتە ناو كاروباری ناوخۆی دەولەتی ترەوە چ ئیران بێت چ عیراقو چ وولاتەكانی تری عەرەبەوە بێت .

ئیسلام داوای ناكۆكیو بەیەكدا هەلپژان نادات

برای سەرۆكی كۆنگرە .. براینە ..

ئیسلام داوای ناكۆكیو بە یەكدا هەلپژان نادادتو ریگە بەپێشێلكردنی پەیمانو بەلێن نادات ..

ئەگەر چی رێكەوتننامەی جەزایر بەو دۆخەی كە باسمان كردن بەسەرماندا سەپێنرا ، بەلام ئەگەر بهاتایەو فەرمانڕا تازەكانی ئیران ئیلتیزامیان بە رێكەوتننامەی جەزایر بكردبانایە ئێمە لەلای خۆمانەوە ئیلتیزاتمان پێوە دەكرد نە وەكو لەبەر ئەوەی بەبێ چوونمان ئەو رێكەوتننامەیە راستە نەخێر بەلام لەبەر ئەوەی ئێمە مۆرمان كردو ئێمە ریزیپەیمانو بەلێنی دەولەتان دەگرین .. بەلام كاتێك كە بەڕێزان فەرمانڕاوەكانی ئیران پێ لە رێكەوتننامەی سالی ١٩٧٥دا ناگەڕانەوە بۆی شتێكی مەحالەو هەرگیز نابێت .

ئیسلام داوای ناكۆكیو بەیەكدا هەلپژانو پێشێلكردنی مافو پشتگوێ خستنی پەیمانو بەلێنو دەستدرێژیكردن ناكاتو .. هەروەها بڕیار لەسەر خۆشكردنی ئاگری شەڕو ناكۆكیو دوژمنایەتیو بەكارهێنانی هێزو توندوتیژی بەرانبەر بە ئیسلام بەبێ هۆ نادات دووبەرەكیی خستنە ریزی موسلمانەكانو بیروڕایان فڕی بەسەر ئیسلامەوە نییە . ئاینی پیرۆزی ئیسلام داوای چاكەمان لێ دەكاتو فەرمان پێ دەكات كە خراپە نەكەینو حەقی هەموو یەكێك كە حەقی رەوای خۆیەتی بدەینیو .. هیچ یەكێكمان دەستدرێژی نەكاتە سەر ئەوی تر .. فەرمانمان پێ دەكات كە پارێزگاری دراوسێی خۆمان بكەینو ریزی مافەكانی بگرین نە وەك بەزەبروزەنگ خاكەكەی داگیربكەینو خوێنی رۆلەكانی بە ناحەق بڕێژین .

پێغەمبەری مەزن محمد درودی خوای لێ بێت كە دوا پێغەمبەرەو پێغەمبەری تری بە دوایدا نایەت وەكتێبی خوا ئاشكرایەو .. سونەتی پێغەمبەر ئەصحابەكانیشی ئاشكرایەو بیروباوەڕی ئەم ئاینە پیرۆزە وەكو رۆژ ئاشكرایەو كە پێغەمبەرێتی تازە نییەو .. وصایە لەسەر موسلمانەكانەوە نییەو لە نێوان موسلمانێكو خواكەی هیچ شتێكی تر لە كتێبەكەیو سونەتی پێغەمبەرەكەی زیاتر نییە .

هەلی ئاشتی هێشتا هەر هەیەو ئێمە بە تەنگییەوەینو .. توانای نەهێشتنی ململانێ لە نێوان موسلمانەكاندا ئەویش هەر هەیە ئەگەر پەنامان بردە حەق .. بە مەرجێك كە لە رقو كینە دوور بینو بگەڕێینەوە بۆ عەقل بێ ئەوەی بیر لە رەگەزپەرستیو چاوچنۆكی بكەین .

براینە لە دوای ئەمە هەموو منبەشێكم لە نێوە لەو كۆنگرەیە بەڕێزەو ئەوەی كۆنگرەكە بڕیار لەسەر بدات ئەوە منبەشێكم لەو بڕیارەو با ئاشكرا هەر وەكو لە كۆنەوە باسمان كردو دووبارەمان كردەوە كە ئێمە حەز لە ئاشتی دەكەین نەك لەبەر ترسلو زەبوونییەوە بەلكو حەزێكی ناخی مرۆڤایەتیو هوشیاریو دنیادبەیمانە بەرەو چاكەو دەربڕینی بیروباوەڕەكانی ئاسمانە كە داوای ئەو رێگەیە گرتنە بەر دەكات . لە خوا داوا كارین كە هەموومان سەر بخاتو رابەرمان بێت بۆ گرتنی رێگای راست .

والسلام علیكم ورحمة الله وبركاته .

Institut Kurde de Paris

دەزگای نیشتمانی بەڵگەنامە

نیشانەیەکی زانیاری و شارستانی وڵاتەکەمانە

سەرگوڵ تەیمور

مەسەلەی پاراستنی بەڵگەنامەی مێژووی ئەوقۆناغانەی هەر وڵاتێکی پیا تێدەپەڕێ یان بەڵگەی‌زیندوی شارستانیەتی هەرنەتەوەیەك ساغ دەکاتەوە ، لەم چەرخە تازەیەدا یەکێکەلەو ئەرکانەی تێکەڵ بە بابەت‌و ئەرکە گرنگەکانی زانستی‌و زانیاری ژیانی ئەو نەتەوەیە بوە ، لەبەر ئەوە لە وڵاتەکەی ئێمەشدا ، کە لای هەمووان ئاشکرایە ، کە وەڵاتەکەمان لەسەرەتای مێژووەوەسەرچاوەی شارستانیەتی گراوەکانی پێشو ئاوڕیان لەمرۆڤایەتی بوە ، رژێمە گۆڕ‌پاراستنی ئەو بەڵگە نامە مێژوویانە نەداوەتەوە ، تاله شورشی (١٤ رەمەزانی١٩٦٣) دا ئەم هەنگاوە نراو بەدوای شورش (١٧ - ٣٠ تەموزدا) ئەم مەسەلەیەبایەخی زیاتری پێدراو دەزگای نیشتمانی بەڵگەنامەئێستا یەکێکە لەو دەزگایانەی کە بایەخێکی زانستی‌و شارستانیەتی گەورەی هەیە.

جا دەربارەی ئەم دەزگایەو جۆری ئیش‌وکارەکانی نەخشەی ساڵی داهاتوی بەڕێز مامۆستا سالم ئالوسی ئەمینداریٚ گشتی ئەم دەزگایە وتی :-

ئەم دەزگایە دوای شۆڕشی ١٤ ی رەمەزانی ١٩٦٣ بەپێی یاسای ژمارە ١٤٢ ی ساڵی ١٩٣٦ دامزراوە لەبەر گرنگی ئەرکەکانی پەیوەندی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بووە لەبەر ئەوەی هەموو چەشنە دەزگایەکی لەم بابەتە لە هەموو جیهاندا بەستراون بە لایەنێکی بەرزی دەوڵەتەوە ، بەڵام بەهوی، ئەو کۆسپانەوە کە هاتە ریگامان ، لە رووی کادری زاناو تێگەیشتووە لەم بوارەدا ، بریار درا بۆ ماوەی پێنج ساڵ ببەستریٚ بە زانکۆی بەغداوە ، لە کاتێکدا کە پێنج ساڵەکە تەواو بوو ، بۆ جارێکی تر یاسایەکی نوێی بۆ دەرچوو (٥٥ ی ساڵی ١٩٦٩) و بەو جۆرە بوو بە دەزگایەك لە دەزگاکانی وەزارەتی

مامۆستا سالم ئالوسی

رۆشنبیری‌و راگەیاندن .

● **دەربارەی ئیش‌وکار ئەتوانم بەم‌جۆرەی خوارەوە بەشی بکەم :**

١ - راهێنان‌و ئامادەکردنی کادری بەڕێوەبردن بۆ راپەڕاندنی ئیش ، بەگوێرەی پێویستی ئەم دەزگایەو هەروەك چۆن لە جیهاندا کار بەسەر دەبرێ .

٢ - بەکارهێنانی ئامێری تازە لەم دەزگایەدا .

٣ - بە دواداچوونی جێ‌بەجێ کردنی بنایەتی دەزگاکە کە بریتی دەبێ لە سێ بینا بۆ دەزگاکەمان‌و بەڵگەنامەی عەربی لەگەڵ ئامۆژگای بەڵگەنامەکان .

٤ - کۆ کردنەوەی زەمانی پاشایەتی کۆن‌و ئامادە کردنی بلوگرافیا بۆ بەرهەمە جۆربەجۆرەکانی .

٥ - وەرگێرانی هەندێ بەڵگەنامە ، کە بە زمانی بێگانە نوسراون‌و لەمانە بەڵگەنامە تورکیەکانی (عوسمانی) .

٦ - گەڕاندنەوەی هەندێ بەڵگەنامەی عیراقی لە تورکیاو ئینگلتەرە کە دەگەرێتەوە بۆ کانێ عیراق لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەو دوو دەوڵەتەدا بوو .

٧ - بڵاو کردنەوەی پێرستێك بەو شتانەی کە لەم دەزگایەدان .

هەروەها کتێبخانەی بەڵگەنامەمان ئەم جۆرە ئەرکانەی گرتۆتە ئەستۆ جیا کردنەوەی ئەو کتێب‌و گۆڤارانە کە ئێستا کەلکیان لێ وەرناگیریت کۆ کردنەوەی کتێبی وەسائقی کۆن‌و ئامادە کردنی بلوگرافیایەك بۆیان.

● **چۆن خزمەت گوزاریٚ پێشکەش لێکۆڵەرەوەکان دەکرێ ؟**

- ئێمە هەمیشە ئامادەین بۆ یارمەتی هاووڵاتیان بەڵام هەندێ شتومەکی تایبەتی هایە دەبێ روون بکرێتەوە بەیوەندی بە ژیانی تایبەتی خەلکەوە هەیە یان نهێنی‌یەو نابێت خەلك پێیان بزانێ لەبەر ئەوە دەبێ بزانین بۆ چ جۆرە پێویستی‌یەکی‌و تا چ رادەیەك کۆمەڵ کەلکیان لێوەردەگرێ پاشان دەبێ پێویستیەکانی دەست نیشان بکرێ .

● **چۆن ئەم بەڵگەنامانە دەپارێزن‌و تا چ رادەیەك ئامێری تازەتان بەکار هێناوە بۆ یارمەتی دانی کاربەدەستانی ئەم دەزگایە ؟**

- هەندێ لەم بەڵگەنامانە زۆر کۆن‌و هەندێکی تریشیان زۆر گرنگەن‌و بەردەوام بەکاردێن ئنجا تارادەیەك زیانیان پێدەگا ، ئێمەش لەلای خۆمانەوە بەشێکی تایبەتیمان هەیە کە ئیش‌و کاریان هەر چاکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەیە بە رێگایەکی تایبەتی کە کار ناکاتە سەر بەهای ئەو بەڵگەنامانە .

دەربارەی ئامێری تازەش بەشی مایکروفلم بەشێکی سەربەخۆیەو لە هەلگرتنی بەڵگەنامەدا یارمەتیمان دەدا چونکە زۆر جێگا ناگرێت هەروەها بەشێکی تایبەتی وێنەی فوتوگرافی‌و پاراستنی **بەڵگەنامە لە مارو مێروو مۆریانە هەیە .**

- بەشێوەیەکی گشتی حەز ئەکەین دەربارەی گرنگێتی ئەرشیف لە ژیانی نەتەوەکاندا شتێکمان بۆ روون بکەنەوە ؟

- مەسەلەی پاراستنی بەڵگەنامەو رێکخستنی شتێکی سەرەکی‌یە لە کاروباری شارستانیەدا هەروەها ئاوێنەی رەنگدانەوەی شارستانیەتی نەتەوەکانە هەندێ جاریش بە یاداشتەکانی نەتەوە ناو دەبرێت جگە لەوەیش کە سەرچاوەیەکی سەرەکی‌یە بۆ نوسینی مێژوو .

ئەتوانین بڵێین مەسەلەی بایەخدان بە دەوری ئەرشیف لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە بەستراوە بە بڵاو بوونەوەی بیروباوەری نەتەوەی‌و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەو بەتایبەتیش لە سەدەی رابردوودا چونکە بەڵگەنامە ئەو هۆیەکەحقیقەتی نەتەوەو بوون‌و یەکێتی مێژوو خەباتەکەی دووپات دەکاتەوە. ئالەو بۆ چوونەوە نەتەوەکان دەستیان کرد بە بایەخدان بە دەوری پاراستنی بەڵگەنامە مێژوویەکان‌و قوتابخانەو ئامۆژگای تایبەتی بە زانستی ئەرشیف دامەزران بۆ زیادکردنی شارەزایی ئەو پسپۆرانەی کە تیایدا کاردەکەن‌و بەکار هێنانی رێگای تازە لە بەرێوەبردن‌و پاراستنی ئەم بەڵگەنامانە .

پیشانگەیەکی فوتوگرافی لە سلێمانی

فریا عبداللە حسین
نوسینگە سلیمانی

به بۆنەی شەست‌هەمین بیرەوەری دامەزراندنی سوپای عێراقی‌و وە دەست‌هێنانی سەرکەوتنەکانی‌دا بە سەر هێزی داگیرکەری فارسی‌دا، رێکخراوی نەوجەوانان بە هلویکاری مەڵبەندی چاودێری زانستی لە پارێزگای سلێمانی سێهەمین پێشانگەی فوتۆگرافیان لە هۆڵی یانەی وەرزشی کرێکاران ساز کردوماوەی چەند رۆژێکی حایاند .

ئەمەش لە لایەن هاوڕێ علی ذیاب جێگری ئەمینداری نهێنی نوسینگەی قوتابیان‌و لاوانەوە کرایەوە کە (٥٠) تابلۆی جۆربەجۆری گرتبوە خۆی ... لەوانە تابلۆی ژمارە (١٥) کە بریتی‌یە لە دەستکوتەکانی خومەینی کە لە کەللە سەری مردوو فیشەك‌و بابەتەکانی تری جەنگ پێك هاتبوو .

هەروەها تابلۆی ژمارە (٤١) بە ناوی ئێوارەی سەرچنار کە لە رووی هونەری - یەوە شایانی بە ئەمەو تابلۆی ژمارە (٢٠) کە هەوڵو کۆششی لە پێناوی خواردن‌و ژیان‌دا پیشان ئەدا لەگەڵ چەندەها تابلۆی‌تر‌دا دەربارەی پیشە میللی‌یەکان‌و هەڵس‌و کەوتی باری کۆمەڵایەتی‌و ناوچە سروشتی‌یەکان لە کوردستان‌دا . شایانی باسە ئەمانەش زوربەیان بریتی بون لە چالاکی لیژنەکانی ناوخۆی رێکخراوی نەوجەوانان‌و بەشی وێنەی فوتوگرافی لە مەڵبەندی چاودێریٚ زانستی کە بەرێز عبدالقادر محمد امین سەرۆکی لقی یەکێتی لاوانی گشتی سلێمانی لە ئاهەنگی کردنەوەیدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کارگێرانی لاوان ئامادە بوون

چاپکراوی نوێ

پەرستگا

لە چاپکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری‌و بلاو کردنەوەی کردنەوەی کوردی کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆك نوسی کاك عبداللە عزیز خالد دەرچوە بە ناونیشانی پەرستگا کە ناونیشانی یەکێك لەو کۆمەڵە چیرۆکەیە لە بەرهەمەکاندایەو ئەوەی شایانی باسە ئەمە سێ‌یەم بەرهەمی چاپکراوی چیرۆك نووسە .

ژمارەیٚ تایبەتی رۆژیٚ کوردستان

گۆڤاری رۆژی کوردستان ، کە کۆمەڵەیٚ رۆشنبیری کوردی لە بەغدا دەری دەکا، ژمارەیەکی تایبەتی بە شانۆو چیرۆکی کوردی دەرکردوە کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو رەخنەگرەکانی ئەم دوو بابەتە ئەدەبیە بەشداریان تیا کردوەو ژمارەیەکی نموونەیی‌یەو هەنگاویکی پێشکەوتوە لە رووی ژمارەیٚ تایبەتی رۆژنامە نووسیەوەو ئەم ژمارەیە بە چاپێکی هونەری سەرکەوتوو دەرچوە .

رێزیٚ نان بگرن

کۆمەڵە نوسینێکی « هیمن »ی شاعیرە کاك ئەسعەد عەدیٚ کۆی کردوونەتەوەو لە چاپی داون ئەم بەرهەمانە کاتی خۆی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاو کراونەتەوە .

جیهانی منداڵان

شیعری منداڵان

هاوڕێیەتی

فاروق فتاح

دوو قوتابی خۆشەویست
ئاشتی خوازو شەڕنەویست
لە هەموو شت گرنگتر
بووبوون بەهاوڕێ‌یەکتر
یارمەتی یەکیان ئەدا
پشتی یەکیان بەرنەدا
کاتی خوێندنی وانە
لەپۆلدا ئەو دوانە
پێش هەموو کەس هەڵ ئەستان
لە تەختە رەش نەترسان
تەختەرەشیان ئەنەخشان
سەربەرزیە تێکۆشان
ئێمە پیاویٚ دواڕۆژین
بەرەوپێشی دەبەین ژین
کۆمەڵی کوردەواریٚ
پێش‌خەین بەزانیاریٚ

لە کۆتای پشوی هاوینی رابوردودا وا رێکەوت چەند جارێك ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو گۆڤاری بەیان‌و رۆشنبیری نوێ لە دەزگاکەمانەوە لە بەغدا گەیشتە نوسینگەیٚ سلێمانی بۆ ئەوەی بە دیاری لەناو پارێزگاکەماندا دابەشیان بکەین ، بەڵام گویزانەوەی ئەو گۆڤارانە لە خوارەوە بۆ ناو نوسینگەکەمان پێویستی بە هەرەوە زێکی خۆمان دەکرد .. .. .. کەچی کۆمەڵێك منداڵان کە بە رێکەوت ئاگاداری گەیشتنی ئەو گۆڤارانە بوون خۆیان داوایان کرد کە هەرەوەزو هاریکاریمان بکەن ... ئەمەش لە ناو خۆیاندا بەدەم پێکەنین‌و هەنسکە برکێ‌و ماندو بونەوە بوو بە چەشنە پێش‌برکێ‌یەك کە هێندەی نەبرد کارەکەیان بێ جێ‌بەجێ کرد ....

سوپاس بو ئەو منداڵانەی کە بەپێی توانایان یارمەتی گەورە دەدەن ، بە تایبەتی بۆ ئەم کۆمەڵە منداڵانە کە لە دوا قوناغی دابەش کردنی ئەم دوو گۆڤارە کوردیانەدا هەڵوێستی خۆیان پیشان دا.

فریا عبداللە حسین
نوسینگەی سلیمانی

چیرۆك بۆمنداڵان

خۆشەویستیی نیشتمان

ئامادە کردنی :
بەهادین جەلال

کۆمەڵە ماسی‌یە بەبەکەوە لە سوچێکی قولیٚ دەریایەك دەژیان .. یەکێکیان کە زۆر بچوك بوو رووی لە ماسی‌یە گەورەکە کردو ووتی : بۆچی ئەچینە دەرەوەو کەمێك بای باڵیٚ خۆمان بدەین‌و لەم دەریایە رزگارمان بێت .

ماسی‌یە گەورەکە هاتە وەڵام‌و ووتی : دەریا نیشتمانی ئێمەیە .. هەرکەسێك لە نیشتمانی خۆی یاخی بێت رووی رەش دەبێت‌و نەفرەتی لێ‌دەکرێ .

ماسی‌یە بچوولەکە تۆزێك خۆی لە ئاوەکە بەرز کردەوەو سەیرێکی ئاسمانی کردو چەند باڵندەیەکی بینی کە بە ئاسمانەوە ئەفرین . یەکسەر هاتەوە ژێر ئاوەکەو بە ماسی‌یە گەورەکەی ووت ! چەند حەز دەکەم ببم بە باڵندەیەك‌و لەم ئاسمانە پان‌بەرینەدا بە سەربەستی هەڵفڕم .

ماسی‌یە گەورەکە ! ئاسمان نیشتمانی باڵندەکانە . تۆ دەریا نیشتمانتە . ئەگەر هەموو باڵندەکان ئاسمان جێبێڵن‌و بێنە نێو دەریاوە بێ‌گومان دەخنکێن .

شەو داهات ، ماسی‌یە بچولەکە سەیری ئەستێرەکانی ئاسمانی کرد کە دەدرەوشانەوە زۆر حەزی دەکرد ئەویش وەکو ئەستێرەیەك بوایەو لە ئاسمان بدرەوشایەوە . رووی کردە ماسی‌یە گەورەکە ووتی : حەز دەکەم ببم بە ئەستێرەیەك لە ئاسماندا . ماسی‌یە گەورەکە پێی ووت: بیرم لەم قسانە مەکەرەوە ، مەکەرەوە ، دادت نادات . لە نیشتمانەکەی خۆتدا شوێنی وا جوان‌هەیە کە زۆر لە زیندەوەرانی سەرزەوی بۆی سەودا بوون .

چاوی ماسی‌یە بچووکەکە چووە خەوەو . لە خەویدا ببوو بە باڵندەیەك‌و دووباڵیٚ بۆ رەخسابوو . کە لە خەو راپەڕی بریاری‌دا دەریا جێ‌بێڵێ بۆیە تا هێزی تێدا بوو تەکانی بە خۆیداو هەڵبەز هەڵبەزی بوو لە ناکاوێکا باڵندەیەك هات دانی لێ‌گیر کردو یەکسەر هەڵی‌لوشی .